گاتا

سرووده پیرۆزەکانی
زەردەشت

تەرگومان و درویێنەکردنی
بابان سەقزی

به ناوی ئەهۆرا مەزدای دلۆڤان

چاکە تۆیی، ئەی ئاگری خاوێن..!
ئەی گەورەترین بەخشێنراوی ئەهۆرا..!
ئەی بڵێسەی سوور، کە بایەخی پەسنیت..!
لە بەرت ڕادەوستم بۆ پاڕانەوە.
ئەی ئەهۆرا..!
هێوەری و هێمنی و دڵنیایمان پێشکەش بکە،
فرەیی ڕۆژیی،
پاکی و ڕاوەستان لە سەر باوەڕ،
زبانی بێگیر و دەنگی خۆشمان دەیە و پاشانیش زانست،
زانستێ کە بەرەو ژیانێکی چاک ڕابەریمان بکات.
ئەی ئەهۆرا..!
باشترین ئاکار و دلێری و جەنگاوەری و بەهێزی و زارۆڵەی وەکار و چاکمان بدەرێ،
تا ڕێگای دۆستایەتی و ئاشتی و زانست و
بیر و گوتن و ڕەوشتی چاک تێ بکۆشین،
گیان و ڕەوانمان بەدی بێنە،
تا باکمان نەبێ و
دڵمان هێوەر و هێمن بێت،
تاکوو ڕێگای پاکی و یەکێتی بگرینە بەر.
ڕێز و سپاس بۆ تۆ ئەی ئاگری ئەهۆرا..!
سپاست ئەکەین بۆ ئەم گڕ و پرشە و ڕووناکییە کەوا بۆ ئێمە ئاشکرایە،
هێزمان دەیە تا خاوێنترین هزر و چاکترین وتن و ڕێکترین ئاکارمان هەبێت،
یارمەتیمان بدە تا بەرهەڵستی پیسی و ناڕاستی بدەینەوە و لەتەکیدا بە جەنگ بێین،
ڕەوانی ئێمە، لە پیسی و ڕێگای بێئاکام بپاڵێوە،
تا بە ئەو پەڕی باوەڕ ئەهۆرای مەزن بپەرستین.

شەوێکم دی، مریەم بۆ عیسا ئەگەڕا
شەوێکم دی، خەلیفەکان بۆ پێغەمبەریان ئەگەڕان
منیش چەپکێ گوڵە گڕم کردە دیاری و
لە دەوری زەردەشتم گێڕا
لەتیف هومەر

پێشەکی

کورد و ئایین

نیشتمانی ئاری بە گشتی و میزۆپاتامیا (مەزرۆ بۆتان) بە تایبەتی، نیشتمانێکی پڕ لە فەڕ و پڕ لە داهاتی جۆراجۆرە، کە مرۆڤ وابەستەی خۆی دەکات و ناتوانێت دەستبەرداری بێت. نیشتمانێکە، پڕە لە جوانی و ئەڤینی مەزدا ئەهۆرایی بە وێنەی ئەو بەهەشتە بەرین و ڕازاوە و شیرینە، کە لە ئایینەکانی سامی باسی لێکراوە.

بە درێژایی مێژوو ئەم نیشتمانە جێگەی حەوانەوە و داڵدەدانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی بووە. بە هەزارها کانی و سەرچاوەی ئاوی شیرینی لێ هەڵئەقوڵێت و بە چڕوپڕی هەموو جۆرە دیارییەکانی پەروەردەگاری تیا دەبینرێت، کە بە خەڵات بۆ مرۆڤی دروست کردووە. لە هەمانکاتدا لێوالێوە لە ئەفسانە و داستان و دیرۆکی هەمە جۆر، کە مرۆڤی ئەمڕۆ دەخاتە ئەندێشەی بێسەر و بن و بێکۆتایی و گەڕیان و پشکنینەوە.

هەروەها سەرزەمینی میزۆپاتامیا یەکەم مالۆچکەی ژیان و خۆشەویستی تیا هەڵچنراوە و دیرۆک و کەسایەتی مرۆڤی ئاریایی پاراستووە. لەم نیشتمانە قەشەنگ و ڕەنگینەی کورد دا جۆرەها دین کە بەدیهێنەری مرۆڤ بووە هاتوتە ئاراوە.

هەر لە دەستپێکی دیرۆک، کوردستان مەزنترین و پڕپێزترین سەرچاوەی هزری مرۆڤایەتی و فەرزانەیی بووە. پێش لە هاتنی ئایینی زەردەشت «بەهدینی» باوەڕ و دینی فراوان لە ناوچەکەدا باو بووە، ئەفسانە و چیرۆک و داستان و ڕاز و ئەستورەکان دەوری گرینگیان لە رامان و هزری دانیشتوانی نیشتمانی کوردستان بینیوە. بەم هۆیەوەیە کە هەر دینێک تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی و جوگرافیایی دیاریکراوی خۆی هەبووە، بۆیە خودبەخود لە هۆکارەکانی هزریی و داب و نەریتەکانی باوی ناو کۆمەڵگای سەردەم نیشانە و کاریگەریی وەرگرتووە.

کە وابوو هەر ئۆلێک لەگەڵ تایبەتمەندی و هۆکارەکانی دەوروبەری خۆی و میراتی کۆمەڵایەتی زێدی خۆی، ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە. دەتوانین بەم شێوە بێژین: نیشاندەری تایبەتمەندی ئەو ژێنگەیە کە لە نێو ئەودا هەستاوە، نرخاندنی هەر دینێک، چەشن و چۆنیەتی پێوانەی کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتەیە کە پشتاوپشت بە وچەکانی گەیشتووە.

خۆی بە هەڵسەنگاندن و بەراوەردکردنی ئەو هۆکار و تێگەیشتن و ئەرزش و بەهاکانە، کە دەتوانرێت شێوەکانی ڕەوشت و پەیوەندیەکانی مرۆڤایانەی کۆمەڵگاکانی جیاواز شیرۆڤە بکرێت. بۆ نموونە تایبەتمەندی خودای هەر ئۆلێک لەتەک ئەوی دی، جیاوازی فرەیان هەیە.
ئارمانجی سەرەکی ئەو ئایینانە کە پێش هاتنی دینی زەردەشت هاتن ئەوە بوو کە مرۆڤیان بۆ سەدان ساڵ بەرەو نەزانی و تاریکی ڕاپێچ کردووە و هەر یەکەشیان لایەنگیر و پاڵپشتی خۆی هەبوو. دەستەڵاتداران تێر و خاوەن فەرمان بوون، هەموو هەژاران و بێدەرەتانانیش، کۆیلە و دیل و ملکەچی ئەو داب و ئایین و نەریتانە بوون کە بە سەریاندا ترس و مەرگیان سەپاندبوو و لە ژێر باری گرانیدا دەیان ناڵاند. بەندەی دەستەوسانی خواکانی ئەو ڕۆژگارە ڕەشانە بوون، کە زۆردار و خاوەن هێز و ساماندار، «خوا» بووە و فێڵبازانیش دام و دەستەی سەرکوتکەر و چەوسێنەر بوون.
تاکوو زەردەشت بە زانایی و بیردۆزی خۆی، هاتە گۆڕەپانی خەباتەوە و دژیان ڕاوەستا و ئاگری پیرۆزی خۆی هەڵگرساند، ئاگرێک بۆ ڕووناککردنەوەی پێش چاوی ئەو مرۆڤە ستەمدیدە و کۆیلانە، کە ملکەچی خوداوەندە جۆراجۆرەکانی باوی ئەو سەردەمە بوون، کە لە پچوکترین مافی خۆیان بێبەش بوون.
ئۆلی زەردەشت جیاوازییەکی فرەی لەتەک ئۆلەکانی تردا هەبووە. بڕوای تەوای بە بوونی ئەهۆرا مەزدای تاک و تەنیا بووە، کە یەگانە ئافەریدەگار هەستی و گەردوون و زەوی و ئاسمان و گیانلەبەر و جیهانی ئەنبوژەنی و مینەڤییە. هەر ئەویشە کە بەدیهێنەری شادی و بەختیاری مرۆڤە، کە تورە نابێت و ئازاری هاوڕێی (مرۆڤ) خۆی نادات، ڕک و کینەی لە لا نییە و داوای بەرتیل و قوربانییان لێ ناکات.
لە بەر ئەمانە بوو زەردەشت، نەیاری زۆر زوو بۆ پەیدا بوو. بە هەموو شێوەیەک ویستیان لە ناوی ببەن و ڕێگەی لێ بگرن و بیشێوێنن و نەهێڵین گەشە بکات، سەدان جۆر ناونیتکە و بانگەشەی ناجۆر و ناڕاستیان بۆ هەڵبەست و دژایەتیەکی خەست و خۆڵی دوژمنانەی یارانی زەردەشتیان کرد، کە ئەویش بە هۆرە و فەرموودە شیرینە پڕ بایەخەکانی، بەرپەرچی نەیارانی دەدایەوە.

چۆنیەتی سەردەمی زەردەشت

زۆر گرینگە کە مرۆڤ هەست بە گرینگی ڕاپەڕین و بەرخۆدانی زەردەشت لەو چاخ و سەردەمە بکات. بۆ ئاشنایی بە چۆنیەتی و شێوەی بارودۆخی ئەو سەردەمە و ئەرزشی ئەو ڕاپەڕینە لەگەڵ کاوییەکان و کەرپانەکان و جادووگەران کە لە نێو ئایینەکانی میتراپەرستی و مێهرپەرستی و زەروانیسم خۆیان دەبینیەوە و هەروەها ئەرزشی هەوڵ و کۆششەکانی زەردەشت بۆ لابردنی پاوەن و زنجیرەکانی کۆیلەتی ڕەنجبەران و شوان و گاوان و ڕەشایی، وامان لێ دەکات کە لە نزیکترین ڕێگەوە بگەڕینەوە بۆ ئەو سەردەمە، زەمانی زەردەشت، بەم جۆرە مرۆڤ دەتوانێت لە ئاستی بەرزی پەیامهێنەری زەردەشت تێ بگات.

پێم وابێت پێویستە سەرەتا کەمپیوتەر و تەلەڤیزیون و ڕادیو و مۆبایلەکانمان بکوژێنینەوە و سیمی تەلەفۆنەکانمان دەربهێنین و پەردەکان دابەینەوە و چاوەکانمان ببەستین و دوای ماوەیەک بێدەنگی بە ئەندازەی پێویست، بە هەموو هێز و تواناوە مێشکی خۆمان چڕ بکەین و هەموو ئەو زاگۆن و دەستوورانە و هێزی ئاسایش و دیاردە سوودمەدانەی زانست و کۆمەڵایەتی و هەموو ئەو ئەرزشە مادی و مینووییانە، کە بە لانی کەمەوە بە درێژای شەش هەزار ساڵ، لە گەلانی جیاواز بەدی هاتوون و گەشە و پەرەیان سەندووە، لە مێشک و ئەندێشەی خۆمان دەریان بهێنین. ئینجا، تەنیا مانگ و خۆر و ئەستێرەکان و زەوی دەمێنێتەوە لەتەک ڕووناکی و تاریکی، سەرما و گەرما، تێری و برسیەتی، ساخی و نەخۆشی، زەویەکی سەخت لەتەک ئاژەڵی جیاواز و دڕندە و درەختی، گەر گەنم و جۆیەکیش هەبێت ئەوە بە زەبری شان و پەنجە بە بار دێت.

مرۆڤیش بە هەمووی ئەمانەوە، مرۆڤێکی بێناسنامەیە و لە وڵات و خانووی خۆی غەریب و لانەوازە. دەیان خودای جۆراجۆر دەوریداوە، خۆ ئەگەریش نەبوایەتن ئەوە هیچ ڕووداوێک نەدەقەوما. لەم ناوە تەنیا چوارپێکانیانن کە دەوری سەرەکی بۆ سەرچاوەی ژیان دەبینن و پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی هەیە لە نێوانی زیندەگی مرۆڤ و ئاژەڵەکان. ئاژەڵەکان بە دوای ئاو و گیا و لەوەڕگای نوێن، لە دەشتێکۆ بۆ داوێنی کێوێک و لە شیوێک بۆ هەردێک. کاتێک بەفر بۆران دەکات، ژیانیش تۆف دەکات. کاتێک خۆر بەتین دەبێت، ژیانیش دەسوتێت و دەبێتە خۆڵەمێش. دەبێت مرۆڤ لەتەک سەرما و گەرما خۆی بگونجێنێت و لە بەردەم ڕەشەباشدا خۆڕاگر بێت. بە کورتی مرۆڤ دەبێت بە دەستی چۆڵەوە خۆی لەتەک سرووشتدا بگونجێنێت.

پیت و بەهرەیەک کە بە دەستی لانەوازان و هەژاران و ڕەنجبەران بە دەست دەکەوێت، زۆرینەی دەبێتە بەشی تاقمێکی زۆردار و ملهور و دەسەڵاتدار، کە ئەمانەش بۆ خۆیان نیوە یەزدان و خودایەک بوون. ئەم تاقمە بە سەر لەش و ڕەوانی کۆمەڵان فەرمانڕەوای دەکەن و خۆیان بە خاوەنی زەوی و ئاژەڵ و تەنانەت ئەو خەڵکەشی لە شێوەی نەبووانن، دەزانن. جادووگەران و کەرپانەکان و میران، ئەمانە هەر یەک بۆ خۆیان نیوە خودایەکن، هاوکات لەتەک بەرژەوندی

و نیازەکانی خۆیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، بە هێز و توانای یەزدانەکانیان زیاتر دەکەن. سەیر ئەویە هەر چی مەردم فرەتر هەژار و کلۆڵ و سەرگەردان و چەوساوەتر دەبن، ئەوە ترسیشیان کە ترسێکی دەستکردە، فرەتر دەبێت و دەستی جادووگەر و کەرپان و میرانیش ئاواڵەتر. ئەو ترسە هەموو لەش و مێشکیانی داگرتە.
چەواشەکانی کۆمەل، ترسێکی هەرە مەزنیان لە خوداکان لە مێشکی بەتاڵ و پووچی ڕەش و ڕووتان بەدی هێناوە. جەنگی خوداکان لەتەک یەکدی بە خۆیان و گەردوونەکانیان لە ئاسماندا، مێشکی خەڵکی هەژاری دەلەرینێتەوە، ئینجا با بەڵێن و گفتی خوداکانیش با بمێنێت، کە لە ڕێگای کەرپانەکانەوە پەڕ و باڵی پێ دەدرێت. هەژارانیش بەو هیوایەن کە گۆشایشێک لە دەرد و ئازاری هەژاریان بەدی بێت. کەس توانا و بوێری ئەوەی نییە کە گلە و گازەندەی خۆی ئاڕاستەی خوداکان بکات، نەوەک هەتاو هەموو شتێک بسووتێنێت و یان بەفر و سەرما، ڕەقیان بکاتەوە و یان نەخۆشین خۆیان و ئاژەڵ و مەڕ و ماڵاتیان لە ناو ببات...
نەزانی و گێلی پچووکترین ڕێگا بە بیرکردنەوە و کات بۆ زانست نادات. کەرپانەکانیش بۆ زل نیشاندن و مەزنبوونی دام و دەستگای خوداکانیان، گەرەک بوو کە مەردوم قوربانی بکەن، تەنانەت چاوپۆشیان لە گای لاواز و لاتی شوانی هەژار و کلۆڵ، یا کۆچەرێکیش نەدەکرد. لە قوربانگای خوێنئاوی و پڕ لە مێش و مەگەسەکانیان، ئاژەڵەکان بە خاک و خوێن دەکێشرێت. سەیر ئەوەیە هەرچی هەژاری و بەلەنگازی و نائومێدی خەڵک فرەتر دەبێت، نیازیشیان بە خوداکان بەرچاوتر و زەقتر دەبێ...
ئینجا بیهێننە بەر چاوی خۆتان لە ناو ئەم هەل مەرجە، مرۆڤێک بێت و داوای گۆڕاندن و وەرچەرخانی بنچینەیی ئەم هەموو ناڕاستییانە بکات و بیەوێت کە نرخێکی نوێ، دیتنێکی نوێ، رامانێکی نوێ و جیهانێکی نوێ بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی بەدی بێنێت. لەوانەیە، بەمجۆرە لە سەردەم و کات و بار و دۆخی هاتنی زەردەشت تێبگەیین.

زەمانی هاتنی زەردەشت

خۆی دیرۆک و زەمان و سەردەمی هەموو ئایینهێنەرانی مەزنی جیهان، تەنانەت مێژوو و بەسەرهاتی ژیانیشیان بە کەمێک ئەملا و ئەولا دیار و ڕوونە، سەدان بابەت و پەرتووک و دەیان دەق و بەڵگەنامەیان بۆ پەیدا کردووە و دەیان کورتە فیلم و فیلمی درێژ و شانۆ و مۆسیقایان بۆ دروست کردووە و بۆیان دروست دەکەن، بەڵام تەنیا و تەنیا زەمان و بەسەرهاتی «زەردەشت»ی ئێمەی کوردان بە لەناوچوون و سووتانی دەفتەر و نووسراوەکانمان، کەوتووەتە ناو تەم و مژی گومان و لایەنی ئەفسانەوە و ڕەنگی چیرۆکی بە خۆیەوە گرتووە. کارێکی ئاوایان بە سەر هاوردوە کە مەگر کەمتر کەسێک لە زمانەوان و مێژووناس و ئایینناس بیانی، ئەویش بە مەزنی خۆیان، شتێکیان بۆ نووسیبێت. هەر چەندەش، کاتێک مرۆڤ سەرنجی بابەتەکان دەدات، جیاوازی و ناکۆکییەکی فرەی دەکەوێتە بەرچاو، کە خوێنەر تووشی سەرلێشێوان و سەرگەردانی دەبێت. بۆیە زەمانی هاتنی زەردەشت بە چەندها شێوە باس کراوە.

یەکەمیان: زەمانی زەردەشت بۆ 700 ساڵ پێش زایینی (مسیح) مەزەنە کراوە.

دووهەمیان: زەمانی زەردەشت بۆ 1800 ساڵ تا 2000 ساڵ پێش زایین بەراوەرد کراوە.

سێهەمین: زەمانی زەردەشت بە 6000 ساڵ پێش زایین زانراوە.

ئێستاکە بۆ چوونێکی تازە هاتووتە ئاراوە کە پاڵ لە 30 هەزار ساڵ دەدات.

کاتێک سەرنجەی ڕووداوەکان و بەیەکدادان و کێشەکانی سەردەمی ئاشوورییەکان و بابلییەکان و خوداکانیان یا دوای لەناوچوونی دەستەڵاتیان دەکەین، هیچ کاریگەری و نەخشێکیان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە سروودەکانی گاتا بەدی ناکرێت. ئەمەش بە واتەی ئەوەیە کە زەمانی زەردەشت زۆر پێشتر لە هەبوونی ئاشوورییەکان و بابلییەکان بووە. کە واتە، زەمانی 700 تا 1500ساڵ پێش زایین بە مسۆگری لەتەک زەمانی زەردەشت ناگونجێت.

بێگومان کاتێک مرۆڤ سەیری ئەو پەرتووک و بابەتانە کە لە بارەی زەمان و سەردەمی زەردەشتەوە نووسراوە دەکات، دەمارگرژی و هێندێک لایەنی کەلەڕەقی و نەیاریەتی ئایینی و ڕەگەزی و رامیاری دەبینێت. لە هەمان کاتیشدا چونکە زەردەشت یەکەمین پەیامبەر و ئامۆژگار بووە کە شێوە و چۆنیەتی یەکتاپەرستی و یەکتاناسی لە ناو ئافراندنی هەستی و هەروەها داهێنەری هەڵبژاردنی هزری ئازاد و رامان و ئەندێشەی چاکە و خراپە لە ڕەوشت و فەلسەفەی بنیاتی ویژدان و سرووشت بووە، بۆیە لە رامان و ئامۆژگاریەکانی ئەو هەموو دینەکانی گەورەی سامی وەک «جوولەکە» و «فەلە» و «ئیسلام» و هەموو قوتابخانەکانی فەلسەفی یۆنان پێش لە «سوقرات» و دوای سوقراتیش،زۆربەیان بە بێ ئەوە دیانیان پیا نابێت و بێ ئەوە ئاماژە بۆ سەرچاوەکەی بکەن، بە کاریان هێناوە. بۆیە پەیڕەوان و لایەنگیرانی ئەو

ئایینانە لە تەم و مژاویکردنی رامان و ئەندێشە و زەمانی زەردەشت کەمیان نەکردووە و دەوری باڵا و کاریگەریان بینیوە.
نووسەران و زانایانی یۆنانی باوەڕیان وایە کە زەردەشت پێش 6000 ساڵ پێش زایین بووە.
«ئیکسان توس» (1) کۆنترین نووسەری یۆنانییە کە ناوی زەردەشتی هێناوە. ئەم نووسەرە لە سەدەی پەنجی پێش زایین ژیاوە و نووسەرانی دیی لە گوتەکانی ئەو ئادیان کردووە.
«دیوژنس لارتیوس» (2) خەڵکی یۆنان و لە ساڵەکانی 210 پێش زایین، بڕێک بابەتی لە «ئیکسان توس» هاوردە و زەمانی زەردەشتی لە دوو بەڵگەی دەستنووسدا بە 6000 ساڵ نووسیویە. لە نوسراوەی «دیوژنس لارتیوس» ژمارەی 6000 ساڵ بە دو هۆ پڕبەهایە، یەکەم ئەوە کە لەتەک گوتەی شاگردەکانی «ئەفلاتون» و زانایانی دی کە لە خوارەوە ناویان دێت، بە چاکی گونجاو و جۆر و سازگارە. دووهەمیش «دیوژنس لارتیوس» بێجگە لە نووسراوەی «ئیکسان توس»، گوتەیەکی دی لە «هەرمودوروس» (3) شاگردی «ئەفلاتون» ناو دەبات کە بە گوتەی ئەو زەمانی زەردەشت، 5000 ساڵ پێش لە جەنگی «ترویا»(4) دەزانرێت. لەم گوتانە ئاوا دەر دەکەوێت کە مەبەستی «دیوژنس لارتیوس» لە 6000 ساڵ پێش لەشکەرکێشی «خەشایارشا» بۆ یۆنان، ئەوە ئاماژەیەکە بۆ زەمانی زەردەشت. چونکە سوپای «خەشایارشا» کە لە بەهاری ساڵی 480 پێش زایین بۆ «ساردگرد» هاتبوون، کە وابوو زەمانی زەردەشت دەگەرێتەوە بۆ ساڵی 6480 پێش زایین. لە لایەکی دی چونکە گرتنی «ترویا» بە دەستی یۆنانیەکان لە ساڵی 1184 پێش زایین زانراوە، کە وابوو بەم ژماردنە، زەمانی زەردەشت لە ڕووی گوتەی «هەرمودوروس»، 6184 پێش زایین دەبێت. هەروەها کە دەبینرێت لەم دوو بابەتە کە کەمێک ناسازگاری دەبینرێت، بەڵام نیشاندەری زەمانێکن کە مەزنەی 6500 ساڵ پێش زایین نیشان دەدەن.
«ئەفلاتوون» فەرزانەی ناوداری یۆنانی بووە کە لە ساڵی 429 پێش زایین لە دایک بووە و لە ساڵی 347 مردووە. پەرتووکێکی بە ناوی «ئالکیبیادس» (5) هەیە. شاگردەکانی ئەو لە ژێرنووسەکانی لاپەڕەکانی ئەم پەرتووکە تێبینی خۆیان نوسیوە، زەمانی زەردەشت بە 6000 ساڵ پێش مەرگی ئەفلاتون زانیبووە. ئەم شاگردانە بریتی بوون لە «ئەرەستو» یا «ئارستاتاکیس»، «ئەودوکسوس» (6) و «هەرمۆدۆرووس» (7). گوتەکانی ئەم زانایانە لە پەرتووکی نووسەرانی تر بە جێ ماوە، لەوانە «پلینیوس» (8) کە ڕۆمی بوو بە «پلینیوسی مەزن» دەناسریا، لە ساڵی 23 پێش زایین لەدایک بووە و لە ساڵی 79 زایینی مردووە. پەرتووکێکی مەزنی لە دوای خۆی بە جێ هێشتووە بە ناوی «دیرۆکی سروشت» (9). «پلینیوس» لەم پەرتووکە دەنووسێت «ئەودوکسوس» و «ئارستاتالیس» زەمانی زەردەشت بە 6000 ساڵ پێش ئەفلاتوونیان داناوە. هەروەها دەبێژێت کە «موسا» چەند هەزار ساڵ دوای زەردەشت هاتووە.

پلوتارخۆس (10) یا «پلوتارک» خەڵکی یۆنان بوو و لە ساڵی 46 زایینی لەدایک بووە و لە ساڵی 125 زایینی مردووە. پلوتارک زەمانی زەردەشت بۆ 5000 ساڵ پێش لە جەنگی ترویا باس دەکات.
«تئیۆپۆمپوس» (11) لە لاپەڕەی 20 پەرتووکی (پێش گوتارێک لە سەر ئاڤێستا) بەرهەمی «هالێز»ی فەرانسەویی (12) کە «پ. ئا. وادیا» بۆ زمانی ئینگلیزی وەریگێڕاندووە: «تئۆپۆمپوس» خەڵکی «خیوس» (13) بووە، زەمانی زەردەشت بە گوتەی «ئەوسوکسوس» هاوبیر بووە لەوە کە ئایینی زەردەشت پێش لە ئایینی «ئەگوپت» میسریەکانە.
«سوئیداس» (14) سوئیداسی یۆنانی لە ساڵەکانی نزیک بە 970 زایینی ژیاوە. فەرهەنگێکی لێ بە جێ ماوە کە ناوی زۆربەی بەناوبانگانی ڕۆژگاری سەردەم و ڕابردووی تێدا بووە. لەم پەرتووکە لە دوو زەردەشت ناو دەبات. یەکێکیان زانایەکی «میدیایی» بووە کە 5000 ساڵ پێش جەنگی «ترویا» ژیاوە و ئەوەی دیکە ئەستێرەناسێک بووە کە لە زەمانی «نینوس» بووە. «نینوس» هاوسەری «سەمیرامیس» بووە کە لە چیرۆکەکان ناوی شاژنی «ئاسور» یاد کراوە و باژێری «بابل»یان لەو زانیوە.
«بارۆن بونسێن» (15) زانای ئاڵمانی «بارۆن بۆنسێن» لە پەرتووکی خۆی بە ناوی (شوێنی میسر لە ناو دیرۆکی گشتی) (16) زەمانی زەردەشتی میدیایی بە 6500 ساڵ پێش زایین دەزانێت. ئەم پەرتووکە کە لە ساڵی 1859 ، زانای ئینگلیزی «چارلز کاترێلس» بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەرگەڕاند.
«ڤولتێر» (17) «ڤەلتێر، ولتێر»ی فەرانسەویی بەڕێز و مەزنی ناوی «زەردەشت»ی هێناوە و زەمانی زەردەشت بە پێش لە 6 هەزار ساڵ پێش «گوروش» باس دەکات.
«سپەنسەر» (18) یەکێک لە زانایانی هێندە کە لە پەرتووکی «چەرخەکانی ژیانی ئاریاییەکان» (19) کە لە ساڵی 1965 لە «بەمبەئی» چاپ کراوە، لە سەر لێکۆڵینەوەکانی خۆی لە سەر بنەمای ئەستێرەناسی، زەمانی زەردەشت بە 7129 ساڵ پێش زایین دەزانێت.
بەڵام بۆ یەکەمجار کە «چین»یەکان، ناوی زەردەشتیان هێنا بێت، لە ساڵەکانی 571 یا 545 پێش زایین لە بیستویەکەمین ساڵی دەورانی دەستەڵاتداری «لینگوانگ» ئەمپراتۆری چین بووە. پەرتووکێک نووسراوە (20) کە ئاماژە بۆ زەردەشت و ئامۆژگارییەکانی دەکات کە بە زانایەکی مەزنی وڵاتی میدیایی دەزانن کە توانی ئایینی خۆی سەقامگیر بکات. دەورانی پاتشایەتی «لینگوانگ» هاوکات بووە لەتەک لەدایکبوونی فیلسوف «کۆنگفوتسن» یا «کونفوسیوس» لە ساڵی 551 یا 552 پێش زایین لە چین. سەرەتا دینی بەهدینییان بە نێوی «پایهۆئۆ» (21) ناسیوە کە بە واتەی «ئایینی ئاگر»، بەڵام لەدوایدا لە پاش ناسینی زۆرتری ئایینی بەهدینی، دەگۆڕدرێت بۆ ناوی «تاۆ کۆان» (22) بە واتەی «ئایینی ئاسمانی».
بۆ ئاگاداری فرەتر، «بودا» لە ساڵی 560 یا 563 پێش زایین لەدایک بووە و لە ساڵی 480 یا 483 پێش زایین مردووە. هەروەهابە گوێرەی دەقەکانی «تەورات» و ساڵنامەی

جوولەکەکان، لەدایکبوونی «موسا» لە ساڵی 1392 پێش زایین زایین بووە و لە 80 ساڵی بووە بە پەیامبەر. «ئیبراهیم» پەیامبەریش لە 1815 پێش زایین بووە. «نوح» پەیامبەریش لە ساڵی 2705 پێش زایین ژیاوە. کە وابوو مەزەنە دەکرێت، زەمانی زەردەشت نزیک بە 4000 ساڵ پێش ئەم پەیامبەرانە بووە. بێجگە لە «موسا» شوێنگەی لەدایکبوونی زۆربەی پەیامبەرانی سامی، نیشتمانی کۆنی کوردان بووە، لە مێژوودا ئێمە نابینین کە پەیامبەرێک لە ئەرورپا یا ئافریقا یا لە ئەمریکا هاتووبێت، زۆربەیان لە مەزرۆبۆتان (میتسوپاتامیا) لەدایک بوون و گۆڕ و شوێنگەشیان بە ناوی خۆیانەوەیە ئێستا لە کوردستان ماوە.

«نیولی» یەکێکە لە ناوداران و سەرشناسەکانی قوتابخانەی ئیتالی، پەرتووکێکی بە ناوی (زەمان و نیشتمانی زەردەشت) (23) نووسیوە، کە مرۆڤ لەم پەرتووکە، بە پتربوونی بیر و ڕاکان پەی دەبات کە چەندە بۆچوونی جیاواز هەیە.

هەروەها نووسەرێکی فارس بە ناوی «ذبیح بەهرۆز» پەرتووکێکی بە ناوی (دیرۆک و ساڵنامەی ئێران) نووسیوە کە لێکۆڵینەوەکی فرەی کردووە. باوەڕی وایە کە زەردەشت بۆ خۆی ئەستێرەناس بووە و داهێنەری ڕێکوپێکی ساڵی پڕ (کەبیسە) و بناغەی ژماردنی دیاری کردە. ئەو لەم پەرتووکە دەڵێت کە زەردەشت لە 1767 پێش زایین لەدایک بووە.

بنەماڵە و شوێنی لەدایکبوون و کۆچبەری زەردەشت

بابەتی شوێنی لەدایکبوون و کۆچی زەردەشت، وەک زەمانەکەی لە لای نووسەران جێگای مشت و مڕ بووە. تا ئێستا سەدان پەرتووک نووسراوە، (مەخابن نە بە کوردی) سەدان نووسەر کات و تەمەنیان بۆ تەرخان کردووە و هەر یەک بە توانای بیروبۆچوون و ڕوانگەی هزری خۆی زەمانکیان بۆ دیاری کردووە.

زەردەشت لە دایک و باوکێک بە ناوی «دەخدۆ» (24) و «پورشاسپ» (25) لە دایک بووە. نازناوی خانەدانی زەردەشت «ئەسپێنتمان» (26) کە بە واتەی «سپیڕەگەزە»ە.

بە بڕوای نووسەری کوردی کرماشانی «عمادالدین دەوڵەتشاهی» خودی واژەی زەردەشت، «زەرەثاوشەتەرئائی» (27) بەو واتەیە، کە «زەرە» بە مانای «زێڕ» و تیشکی تەڵایە، «ثاویانتا» بە واتەی «تابان» یا درەوشانەوە، «وەشەتەر» بە مانای بارین و «ئائی» بە مانای «ئایی» یا «هاتن» هاتووە. لە زمانی هەورامی کۆندا دەکاتە «بارین و درەوشاندنی تیشکی زێڕینی ڕۆژ» گوایە ئەم ناوە لە دوایدا وەک نازناوێک بۆ زەردەشت بە کار هێنراوە.

منیش باوەڕم وایە کە ناوی زەردەشت نازناوێکە کە لە لایەن هۆگرانی زەردەشتەوە بۆ زەردەشت بە کار هاتووە. بە گوێرەی تێکستی گرانبەهای «پیر شالیار زەردەشتی» کە لە بەرهەمی پڕنرخی خۆی بە ناوی «ماریفەت» ناوی زەردەشت بە «سیمیار» ناو دەبات، دەفەرمێت

(گۆشت بڕوانە پیر شالیار بۆ

هۆشت جە کیاستەی زانای «سیمیار» بۆ)

(بە وتەی پیری شالیار گوێ بگرە و هۆشی خۆت بدە بە نووسراوەی سیمیاری زانا". فەرهەنگی دێهخودا. بەرگی 13. لاپەڕەی 665.) کە واتە بە گوێرەی بەڵگەکانی کوردی، ناوی ڕاستەقینەی زەردەشت، «سیمیار» بووە.

لە سەر کۆچبەربوونی زەردەشت لێکۆڵینەوەیەکی ورد و زانستی و بێ لایەنانە تا بە ئێستا نەکراوە، بێگومان هۆی تایبەت و دیاریکراوی خۆی هەیە. بەڵام بە گشتی دوو بیروڕا هەیە، یەکەمیان زۆربەی نووسەرانی بیانی بە تایبەت فارس پێ لە سەر ئەوە دادەگرن کە زەردەشت خەڵکی دەوروبەری «ورمێ» گوایە لە (غرب ایران)، ڕۆژهەڵاتی کورستان بوون و کاتێک کە کۆچبەر بووە بەرەو شاری «بەلخ» لە ئەفغانستان چووە، هەڵبەت بڕێک نووسەر بە بێ بەڵگە و بێ سەرچاوە، پێ لەوە زیاتر دادەنێن و دەنووسن زەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی ئێران «خۆراسان» لەدایک بووە و لەوێشەوە بۆ شاری بەلخ کۆچی کردووە و گۆڕەکەی لە شاری «مەزارشەریف» دایە. بە باوەڕی من کۆچی زەردەشت بەو جۆرەی کە بێگانەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، کە گوایە لە ڕۆژئاوای ئێران (کوردستان) بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئێران (خۆرئاسان) کۆچی کردە، لەتەک جەوهەر و فەلسەفەی دینی بەهدینی ناگونجێت. بەو واتەیە کە زەردەشت پشت لە کێشەکان بکات و بەجێیان بهێڵێت و وڵات و نیشتمان و کۆمەڵگا، بەو هەموو دەرد و بێچارەییە جێ

بهێڵێت و پشتیان لێ بکات، ئەمە لەتەک ئەوە کە ئامۆژگار و چارەسەریی دەرد و لەناوبردنی درۆ و بنبڕکردنی چەواشەیی و ئاواکردنی کۆمەڵگایەکی ڕاست و بەختیارە، ناگونجێت. بۆیە قەت بەو جۆرەی کە بانگەشە بۆ کۆچی زەردەشت دەکرێت و کوردستانی بەجێ هێشتبێت، ڕاست نییە. ڕاستە لە شوێنی لەدایکبوونی خۆی بەرەو خوارووی کوردستان کۆچی کردە، بەڵام نەک ئەونە دوور و بۆ هەمیشە غەریب بکەوێت و لە کێشەکانی نیشتمانی هەڵهاتبێت.

بەڵام بیری دووهەم کە لە ئەدەبیات و ئاڤێستای نوێ سەرچاوە دەگرێت و گومانشکێنە، شوێن و جێگای کۆچبەری زەردەشت دیاری دەکات. بۆ نموونە ڕەوانشاد «عمادالدین دەوڵەتشاهی» نووسەری هێژای کرمانشانی لە پەرتووکەکانی (چیاکانی نەناسراوی ئاڤێستا) و (ڕۆستەم و زۆراو بە زمانی ئاڤێستا) بە سەرچاوەگرتنی ئەدەبیاتی زەردەشتی «یەشتەکان»، شوێن و جێگای کۆچبەری زەردەشت بەم چەشنە دەستنیشان دەکات.

یەکەمجار زەردەشت پەنا دەباتە بەر زۆزانی «ئەوشێدرینە» (27) کە بە درێژایی مێژوو ئەم وشەیە بە چەشنی «ئاویدەر، ئاویەر» (28) لە هەریمی شاری «سنە» لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ماوەتەوە. پاشان زەردەشت لەوێشەوە دەڕوات بۆ چیای «هۆگر» (29) کە لە دوایدا دەبێتە چیای «هەژیر، هەجر، هەجیر» (30) ئێستا ئەم ناوچەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە "دینەوەر" بەناوبانگە. لەم شوێنەدا بەشی دووهەمی سروودەکانی گاتا بۆ زەردەشت داهۆنرا. کەی گوشتاسپ کە کۆشکەکەی بە ناوی «گەنگ شا» (31) ناو دەبریا و لە سەر چیایەک دروستی کردبوو، ئایینی ئەوی پەژراند، بوو بە گەورەترین پاڵپشتی زەردەشت و یارانی. ئەم شوێنە ئێستا لە باژێری «سەحنە»یە کە لەو سەردەمە بە «شاهیندژ، شاییندژ، ساییندژ» (32) بە ناوبانگ بوو. زەردەشت هەروەها ئاگرگایەکی (بە ناوی ئاترنۆش، ئاگرنۆش، ئاهیرنۆش، ئازەرنۆش) لە «باکتەریا» (33) دایمزراند. ئەم شوێنە لە دوای هەزاران ساڵ بە ناوی «پارسینە» لە هەریمی «دینەوەر»ی کرماشا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ماوەتەوە. پاشان باکتەریا گۆڕیا بە «باختەر» و ئەم گوندەش ئێستا ماوە. (ڕۆستەم و زۆراو بە زمانی ئاڤێستا، ل. 35 و 36".

نووسەر و زمانەوان «محمدامین هەورامانی» لە هەفتەنامەی «ئاویەر» لە ژمارەی 52 ساڵی 3 لاپەڕەی 12 باسێکی لە سەر ئاویەر نووسیوە کە جێگای سەرنجە: "لە ڕەواڵەتدا ئەم وشە ناساکارەیە «ئاویەر» وەها خۆی دەردەخات، کە فرە کۆن بێت! ئەگەریش وەها بێ، دەبێ بەم جۆرەی خوارەوە لێک بدرێتەوە واتە، وشەی «ئاویدەر» لە هەر دوو دۆخی لێکدانەوەدا لە دوو بەشی سەرەکی پێک هاتووە و ئەوانیش ئەوەی کە دەبێ لەم ڕووەوە بوترێ ئەوەیە کە فەرهەنگە پارسیەکان و جوگرافیاناسانیان هەوڵیان داوە کە سەرپاکی ناوە کوردیەکان بۆ زمانی پارسی وەربگێڕن و ئەمەش جۆرە کارێکە کە دەستی بە سنگەوە ناگیرێ و جۆرە تاوانێکی مێژوویی و جوگرافیایی و ئینسانیشە کە هەرگیز لە بیر ناچێتەوە! پاش ئەم لێکدانەوەیە دەبێ ئەوە لە یاد نەکەین کە ئاویەدەر یەکێک لەو جێگا پیرۆزانە بووە کە زەردەشت لە کاتی

هاتووچۆکردنی لە «شیز»ەوە بەرەو «لوڕستان» بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لە ئاویدەردا ماوەتەوە و ئەوجا بەشی دووەمی ڕێگابڕینەکەی گرتووەتە بەر کە لە هاتن و چوونەوە و گەڕانەوەدا ڕێگاکەی بە قەراغی «سیروان»دا تێپەڕبوە".
بە باوەڕی من گوندی بەڵخە ئێستا لە هەورامان لە سەر سنووری دەستکردی (ئێران و ئێراق) هەڵکەوتووە و ماوە. ئەم شوێنە سەردەمی خۆی باژێرێکی مەزن بووە و کۆشکی بە ناوبانگی کەی گوشتاسپی لێبووە، هەرچەندە ئێستا لە شێوەی گوندێکە و چەند ماڵێکی لێ ماوە، بەو مەرجە کە لە دوای داگیرکاری عەربە موسوڵمانەکان و هێرشی بێبەزیی مەغۆل و تاتارەکان و پاشان سەردەمی عوسمانی و ڕژێمی بەعس ئەم گوندە شتێکی وای لێ بە جێ نەماوە. ئەم گوندە لە نێوانی گوندەکانی «دەڕەی مەڕ، دەرکێ، هانەگەرمەڵە، ڕەشین و دزڵی» و شارەکانی «هەڵەبچە و مەریوان» هەڵکەوتووە. ئەگەر کورد کیانی خۆی هەبێت زۆر بە ئاسانی لە ڕێگەی شوێنەوارە دیرۆکییەکانی، ئەم ڕاستییە دەتوانێت بسەلمێنێت.

ئاڤێستا و زمانی ئاڤێستا

بیر و بۆچوونیش لەم بارەوە زۆر جیاوازە. زۆربەی نووسەرانی بێگانە باوەڕیان وایە کە ئاڤێستا بە زمانێک هۆنراوەتەوە کە ئێستا هیچ پاشماوەیەک لەو زمانە نەماوە و بە زمانی کۆن نووسراوە و لە زمانە مردووەکان دەدرێتە ژماردن. بەڵام باوەڕشیان وایە کە هێندێک وشە لە ناو زمان و زاراوەکانی ئاریزمانەکان ماوە، هەڵبەت ئەوان بە ئێرانی دەیناسن. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت تا ئێستا گەلی کورد هیچ دەرفەتێکی بۆ هەڵنەکەوتووە، وەک دەوڵەت یاخود وەک سازییەکی ڕێکوپێک لە ئاڤێستا و ئەدەبیاتی ئایینی بەهدینی لێکۆڵینەوە بکات. زۆربەی ڕووناکبیرانی کورد بە گشتی حەزیان لە خۆماندووکردن لەم مژارە نەکردووە.
بە باوەڕی من زمانی کوردی یەکێک لە دەوڵەمەندترین و کۆنترین زمانەکانی سەر گۆی زەوییە، کە دەیان زاراوەی جیاواز و ڕەنگینی هەیە. کاتێک مرۆڤ بەراوەردێکی سادە لە نێوان زمانی کوردی ئیمڕۆ و زمانی هۆرەکانی زەردەشت و ئەدەبیاتی پاش زەردەشت دەکات، ئینجا دەبینێت کە چەندە خۆڕسک نزیکییان هەیە بە یەکەوە. بەڵام گرینگتر ئەوەیە کە دوو زاراوەی سەرەکی زازایی و هەورامی زۆر سەیر لە واژە و ڕێزمانی ئاڤێستایی دەچێت و پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان بە یەکەوە هەیە، کە دەبێت پسپۆر و زمانەوانی کورد خۆی بۆ ساخکردنەوە و زانستی کردنی ئەم دیتنە تەرخان بکەن.
بە پێی مێژوو، دوای سووتاندنی گەنجینەی چەند هەزار ساڵەی ئاڤێستا بە دەستی «ئەسکەندەری مەکەدوونی»، کۆششێکی فرەی سەدان ساڵە کرا، تا کۆکردنەوەی بەشەکانی ئاڤێستا جارێکی تر بە دەستی پیران و مەوبدەکانی ئایینی بەهدینی لە سەردەمی ئیمپراتۆری ساسانی (کە هەورامی ڕەسەن بوون) بە ئەنجام گەیشت. بە گەواهی مێژوو ئاڤێستا تەنیا پەرتووکێکی دینی نەبووە، بەڵکوو خۆی لە خۆیدا فەرنووسار* بووە کە هەموو بەشەکانی زانستی سەردەمی لە خۆ گرتبوو. لەم کۆکردنەوانەدا بوو کە بڕێک لە بەشەکانی ئاڤێستا کە لەتەک باوەڕی مەوبدەکان یەکی نەدەگرت نەیان نووسییەوە و گوڵبژێری بابەتەکانیان لە 21 بەرگدا داڕشت. پاشان ئەم 21 بەرگەیان لە 3 بەشی جودا ئامادە کرد، کە هەر بەشەیان 7 بەرگی دەگرتە خۆی.
بەشی یەکەم: «گاثاکان» یا گاتاکان کە سروودەکانی خودی زەردەشت بوون، 6 بەرگەکەی دیکە ڕاڤەکردنەوەی گاثاکان بوو.
بەشی دووهەم: دادەکان کە 7 بەرگ بوو و لە بارەی داد و یاسا و چۆنیەتی دەسەڵاتداری و زانست و هونەر و پیشەکانی سەردەم بوون.
بەشی سێهەم: بابەتەکانی شایست و ناشایست و نیایشت و نوێژ کە لە 7 بەرگ داڕشترابوو.
ئاڤێستا بەم جۆرە مابوو تا هێرش و شاڵاوی عەرەبەکانی موسڵمان، کە بۆ جارێکی دی شیرازەی ئاڤێستا بە چەشنێکی جەرگبڕ تێک چوو. نووسەری عەرەب «ابن‌خلدون» دەنووسێت:

کاتێک وڵاتی ساسانییەکان کەوتە دەستی موسوڵمانەکان، گەلێک پەرتووکیان لە پەرتووکخانەکان کەوتە دەست سوپای ئیسلام. «سعدابن‌وقاص» نامەیەکی لەمەڕ ئەو پەرتووکانەی شاند بۆ «عمرابن‌اخطاب» لە «مدینە». لەم نامەدا «سعدابن‌وقاص» نووسیبووی و پێشنیاری وەرگێڕانی یا ناردنیان بۆ «مدینە» کردبوو، کە «عمر» لە وەڵامیدا نووسیبووی، ئەگەر ئەو پەرتووکانە شتی باش و ئامۆژگاری تێدایە، ئەوە «الله» قورعانی بۆ ناردین و پێویستیمان پێیان نییە و ئەگەریش بابەتی گومڕێی تێدا بێت، کە الله ئێمەی لێ بپارێزێت. بەم چەشنە جارێکی دی بەرهەم و سەرمایە و کۆششی هەزاران ساڵەی زانست و ئایینی ئێمەی کوردان لە ناو توونی گەرماوەکان سووتێندران.

گاثاکان، زەند، پازەند

ئاڤێستای ئیمڕۆ لە دوو بەش پێک هاتووە. بەشی یەکەم «گاثاکان» کە سروودەکانی خودی زەردەشتە و بە ئاڤێستای کۆن دەناسرێت. بەشی دووهەم ئاڤێستای نوێیە کە گوایە شاگردانی زەردەشت یان کەسانی دی لە دوای زەردەشتەوە تا کۆتایی ئیمپراتۆری ساسانی و پێش هاتنی سوپای ئیسلام بۆ کوردستان و ناوچە نووسیوویانە. ئەو بەشەی کە من خۆمم پێەوە خەریک کردووە، بەشە کۆنەکەیەتی کە بە گاتاکان بە ناوبانگە. گاتاکانی زەردەشت بریتین لە 17 هات (بەش، فصل). ئەم 17 بەشە خۆی لە 238 «سروود یا هۆرە» پێک هاتووە. هات بە ئاڤێستایی بە مانای کەرت، بەش و لەت هاتووە. هاتەکان ئەو هەڵبەست و هۆرە و سرووشانەن کە بۆ زەردەشت خۆی هۆنراوەتەوە. هاتەکانیش خۆیان لە 896 ڕستە یا دێڕ درووست بوون کە ئەوانیش بە گشتی لە 5560 واژە چێ بوون.

هاتەکان دابەش کراون بە 5 بەش:

1– «ئەهنوەگاثا» لە هاتی 28 دەست پێ دەکات و تا هاتی 34 کوتایی پێ دێت، لە 7 سروود پێک هاتووە کە بە «یەشتگاهان» دەناسرێت.

2– «ئەشتوەدگاثا» لە چوار سروود پێک هاتووە و لە هاتی 43 دەست پێ دەکات تا هاتی 46 کۆتایی پێ دێت.

3– «سپەنتومەگاثا» لە چوار سروود دروست بووە و لە هاتی 47 دەست پێ دەکات تا هاتی 50.

4– «سپەنتومەگاثا»

5– «وەهێشتوئایشتگاثا» هەر کام لەم سروودانە لە یەک هات دروست بوون کە بە هاتی 51 و هاتی 53 بە ناوبانگن.

بەڵام ئاڤێستای نوێ: سەرەتا دەبێت واتەی «زەند و پازەند»ی ئاڤێستا بزانین. گاتاکان سروودی زەردەشتە و بە درێژایی تەمەنی، هەوراز و نشێوی فرەی بە خۆیەوە دیوە. بە هۆی گۆڕانی زمان لە مەودای هەزاران ساڵدا و پەڕاندنی ئایینی بەهدینی لە لایەن برێک خەڵک کە شارەزای زمانی کوردی نەبوون و شێوەزاریان جیاواز بووە لەگەڵ زمانی ئاڤێستادا، بۆیە دوچاری گیروگرفت بوون لە تێگەیشتنی قووڵی واتەکانی ئاڤێستا. لە سەرەتا پیرانی ئایینی بەهدینی بۆ ئاڤێستا «زەند»یان نووسی، لە ڕاستییدا ئەم زەندە یارمەتیدەری ئەو کەسانە بوو کە لە زمانی ئاڤێستا تێنەدەگەیشتن. «زەند» خۆی وشەیەکی کۆنی هەورامییە بە واتەی شیروڤە و ڕاڤەکردن، (شرح، تفسیر) و لە چاوگی وشەی «زان» وەرگیراوە و ئێستا لە زمانی کوردیدا ماوە (زانا، زانست، زانین)، خودی واژەی زەند لە ئاڤێستا بە شێوەی «زانتی» (34) بە مانای «زانین و ناسین» هاتووە، ئەم واژەیە لە لای لێکۆڵینەرانی زمان بە واژەیەکی میدیایی دەناسرێت و بە چاوگی وشەگەلی ئێستای زمانی کوردی وەک: «زانا، زانین و زانست»

دەزانرێت. «پازەند»یش لە دوای ساڵانی زۆر بۆ شیرۆڤە و ڕاڤەکردنی «زەند» نووسراوە. جا هەموو ئەم زەند و پازەندانە ئێستاکە بە «ئاڤێستای نوێ» دەناسرێت. باوەڕ وایە کە پاشماوەی ئاڤێستای ئیمڕۆ بە کۆن و نوێیەوە، یەک لە چواری ئاڤێستای پێش هێرشی عەرەبی موسڵمانە. زۆر پێویستە ئەم خاڵە دەستنیشان بکەم کە بڕێک لە ناوەرۆکی ئاڤێستای نوێ، لەتەک ناخ و ئامانجی گاتاکان و ڕەوشت و فەلسەفەی زەردەشت یەک ناکەوێت و دژی ڕێبازی هۆرەکانی زەردەشتە، کە ئەمە خۆی باسێکە تایبەتە. دۆزینەوە دەقی ڕاستەقینەی ئاڤێستا کارێکی سەختە و لە هەمان کاتیشدا دەبێت بە شێوەیەکی زانستی بکرێت. هێندێک هەل و مەرجی گرینگ بۆ ئەنجامی ئەم کارە پێویستە، کە ئەوەش پەیوەندی ڕاستەخۆی بە هەبوونی دەوڵەت و سازی کوردی هەیە، بەڵام تا ئەو کاتە دەتوانین بە بەشی گاثاکانی ئاڤێستای کۆن، دڵنیا ببین.

وەرگێڕان و ناساندنی پەرتووکێکی کۆن وەک ئاڤێستا لەم بارودۆخەدا، کارێکی سەخت و دژوار و مەزنە، بۆیە هەڵە و چەوتکردنی تێدا ئاساییە. دەبێت چەندەها جار وەربگێڕێتەوە و دەیان جار ڕاڤە و لێکۆڵینەوەی لێ بکرێت، لە هەموو گۆشە و دیدەنیگا و بیر و بۆچونەکان بخرێتە ژێر مشتومڕ و گفتوگۆکردن تا سەرئەنجام هەوێن و دەروونی ڕاستەقینەی ڕوون و ئاشکرا ببێتەوە.

گاثاکان پەیامی زەردەشتە

یەکێک لە گرینگترین ڕووداوەکانی پڕ پێچ و پەنا و پڕاوپڕی ئەو ڕۆژگارە و تەنانەت ئەم ڕۆژگارەی کورد، گۆڕانکاری و نەوژەنسازی ئایینییە کە لە لایەن «زەردەشت» پەیامبەرەوە پەیڕەو کراوە. درووود لە ڕەوان و گیانی نەمری ئەو زانا و دروستکارە، کە یەکەمین مرۆڤی گۆی ئەم زەمینە بووە کە جێگا و سنوور و تایبەتمەندی ئاکار و ڕەوشتی بۆ دین دەستنیشان کردووە و هەمیشە لە هەوڵ و تێکۆشاندا بووە بۆ بەرجەستەکردنی ڕێگەیی ڕاستی و کرداری چاک، کە بناغە و کۆڵەکەی پەرەپێدانی دینی بەهدینی بووە و لە هەمان کاتیشدا بۆ پەرەپێدانی ئامۆژگارییەکانی ئایینی بەهدینی خەریک بووە و بنیاتێکی بنەڕەتی و هەمیشەیی بۆ چاکە بە واتەی پڕاوپڕی خۆی دەستنیشان کردووە.

هەموو ئایینەکانی سەرەتایی و پاشتریش، کۆششی ئەوەیان کردووە کە مرۆڤ پابەندی هێندێک داب و نەریت و هەڵسووکەوتی ڕەواڵەتی بن. زەردەشت بەرجەستەترین پەیامهێنەر بووە کە ڕێگەی ئازادی بۆ مرۆڤ ئاشکرا کرد، ئازادی هەڵبژاردن لە سەر بنەمای ئاکار و ڕەوشت، ڕزگاربوون و ئازادبوون لە کرنۆشبردنی کوێرانە بەرانبەر بە دەستوور و یاساکانی بێبناغە و بێکەڵک، ئازادبوون لە دانی باج بە پەرستشگاکانی جۆراجۆر، کە ئێستاش لە ناو زۆربەی دینەکان شتێکی باوە.

لە مێژووی زۆربەی دینەکاندا دەبینرێت کە مرۆڤ لە ڕووی ترسەوە و بە هیوای گەیشتن بە پاداشت و شتی باش و ژیانێکی چاکتر، دینی بردووە بە ڕێگەوە. هەروەها زۆر هەن بە لاساییکردن و بە تەشریفات و ڕەواڵەتی دین دەڕۆن، کە ئەویش هیچ بنەمایەکی ڕەوشتی زیندوویی لە ناو هزریاندا نییە. جا بۆیە ئەمە یەکێک لەو خاڵانە کە گەورەیی و مەزنی زەردەشت بۆ ئێمە دەردەخات.

ئەویش لەو سەردەمەی کە مرۆڤ کۆیلەی مرۆڤ بووە و توانای فرۆشتنی مرۆڤی دیکەی هەبووە و بڕوامەندانی ئایینی جادوویی و بیر و باوەڕی ناڕاست و ترەوەند هەموو شوێنێکی وڵاتی ئاری داگرووە.

لەو ڕۆژە تاریکانەی نەزانی، زەردەشت هۆرەی ئەمەی دەگوت کە ڕاستی ئایین و دین لە گرینگی ڕەوشت و ئاکاری ئەو شاراوەیە، نەک لە هەڵسوکەوتی ڕەواڵەتی و ئەرزشەکانی لە بنانەبوو. ئەمەش بە واتەی پابەند بوون بە رامان، گوفتار و کرداری پاک لە ژیانی مرۆڤدایە.

زەردەشت هەرگیز سەری بۆ خودای جۆراوجۆر داننەواندوە و زەروانیسم و ڕۆژپەرستی و بتپەرستی کە ئایینەکانی باوی ئەو سەردەمە بوون، لای جێ پەسەند نەبووە. لە منداڵی تا تافی لاویەتی بە پێچەوانەی دەوروبەری، باوەڕی بە خودای تاک بووە. یەکەمین مرۆڤی سەر ئەم گۆی زەویەش بووە کە بڕوای تەواوی بە تاکە خودا، هێناوە و توانیویەتی خۆی لە

گومڕاییان و فریودراوان جودا بکاتەوە و هەوڵ بۆ ئازادی و یەکسانی مرۆڤ لە دەست بێدادی و ستەمکاری بدات.
خواپەرستی زەردەشت بۆ ترساندنی خەڵک و دەستەڵات و بەرژەوندی خۆی نەبووە، بەڵکو هەوڵی داوە مرۆڤایەتی بگەیێنتە دوا پلەی ئازادی و لە ژێر باری قورس و سەنگینی کۆیلەتی دەری بهێنێت. هەوڵی داوە جیهانێکی نوێ بە بیری نوێ و کرداری نوێ و ڕەفتاری نوێ دروست بکات.
زەردەشت خاس دەیزانی کامەرانی و بەختەوری تەنیا کاتێک دێتە دی کە گشت کۆمەڵان بە تێکڕایی ڕابن و هەموو روو بکەنە لایەنی ڕاستی. زەردەشت دەیویست مرۆڤ لە ئاستی مرۆڤ سەر داننەوێنێت. زەردەشت لەتەک کەسانی ڕەوشت نزم و چەوت و نارێکدا نەگونجاوە و هەمیشە بانگی ڕاستیی بە گوێیاندا داون و ڕێی ڕاستی بۆ دەستنیشان کردوون.
هۆرەکانی زەردەشت «گاثا»، تەنها پەراوێکی فەلسەفی یا خود ئەدەبی و ئایینی نییە، بەڵکو سەرچاوەی بەدیهێنانی ژیانێکی مینوویی هەمیشەیی و جاویدانییە. زەردەشت مامۆستا بووە و پەیام و ئامۆژگارییەکانیشی جیهانی بووە. هۆرەکانی زەردەشت، پەرتووکێکە هەموو کەس دەتوانێت بیخوێنێتەوە و بۆ ژیانی سوودی لێ وەربگرێت.
سروودەکانی گاتا سادەن و لە هەمانکاتیشدا واتەکانی قووڵ و پڕمانا و نیازی بە شیرۆڤەیە. بێگومان ئەو کەسە هەنگاوی سەرەتایی تێ پەڕاندبێت و هزرە کەونە مردووەکانی لە مێشکدا مراندبێت و هەموو ڕیشەکانی بیری کۆنی لە مێشکدا وشک کردبێت، باشتر بواری سەرهەڵدانی بیری تازەی بۆ دەرەخسێت و واتەی گاتاکانی بۆ ئاسان دەبێت و دەروونی لە ناوەوە رووناک دەبێت. گاتاکان، بە پێچەوانەی هێندێک پەرتووکی ئایینی دیکە کە ناوەڕۆکیان پڕ لە مژاری نارێک و دژ بە یەکە، بێگەرد و بێهاوتا و بێخەوشە.
لە گاتاکاندا زۆر بە کەمی لەمەڕ ڕابردوو و دیرۆکی کەون دواوە کە ئایا چلۆن بووە، بەڵام بە ڕوونی و وردی لە بارەی بەسەرهاتی جیهانی دواوە. دەبێت باش بزانین زەردەشت پێش لە هەموو شتێک، مرۆڤێکی زانا و ژیر و فەرزانە بووە. بە هیچ جۆرێک بیر و پڵتەی تەروەند لە ناو گاتاکان نابینرێت. تەنیا شتێک کە لە ئاڤێستادا بە زەردەشت و ئایینی بەهدینی پەیوەندە، گاتاکانە.
لە ئالیەکی دیکەوە بنیادی بیری و فەلسەفی گاتاکان، بنیادێکی گشتی و جیهانییە کە هەر کەس لە هەر زەماندا دەکارێت لە ڕاستی ناوەخنی تێبگات. ئەگەر ویستی دەتوانێت بیپەژرێنێت و ئەگەریش نەیویست نایپەژرێنێت، هەر وەک رامان و ئەندێشەیەکی فەلسەفی. ئازادی رامان و هەڵبژاردنی ڕێگا و ڕەوشت بە پەیڕەوی لە ژیری و خێرەت، یەکێکە لە وانەکانی سەرەکی دینی بەهدینییە. ئەم بنیاتە فەلسەفی و کۆمەڵایەتیانە کە فرەتر لە چوارهەزار ساڵ پێش فێر کراوە و هێشتا ئێستاش کۆمەڵێکی فرە لە مرۆڤانی پێشکەتوو لە بەرزترین ئاستی گەشەکردنی ڕەوشت و ئاکاری کۆمەڵایەتی پێی پابەندن.

گاتاكان دڵنیاترین سەرچاوەی لێكۆڵینەوە و ئاشنایی بە ڕاهێنانەكانی مینوویی و ڕەوشتی زەردەشتە، كە بە چەشنی نووسراوە لە هەزاران ساڵ لەمەو پێش هەڵگیراوە.
گاتاكان، ژیرانە، گونجاو، جیهانی، جاویدانی و مرۆڤانەیە. «فیساغورس» دەڵێت لە سەر ئامۆژگارییەكانی زەردەشت، خوا لەتەک ڕاستی یەكسانە.
زەردەشت دەفەرمێت: "من مامۆستام و كاری من ئەوەیە كە ڕێگا بە كۆمەڵان نیشان بدەم و خێرەت و رامانی كۆمەڵان بۆ بزوان و لێكۆڵینەوە و بیركردنەوە و دۆزینەوە هان بدەم تا خۆیان ڕێگای ڕوون بدۆزنەوە و بە ڕاستی و ڕۆشنایی بگەن. من فێر دەكەم، بەربەرەكانێ ناكەم. بەربەرەكانێ من بەس لەتەک نادانی و تاریكییە و بۆ جەنگ لەتەک نادانی و تاریكی خەنجێری بۆ ناكێشم، چرا دادەگرسێنم".
سروودەكانی زەردەشت یەكێكە لە كۆنترین سروودەكانی سەر گۆی زەوی كە بۆ مرۆڤایەتی بە گشتی و بۆ گەلی كورد بە تایبەتی، وەک میرات بەجێ ماوە، كە لە بارەی ئافراندن و گەوهەری بوون و ڕەوشتی بەرزەوە دواوە و بە شێوەیەكی بەپێز و بەچێژ و بەسۆز و بێگرێ و ئاسان باسیان لێوە دەكات. هەروەها بە پێی ئەو گەنجینە پڕ لە داناییە كە لە ئاڤێستادا بۆ كورد و مرۆڤایەتی بەجێ ماوە، ئەتوانین بڵێین كە سەرچاوەی هەموو دینەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەمرۆ، دینی پاكی بەهدینیە.
«ل. هە. میلس» (35) دەبێژێت: "دەتوانین بە لێكۆڵینەوەی ئاڤێستا، ناسكترین و پڕبەهاترین خاڵەكانی لە ناو ئەو نووسراوە كۆنەدا پەیدا و دیاری بكەین ـ ئەم دەستوورانە كە هی پێش سێهەزار ساڵە، دەتوانێت ئیمرۆ ئێمە لە بەند و پاوەنەكان ڕزگار بكات. زۆر سپڵەییە كە ئەگەر ئەوانە بەرچاو نەگرین یان بیانشارینەوە. زەردەشت لە دیرۆكی جیهاندا یەكەمین كەسە كە ئەم دلێریەی هەبووە كە بیر بكاتەوە كە دینی ڕاستەقینە چییە و بە چەشنی سادە و ڕوون دابڕێژێت".
ئەگەر كەسانێک باوەڕیان بە شاكار و پەرجۆ و ئەو كارامەی كە لە دەرڤەی توانای مرۆڤ هەبێت، ڕاوەستاوی و پایەداری و مانەوەی «گاتاكان» لە پاش ئەو هەموو ڕووداو و كارەسات و چەرمەسەرییانە كە بینیویە و زۆربەیان وێرانگەر بوون، خۆی بۆ خۆی ئەمە فەرجوودێكە.
سروودەكانی گاتا، شیرین، ڕەوان و هەڵخرێنەری بیر و ڕاهێنەرە. ئەم سروودانە لە بارەی ئافراندن و ڕەوشتی دروست باس دەكات. هەروەها لەمەڕ گەوهەری هەبوون، ئافراندن، بەدیهێنەر، ڕێگەی ڕەوشتی دروستی ژیان، ئەنجامەكانی جۆراجۆری ڕەفتار و كرداری زیندەگی، هەموو ئەم مژارانە لە گاتاكان لە بارەیانەوە گوتراوە. هەروەها نووسراوە كە هەر كەس لە باوەڕ و هەڵبژاردنی ڕێگای ژیانی خۆی كە بە هەر چەشنێک بێت، سەربەست و ئازادە. سروودەكانی گاتا باشترین نموونەكانی ڕەوشتیی بۆ مرۆڤ سفارشت و ڕادەسپێرێت، چونكە بەختیاریی بۆ هەڵبژێرانی ئەو ڕەوشتانە بە مزگێنی دەهێنێت. سروودەكانی گاتا دەبێژێت: زانایان ڕەوشتی پاک و باش، گێل و چەواشەكارانیش ڕەوشتی بەد و خراپ هەڵدەبژێرن.

سروودەکانی گاتا سروودی کار و کۆشش، سازگەریی و پێشکەوتن و گەشەکردنە. سروودەکانی گاتا گۆشەگیری لە ژیان (خلوەتنشینی) و (قناعت)کردن پەسەن ناکات و ڕاناسپێرێت. سروودەکانی گاتا، کار و هەوڵدان و بەهرە وەرگرتن لە دیاردەکانی ئەهۆرا مەزدا، بە مەرجی ڕزگاری دەزانێت. زەردەشت جیهانی ئەنبوژەنی بە سەرچاوەی بەدبەختی و نەکبەتی نازانێت. کاڵا و شت و متی ئەنبوژەنی بە دیاری خودا دەزانێت و بە هات و باش و جێگای خۆشویستن دەزانێت. خۆشویستن و پشتگیری لە ژین و ژیان و ژینگە بە دەستووری ئایینی دەزانێت.
سروودەکانی گاتا دیوانێکی پچوکە، بەڵام هۆنەرەکەی پڕ هێزا و مەزنە و چاکە و خراپە و دەرئەنجامی هەردووکیانی بە جوانی و ڕوونیی دەناسێنێت. تایبەتمەندیەکی دی گاتاکان لەوەدایە کە بکە و مەکەی تێدا نابینرێت. یەکێک لەو لەمپەرە سەرەکیانە، کە مرۆڤ و کۆمەڵگا باڵبەست و دواکەوتوو ڕادەگرێت و ڕێگە لە بەر گەشەسەندنی بیر و ئەندێشەی دەگرێت، ئەو دەستوورە ئایینیانەیە، کە بکە و مەکە و شایست و ناشایستی تێدایە، ئەو دەستوورانە کە چ بکەین و چ نەکەین، ئەم یاسانە هەر چی بن سەردەمێک لە کاریگەری دەکەون.
مژاری ئامۆژگاریەکانی سروودەکانی گاتا گشتییە و تەقلی شتە وردەکان نەبووە. ئەم تایبەتمەندیە خۆی لە جوانییەکانی گاتاکانە کە جاویدان و نەمر ڕایدەگرێت. خواردن و خواردنەوەی شتێکی تایبەت یا ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو و یا بەرگریکردنی، ناکات. بەڵام بە گشتی دەبێژێت لە هەر شتێک کە تەندروستی لەش و ڕەوان دەخاتە مەترسی و دەبێتە هۆی ئازاردانی گیان، باش وایە کە مرۆڤ خۆی لێ دوور ڕاگرێت.
ڕاستبوون و درۆنەگوتن، سازگەری و داهێنەری، ئاوەدانکاری، بەسۆزی و مێهرەبانبوون، ئەم جۆرە مژارانەی گشتی لە ناو گاتاکان هاتووە. سروودەکانی گاتا ئەندازەکان دیاری دەکات. بە کارهێنانیشی گرێدراوی باورودۆخی زەمان و جێگا، پێشکەوتن و گەشەسەندنی زانست بە دەستی خودی مرۆڤە کە بە ڕێنوێنی هزر و ژیری دەخرێتە کار.
سروودەکانی گاتا وابەستە بە زەمان و جێگایەکی دیاریکراو نییە. هۆرەکانی زەردەشت جاویدانی و نەمرن. هیچ یەک لە سروودەکانی زەردەشت بە ڕێکەوت نەهۆنراوەتەوە، بۆیە یەکپارچەیی و یەکبوون لە ناو سەرتاسەری سروودەکان دەبینرێت. بەم هۆیەوەیە کە ئامۆژگاریەکانی زەردەشت گشتییە، بۆیە بەکارهێنانی هەمیشە دەبێت رامان و ویژدان و هزری مرۆڤ ڕێنوێنی بێت تا تووشی تەنگ و چەڵەمە و دژواییەک نەبێت. بۆ نموونە بابەتەکانی باجدان و نوێژکردن و شایست و ناشایستەکانی تێدا نییە.
زەردەشت بڕوای وایە کە یەکێک لە ئارمانجەکانی ژیان، شادبوون و بەختیاربوونی مرۆڤە. زیاتر لە 30 جار واژەی خۆشبەختی و شادی لە ناو گاتاکان دووبارە کراوەتەوە. ئەم شادی و بەختیارییە نایێتە دی، مەگەر خۆشبەختی هەمووان مسۆگەر بکرێت، بە هەموو چینەکانی کۆمەڵگا و تەنانەت بە سروشت و هەموو گیانلەبەرانیشەوە.

40 ئەستێرەی گەشی ناو گاثاکان

لێرەدا 40 ئەستێرەی گەش، کە لە ناو گاتاکانی زەردەشتدا دەدرەوشێنەوە و مرۆڤ بە ئاسانی دەکارێت ئاماژەیان بۆ بکات، دەیخەمە بەر سەرنجی ئێوەی بەڕێز تا بەشێک لە ناوەڕۆکی سروودەکانتان بۆ ئاشکرا بێت:

1 ـ زەردەشت، بڕوای وایە کە مرۆڤ لە هەڵبژاردنی ڕێگای چاکە و خراپەدا، ئازادە. هەر ئەم ئازادییەشە کە بەرپرسیاری بۆ هەر یەک لەم ڕێگایانە دیاری دەکات. (هاتی 31، سروودی9)

2 ـ زەردەشت بە یارمەتی رامان و ژیریی خۆی، ئەهۆرا مەزدای ناسی. (هاتی 31، سروودی 8)

3 ـ زەردەشت ئافەریدەگار و بەدیهێنەری هەستی بە تاک و یەگانە ئەناسێت. (هاتی 44، سروودی 7)

4 ـ زەردەشت، خواوەندی وەک تیشکێک ناسیوە کە هەموو بەشەکانی گەردوونی درەوشاندووەتەوە، یاخود بڵێن پەروەردەگار لەتەک ئافراندنی خۆی یەکێکە. (هاتی 31، سروودی 7)

5 ـ زەردەشت باوەڕی وایە کە ئەهۆرا مەزدا، جیهانی لە سەر هەنجار و زاگۆنێکی بێگۆڕان چێ کردووە، کە هەستی، بۆ هەمیشە لە ژێر فەرمانیەتی. ئەو ئەم ڕێکوپێکییە، جاویدان و هەمیشە پایەدار و دەسەڵاتدار بە سەر بووندا، بە تریفەی ڕاستی «ئاشا» ناو دەنێت. (هاتی 28، سروودی 2)

6 ـ زەردەشت، ئافراندنی جیهانی هەستی لە سەر پایەی زاگۆنی ڕاستی، لە بەدیهاتنی دوو هێزی ڕاکێشەر و پاڵنەر دەزانێت. (هاتی 30، سروودی1)

7 ـ لە ڕوانگای زەردەشتەوە، دوو گەوهەری لفانە دژ بە یەک لە نێو هەستی و رامانی مرۆڤ، تەواوکەر و پێویستی یەکدین و هەر دەم ئەم دژایەتیە لە ناو بووندا، لە نێو بیری مرۆڤ خۆی دەبینێتەوە، کە بە بیری چاکە و خراپە پێناسە دەکرێت. بەڵام خاڵی سەرەکی و گرینگ ئەوەیە، کە مرۆڤ خۆی بڕیاری هەڵبژاردنی یەکێک لەمانە دەدات. (هاتی 30، سروودی 3)

8 ـ زەردەشت، مرۆڤ بە بەرپرسیاری چاکە و خراپەی خۆی دەزانێت و کاردانەوەی رامان و گوفتار و کرداری هەر کەس بۆ خۆی دەگەڕێنێتەوە. (هاتی 31، سروودی 20)

9 ـ لە تێڕوانینی زەردەشت باشترین هەبوون و ژیان، دەرئەنجام و کاردانەوەی ڕەفتاری باشی خودی مرۆڤە و خراپترین ژیان و نەبوونیش، ئەنجامی ڕەفتاری نادروستی مرۆڤ خۆیەتی و هەر لەم جیهانەدا بۆی دەگەڕێتەوە. بە واتەیەکی دی، داداری مەزن بەهشت و دۆژەی بۆ هیچ کەسێک دروست نەکردووە، بەڵام ئەمە خودی مرۆڤە کە لەم جیهانەدا بە دەستی خۆی دروستی کردووە و لە دوای مردنیش لەتەک ڕەوانی بۆ جیهانی تر دەیبات. (هاتی 30، سروودی 4)

10 ـ زەردەشت، یەکێک لە ئارمانجەکانی بەدیهاتنی مرۆڤ، خەباتی هەمیشەیی و بێپشوویی لە دژی درۆیە. درۆ بە سەرچاوەی هەموو بێدادی و ستەمێک دەزانێت. هەنگاوی یەکەم بۆ ئەم

خەباتەش ئەوەیە کە هەر کەس لە ئاستی خۆیەوە لە درۆ پارێز بکات و دوور بکەوێتەوە. (هاتی 30، سرووودی 5)

11 ـ زەردەشت بەهێزکردن و یارمەتیدانی درۆزنان و چەواشەکاران، بە لاوازکردنی لایەنی ڕاستی و هەژاران دەزانێت. (هاتی 31، سرووودی 15)

12 ـ زەردەشت دواهەمین خەباتی مرۆڤ، بە ڕاپەڕین دژی ستەم و چەواشەیی و ناڕاستی دەزانێت. (هاتی 31، سرووودی 18)

13 ـ بە بڕوای زەردەشت مرۆڤ لە خەباتی دژ بە ستەم و درۆ، لە ئەنجامی ڕاست و باشی، سەرکەوتوو دەبێت. (هاتی 30، سرووودی 10)

14 ـ زەردەشت بڕوای وایە کە جەنگی مرۆڤ دژی بێدادی و کۆیلەتی و پەرەپێدانی ڕاستی، بە دوو جۆر پاداشت وەردەگیرێت، یەکەم بە شێوەی تاک و دووهەم بە چەشنی کۆ. (هاتی 30، سرووودی 11)

15 ـ بە باوەڕی زەردەشت پاداشتی کۆتایی، هەمان پاداشتی گشتییە کە هەموو مرۆڤێک بۆ گەیشتن و پەیوەندبوون بە خودا تێدەکۆشێت. ئەو تێکۆشانەی کە لە کۆششی گشتی مرۆڤ دەبێتە هۆی لەناوچوونی کەم و کووڕییەکانی مرۆڤایەتی و دروستبوونی کۆمەڵگایەکی ئازاد و پاک و ڕاست و پڕ لە دادی جیهانی. (هاتی 31، سرووودی 16)

16 ـ لە ڕوانگای زەردەشتەوە، «ئەهریمەن» بە شێوەی بوونەوەرێک واتەی نییە، (بە تایبەت بەو واتانەی کە لە ناو دینەکانی ئیسلام و فەلە و جوولەکە باوە، «شیطان» بوونی نییە). ئەهریمەن لە ئایینی بەهدینی بە واتەی بیری خراپە. واژەی بیری خراپ لە ئاڤێستادا بە چەشنی «ئەنگەرەمینوو» ئەهریمەن هاتووە. خودی وشەی «ئەنگەرە» بە مانای پیس و ناشرین و کەمکەر و لەناوبەر هاتووە و «مینوو»ش بە مانای کردار و هەڵسوکەوت و رامان هاتووە. کەوایە ئەنگەرەمینوو یا ئەهریمەن بە مانای بیر و رامانی بەد و خراپ. (هاتی 30، سرووودی 6)

17 ـ لە ڕوانگای زەردەشتەوە، هیچ مرۆڤێک سرووشتی خراپ نییە و بە بەدی لەدایک نابێت. خراپە، بەرهەمی بیری کاڵ و کرچی خۆیەتی. یا بڵێن هۆکار و بەرهەمی خراپبوون و نەزانی و نائاگایی کۆمەڵ لە هەنجاری زاڵ بە سەر هەستیدا (زاگۆنی ڕاستی، زاگۆنی ڕاکێشەر و پاڵنەر). (هاتی 31، سرووودی 17)

18 ـ زەردەشت، بەختیاریی مرۆڤ پەیوەند بە پلەی زانست و خێرەتی تاکی خودی خۆی دەزانێت. بۆیە زانایان و ڕووناکبیران ڕادەسپێرێت بۆ ڕاهێنان و هۆشیارکردنەوەی ئەوانی دیکە. (هاتی 31، سرووودی 6)

19 ـ لە ڕوانگەی زەردەشتەوە چونکە بەدی بەرهەمی رامانی خراپ و نەگەیشتووی هزری خودی مرۆڤە، بۆیە هەموو گومڕێ و چەواشەکارێک بواری گۆاڕدن و پەروەردەبوونیان هەیە. (هاتی 30، سرووودی 8)

20 ـ زەردەشت، رامان و زانابوونی مرۆڤ لە هەموو بوارەکاندا، بە گرینگترین ژێرخان و ستوونی هەڵسەنگاندن و ناسین دەزانێت. تەنیا دانایان و فەرزانەکانن کە بە ئالیکاری رامان و هزری بەرزی خۆیان یاسای ڕاستی دەبیننەوە و بە یەکخستن و هاوئاهەنگکردنی رامان و گوفتار و کرداری خۆیان لەتەک «ڕاستی» و هۆشیار و وریاکردنەوەی کۆمەڵ، مرۆڤایەتی بەرەو ئازادی و خەنیبوون و ڕزگاری و کامەرانیی ڕاستەقینە دەگەیێنن. (هاتی 31، سروودی 3)

21 ـ بە بڕوای زەردەشت رامان و ئەندێشەی مرۆڤ، ئەرزش و بەهای تایبەتی خۆی هەیە. بۆیە هەر مرۆڤێک دەبێت ئازاد بێت تا لە پێوان و هەڵسەنگاندنی ڕێگا جۆراوجۆرەکان، لە ڕێگای رامانی پاک و ئەندێشەی ڕووناکی خۆی، ڕێگای خۆی ئازادانە هەڵبژێرێت. (هاتی 30، سروودی 3)

22 ـ زەردەشت ئازادی دەربڕینی هزر و ئەندێشە بە مافی سروشتی هەر مرۆڤێک دەزانێت. هەموو کەس دەبێت بتوانێت ئازادانە بیروبۆچوونی خۆی دەربڕێت تا بواری هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردنی دروستی هەبێت. (هاتی 31، سروودی 12)

23 ـ زەردەشت هەڵبژاردنی دین بۆ مرۆڤ بە سەربەستی و ئازادانە دەخوازێت. لە پەرتووکی (مێژووی فەلسەفەی زەردەشت. بل دوبرۆی. پاریس.1984) نووسراوە کە لە هیچ لاپەڕێکی پەرتووکی مێژوویی، مرۆڤ ناتوانێت ئەم خاڵەی بەر چاو بکەوێت کە مرۆڤێک بە زەبر و زەنگ کرابێت بە زەردەشتی، ئەگینا کاتێک میدیاکان بە سەر گەلانی ئاشووری، قبتی، هیندی، یۆنانی سەرئەکەوتن، دەبوایە ئەو گەلانە و هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهدینی بووایەتن. (هاتی 31، سروودی 11)

24 ـ زەردەشت بۆ ڕێنوێنی مرۆڤی گومڕێ و چەواشەکار، لە هێزی گوفتار و زمانی شیرینی بەهرەی وەردەگرت. دەتوانین بڵێن تاکە چەکی پەیامبەر لە دژی درۆ و بێدادی و ناڕاستی، گوتاری پڕواتە و دڵنشینەکانی بووە. (هاتی 28، سروودی 5)

25 ـ زەردەشت لە جەنگ و خوێنڕژتن بێزارە و بڕوای وایە کە چاکان و پاکانی ڕاستەقینە دەتوانن بە خۆشەویستی و مێهرەبانی، یەکیەتی لە نێوانی هەموو کۆمەڵانی خەڵک بەدی بێنن. (هاتی 29، سروودی 3)

26 ـ زەردەشت، کۆنەپەرستی و پاشڤەرۆیی پەسەن ناکات و تەنانەت چاوەڕوانی و وێستان و (رازی بە بەشبوونیش، قناعت) ڕەوا نازانێت. زەردەشت بڕوای وایە کە رامان و بیر و لەش و جانی مرۆڤ، ناوەندی ژیان، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، شارستانیەت، چاند و ڕەوشتی مرۆڤ، دەبێت هەمیشە لە باشتربوون و سەرتربوون و گەشەکردن و گۆڕاردن دابێت. (هاتی 30، سروودی 9)

27 ـ زەردەشت بە فەرجوود (معجزە) بڕوای نییە. ئەو باشترین شاکاری خۆی لە گوتاری کاریگەر و رامانبزوێنەر دەزانێت کە بە هاریکاری «رامانی پاک» ڕێی پێ بردووە و پێی گەیشتووە. (هاتی 28، سروودی 3)

28 ـ زەردەشت، گرینگی و بایەخدان بە ژینگە، ئاگاداری و ڕاگرتنی سرووشت لە رامانی پاکەوە دەزانێت و بە پێچەوانەوەشەوە کەمتەرخەمی و نەپارازتنی سروشت بە چەواشەیی و گومڕێی دەزانێت. (هاتی 32، سروودی 10)
29 ـ زەردەشت، نزیکبوونەوە لە خودا لە ڕێگای بەرتیل و کوشتن یا قوربانیکردنی ئاژەڵ و گیانلەبەران بە کارێکی پڕوپووچ و تەروەند و خورافە، نیشانەی گێلی و نەزانی و چەواشەیی دەزانێت. (هاتی 32، سروودی 14)
30 ـ لە ڕوانگەی زەردەشتەوە مرۆڤ ئەگەر لایەنگری ڕاستی بێت، خوداوەند بە چاوی هاوڕێی خۆی سەیری دەکات و لەمەش فرەتر میوانداری هاوڕێی خۆی دەکات. لە هەندێک ئاییندا مرۆڤ کۆیلە (عبد) یا بە کوڕی (الله، یهوه) دەزانرێت. (هاتی 31، سروودی 21)
31 ـ زەردەشت بڕوای وایە کە بۆ گەیشتن بە ئارمانجی ڕاستیی و داد، مرۆڤ دەبێت پشوودرێژ و لەخۆبردوو و خۆبەخشکەر بێت. (هاتی 33، سروودی 14)
32 ـ زەردەشت هەموو مرۆڤێک، چ ژن بێت و چ پیاو، مافیان بەرابەر بە یەک دەزانێت. زەردەشت ڕاستەوخۆ کچان لە هەڵبژاردنی هاوسەر و دەربڕینی بیر و ڕایان بە ئازاد دەزانێت. ئەو بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر دوو پێوانەی خۆشەویستی پاک و زانستی پاک پێشنیار دەکات. (هاتی 53، سروودی 3)
33 ـ زەردەشت، یەکێک لە کاریگەرترین هۆکارەکانی ئاوەدانی جیهان و پێشکەوتنی زیندەگی و شادی و بەختیاری مرۆڤ، لە کاری بەردەوام و کۆششی بێوچان دەزانێت. زەردەشت کار و خەبات لە درێژەپێدان و هاوڕێی زاگۆنی زاڵ بە سەر بوون «هەنجاری هەستی» و هەڵقوڵیو لە دانایی و رامانی پاکی مرۆڤ دەزانێت. (هاتی 49، سروودی 1)
34 ـ زەردەشت، پێوانەی بەرزبوون و سەرتربوونی مرۆڤ لە ڕاستبوونیان دەزانێت. لە لای زەردەشت هەژارانی بێسامان بەڕێزترن لە درۆزنانی دارا و زەنگین. (هاتی 47، سروودی 4)
35 ـ زەردەشت، مرۆڤ بە خاوەنی خۆی دەزانێت و ژیان و چارەنووسیشی لە ژێر دەستەڵاتی خۆی دەزانێت. (هاتی 50، سروودی 9)
36 ـ زەردەشت، بڕوای وایە کە مامۆستایانی خراپ بە پەند و ڕاهێنانە هەڵەکانیان، هزری مرۆڤ بەرەو ڕەشبوون و لەناوچوون دەبەن. (هاتی 32، سروودی 10)
37 ـ زەردەشت، ئازادی مرۆڤ بە بناغەی ڕاستی و بواری گەشەسەندنی رامان و هەڵبژاردنی رامان و هەڵبژاردنی بڕوا دادەنێت. (هاتی 31، سروودی 9)
38 ـ زەردەشت، مرۆڤ وەک بڕوامەندێکی بەهدینی، ویژدان و رامانی بانگهێژ دەکات کە هزر و رامان و بڕیاری خۆی بە ئازادانە هەڵبژێرێت. مرۆڤ ئازادە کە لە سەر بنەمای بیر و ناسین و زانایی خۆی، ئەو شتە و ئەو کەسەی کە خۆی پێی خۆشە هەڵیبژێرێت. (هاتی46. سروودی15)

39 ـ زەردەشت مرۆڤ بانگهێژ دەکات بۆ تێگەیشتن و وەرگرتنی پەیامی ڕاستی و موژدە و مزگێنی ئەوە دەدات کە بە هەڵبژاردنی چاکە، کە ویژدانی مرۆڤ بریاردەریەتی، بەرەو پێشگا و سەرای پاکان و خاسان هەنگاو بنێت. لێرەدا زەردەشت، ژن و پیاو هەر دوو، هاوکات بە یەک ئاست دێنێتە بەیان کە هەر کەس لە هەڵبژاردندا خۆی ڕێگای بە ئازادانە هەڵدەبژێرێت. بۆیە لە سەر ئەم بنەمایەیە کە زەردەشت هەر کات لە سرووودەکانی مرۆڤ بە گشتی دێنێتە گفتوگۆکردن، مەبەست هەم ژن و هەم پیاوە. (هاتی 34. سرووودی 7)

40 ـ زەردەشت،گاڤی یەکەم بۆ خواناسی، لە خۆناسیەوە دەزانێت. (هاتی 43، سرووودی 12)
خودایەک کە زەردەشت دەیناسێنێت تەنیا بەدیهێنەری شادی و باشییە، هەرگیز توڕە نابێت، کەسێک ئازار و ڕەنج نادات، هەڤاڵ و هاوڕێی مرۆڤە و هەڕەشەی تۆڵە و سزاسەندن ناکات و داواکاری ئاشتی و ئاسایشتە. جا ئەم تایبەتمەندیانە، هەمان شتە کە کۆمەڵانی دانیشتووی میزۆپوتامیا و کوردستان بە گشتی نیازمەند و داواکاری بوون و هەن. لە شوێنەکانی تر هەر یەک لە پەیامبەران، یان ڕێبەران پێناسەیەکی تایبەتیان بۆ خودا هەبووە کە نیشاندەری ویست و ئارەزوو و داب و نەریتەکانی ئەو نەتەوانە بووە، لە بەراوەردکردنی ئەوانەدا دەتوانین تێبگەیین کە سەرزەمینی مەزرۆ بۆتان و گەلانی ئاریایی، ئامادەیی پەژراندنی گیانی جوانمێری و مێرخاسی، ڕاستی و خێرخوازیی، کۆشش بۆ ژیانێکی باشتر، هاوڕێ لەتەک خۆشییەکان و باشییەکاندا هەبووە. ئەم نیشانە و تایبەتمەندیانە، لە ناو بیر و بۆچوونی هەڵبەستوانان و داستان و چیرۆکی پڕ لە قارەمانییێتی و پاڵەوانانی ناو ئەفسانەکاندا، دەبینرێت.

ژن و ئایینی بەهدینی

ژین، ژیان و ژیار، چاوکانییان ژنە.

ئەگەر بێژین بۆ یەکەم جار ئەمە ژنان بوون پێش پیاوان، داهێنەر و ئاگادار بە ڕاز و نهێنییەکانی سرووشت و سەرچاوەی شارستانییەت بوون، شتێکی ناڕاستمان نەگوتووە. لە ڕاستییدا ئەمە ژنان بوون کە پیاوانیان لە سەردەمی کێویبوونیی چاخی سەرەتایی بەردەکان، پەلکێشی چەرخی نوێی بەردیی کرد.
تێکڕای لێکۆڵینەرانی مرۆڤناس و ئاسەوارناس، هاودەنگن کە ئەمە ژنان بوون کە داهێنەرانی ژیار بوون. کارەکانی پەیوەند بە خۆراک و خواردن کە بە «کاری ژنانە» بەناوبانگە، لە ڕاستییدا یەکەمین کۆشش و هەنگاوی بەرچاو و گرینگی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بووە، کە ئەم جۆر کارانە داهێنانی خودی ژنان بووە، بۆیە لە ئەنجامدان و بەڕێوبەریشی شارەزایەکی فرەشیان هەبووە.
ئەو شتانەی کە چەرخی بەردی نوێ، لە سەردەمی بەردی سەرەتایی کۆن جودا دەکاتەوە: چێکردنی کاسە و دێزە، چنین و دوورینی بەرگ و ڕاخەر، کشت و کاڵ و دروێنەکردن و ماڵیکردنی گیانلەبەرانە. ئەمە ژنان بوون کە کاری ڕستن و چنینیان بە سەر ئەستۆ بوو و داهێنەری کاسە قوڕینە و دێزە و گۆزە بوون.
ژنان بوون، کە تۆو و دانەیان کۆ دەکردەوە و خێرا یا درەنگ تێ گەیشتن کە ئەو دانەی کە بە ڕووی زەوی دەکەوێت، دەبێتە هۆی ڕووینی گوڵ و گیاکان و بەمجۆرە کشت و کاڵ و شارستانیەتیان داهێنا. ژنان بوون کە خانە و کاشانەیان، بە شوێنکی هێمن و ئاسوودە دەرهاورد. چونکە لە سەردەمی کۆندا، پیاوان زیندەگی ڕۆژانەیان بە ڕاو و شکاری گیانلەبەران دەگوزراند. بۆیە ژنان، بە داهێنەری کشت و کاڵ و چێکەری خانووبەرەی سەرەتایی، لە چەرخی کۆنی دایکسالاری دەژمێردرێن. بۆیە زۆر گونجاوە کە بێژین، ژنان بوونە هۆی خێرا گەشەکردن و پێگەیشتنی بنەما و بنیاتی کۆمەڵگای سەرەتایی.
ژنان هەر لە «هەوشار»ەوە تا «دەشتی شارەزوور»، لە دەریاچەی «وان» تا گۆلی «ورمێ»، لە چیای «ئاگری» تا «تەختی هەورامان»، لە پەرستشگای «ئاناهیتا» تا «ئاگرگەشئەسپ»، و لە ئاستێکی پان و بەرینتر، لە ڕووباری «نیل»ەوە تا دەریای «ڕەش» و «قەوقاز» (کەو و قاز)، دەست و شوێنەواریان بە سەر گوند و شارەکانەوە بەجێ هێشتووە.
ژنان لە «میتسوپاتامیا»، کە بە لانکەی شارستانییەت دەزانرێت، تا ئاستی بەڕێوبەری و کاروباری رامیاری و ئابووری و ئایینی، خۆیان پێ دەگەیاند.
بە گوێرەی نووسراوەکانی کۆنی بەهدینی و قەباڵەکانی هەورامان، کە ئێستا لە مۆزەخانەکانی بریتانیایە، یاکوو بانوو و شازادەی میری «نسێبین»، کە لە پەرتووکی «ئیمپراتۆری

ساسانی» لە نووسینی نووسەری دانمارکی «ئارتوور کریستن‌سن» ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە چلۆن لە سەردەمی «نۆشیروان» پاتشای ساسانی (سانی سانان) کە کورد بوون، کیژی کوردی زەردەشتی لە دوای مردنی باوکی دەسەڵاتی بەڕێوبەرایەتی وڵاتی گرتووەتە دەست، بەو مەرجە کە برای لە خۆ پچووکتریشی هەبووە.
ژنان لە جڤاکی بەهدینی، خاوەنی کەسایەتیی دەستووریی و ماف بوون و لە دەستەڵات و خاوەنداریەتی و داب و نەریتە ئایینیەکان بە چەشنێکی بەرچاو بەشدارییان دەکرد و لە تەمەنی پیرۆزی پیری و روحانی، 7 گرێی پشتوێنیان دەبەست و بەرپرسیاری ئایینی و چاوەدیری پەرستشگا و داد و وانەگوتن لە بەشەکانی جیاوازی زانستی سەردەم، بە ئەستۆیان بوو...
لە کوردستانی کۆندا، ژنان فێری سوارکاری و تیرهاوێشتن و هونەرەکانی ڕەزمی دەبوون و لە هونەرەکانی بەزمیش وەستای خۆی بوون و لە ڕاو و جەنگیشدا بەشدارییان دەکرد. لە قەباڵەکانی هەورامانیدا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە ژنان خاوەنی باخ و ڕەز و کێڵگەی خۆیان بوون و لە سوود و قازانج و ئاڵۆگۆڕ و کرێدان و خاوەندارییەتی، ئازادی تەواویان هەبووە.
ژنان لە سەردەمی میدیاکاندا هەردەم توانیویانە لە جێی پیاو بن و دایک لە جێی باوک بێت، بەلام پێچەوانەکەی دەگمەن بینراوە. زۆر بە دڵنیایی ژنان، تەنیا ئەلمەنت و جەوهەری نەگۆڕ و پایەداری کۆمەڵگا بوون و هەن. زنجیرەی خزمایەتی لە ڕێگای ژن بەردەوام دەبوو، کە ئێستاش ڕەگەکانی ئەم هزرە لەناو کۆمەڵگای کوردەواری بەرچاو دەکەوێت.
لە کاتی تۆژینەوەی ئایینەکانی جۆراجۆری جیهان، یەکێک لەو شتانەی کە سەرنجی لێکۆڵینەرێک بە خۆی ڕادەکێشێت و بۆی باڵکێشە، مژاری ژنە. لە چیرۆکە "بەناوبانگەکەی" «ئادەم و حوا»ی موسا، گوایە ژن لە پەراسووی پیاو چێ کراوە و پاشان کۆتای ئەو چیرۆکە بەم جۆرە دەبێت کە پلەی ژن لە ئاستی پیاو کەمتر دەبێت و تا بە ئیمڕۆ، بە خڵێتێنەر و لاواز و پلە دوو پێناسە دەکرێت.
لە چیرۆکی ئافراندنی «وداکانی سەنسکریتی»، «توشتری» ئاسنگەر (1)، خوداوەندی هێندی، ژنی بەمجۆرە درووست کرد. توشتری دەستی بۆ ئافراندنی مرۆڤ برد، سەرەتا پیاوی بەدیهێنا. ئاگای لێ نەبوو کە هەموو ئەو کەرەسانەی کە پێویست بوو، لە چێکردنی پیاو، بە کاری هێنا و شتێکی بۆ ژن نەما. بۆیە بۆ ئافراندنی ژن، لە شت و مت و بەرماوەکانی، کە بەجێ مابوو، لە چێکردنی ئافەرینشت، کەڵکی وەرگرت و تەقلی یەکی کرد و ژنی لەم شتانە چێ کرد:
لە گردی مانگی تابان، لە پێچ و خەمی گوڵی لاولاو، لە چەسپینی گیای بزۆک، لە لەرەی شەوەر، لە باریکی قامیش، لە سووکی گەڵاکان، لە نیگای ئاسکان، لە خڕبوونەوەی مێش‌هەنگوین، لە هەراسی کەروێشک، لە چەهچەهی بولبول، لە تەزینی بەفر، لە نەرمی سینگی توتی، لە سەختی بەردی خارا، لە شیرینی هەنگوین، لە دڕی پڵەنگ، لە گەرمی تیشکی ئاگر، لە دوو ڕوویی مەلی دوڕنا، لە بەئەمەگی قاز، هەمووی ئەمانەی تێکەڵ کرد و ژنی ئافراند.

بەڵام لە ئەدەبیاتی بەهدینیدا، گوایە ژن و پیاو وەک یەک لە ناو گوڵی ڕێواس دروست بوون (مەشی و مەشیانە). خۆی گرینگی ئەم مژارە لە ناو ئایین، لەوەدایە کە چلۆن و بە چ چەشنێک سەیری پلە و پایەی ژن دەکرێت. ڕێز و پلەی تایبەتی ژن لە ناو ئایینی بەهدینی، وەک ئەستێرەیەکی ڕووناک لە ناو ئەم ئایینە دەدرەوشێتەوە.
بێگومان هەر وەک هەموو لا هاوبیرن لەوە کە زەردەشت پێش لەوە پەیامهێنەر بێت، فیلسوف بوو. زەردەشت بۆ دامەزراندنی دروستی ژێرخانی کۆمەڵگا، یەکسانی مافی ژن و خێزانی بۆ مەبەست بووە و مەرجی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگای، بە ئازادی و بەرابەری ژن و پیاو زانیوە.
لە ئایینی بەهدینی ژن لە هەموو لایەنێکەوە لەتەک پیاو بەرابەر و یەکسانە. ژن دەتوانێت بە بێ جیاوازی وەک پیاو، داب و نەریتی ئایینی بەڕێوە ببات، سەرۆک و سەرکەردە بێت، بڕیاردەر و ئازاد، وەک پیاو مافی بێجیاوازی هەبێت. زەردەشت هەڵبژاردنی ئازادانەی هاوسەر، بە مافێکی سروشتی و سەرەتایی کچان دەژمێرێت.
لە دینی بەهدینی هەبوونی چەند ژن بۆ پیاو، بە کارێکی ناڕەوا و تاوان دەزانرێت. لە کاتی مردنی هاوسەر، ژن یا پیاو بۆی هەیە هاوسەری تازە هەڵبژێرێت. جیابوونەوەی (طلاق) ژن و مێرد لە ئایینی بەهدینی کارێکی ئاسان نییە، چونکە پەیمانی هاوسەری زۆر بە پیرۆز و بەرز دەژمێریت و چونکە کچ و کوڕ بە ئازادی و خۆشەویستی یەکدی هەڵدەبژێرن، ئەوە دەرفەتی جیابوونەوە و بەردان کەم دەبێتەوە.
«پروفسۆر جەکسن» دەنووسێت: لە ناو زەردەشتیەکان چەند ژنی باوی نییە و پیاوی زەردەشتی بێجگە لە یەک ژن، ژنی دیکەی نییە. پەیمانشکێنی لە ناو ژیانی هاوسەرییان دەتوانین بڵێین نابینرێت و پیشەی لەشفرۆشی لە ناو «بەهدینان» نییە.
یەکێک لە هۆیە سەرەکیەکانی گەشەسەندنی شارستانیەتی «میدیا»کان دەگەڕێتەوە بۆ بەرابەری و یەکسانی مافی ژن و پیاو و ئازادی ژن لەو شارستانیەتەدا. ئازادی ژن لە ناو کۆمەڵگای بەهدینی تا ئەو ڕادە بووە کە کچ دەیتوانی لە سەر حەز و بریاری خۆی، تەنانەت ئەگەر دژی بیری بنەماڵکەشی بێت، هاوسەر بە حەزی خۆی هەڵبژێرێت.
ئەم دابە ئێستاش لە ناو برێک لە هەریمەکانی کوردستان بە چەشنی «ڕەدووکەوتن» ماوە. ڕەدووکەوتن بۆ ئەو کچ و کوڕانە بوو، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان، بنەماڵەیان دژی پەیمانی هاوسەریی ئەوان بوون. بۆیە ئەوانیش دابی ڕەدووکەوتنیان دەگرتە بەر و ئەمە دابێکی پەسەن بوو لە کۆمەڵگای بەهدینی. بەڵام ئێستا کوردان لە دوای دابڕان لە ئایینی زەردەشت، مەخابن ئەم دابە، لە لایەن ژنانی مێرددار یا پیاوانی ژندار بە هەڵە بە کار دەهێنرێت.
لە ئایینی بەهدینی ژن دەتوانێت خاوەنی زەوی و زار و باخ و سامان و هەموو ئەو شتانەی کە پیاوێک بۆی هەیە، ببێت. ژن دەتوانێت داوەر بێت و لە دادگاهدا، دادی خەڵک بدات و هاوشانی پیاو لە بەرگری نیشتمانییدا، لە کارزاری جەنگدا بەشداری بکات. هاوسەریی، کارێکی پەسەند

و پێویستە لە دینی بەهدینی. هاوسەریی لە سەر بنەماکان و دەستووری دینی زەردەشتدا، بەرابەر بە یەکسانی و ئازادیی ژنە.
کاتێک مرۆڤ سەیری برێک لە هەریمەکانی جیاوازی کوردستان دەکات، ڕەگێکی مێژوویی لە ئاسەواری ئایینی بەهدینی لە ناو دیمانە و ڕەوشتی ژنانی کورد دەبینێت، هەر چەندە کاریگەری دینی و کلتووری بێگانەکان بێئەندازە کوشەندە بووە، هزر و ڕەوانی پیاو و ژنی کۆمەڵگای کوردەواری لە جەوهەری یەکسانی و بەرابەری ئایینی بەهدینی شۆردوەتەوە، بەڵام ئاسەوەرانەکانی ڕەوشتی بەهدینی لە ناو سیما و ڕەوشتی ژنی بوێری کورد دەبینرێتەوە و لە برێک ناوچەی کوردستان بەرابەری و دەستڕۆیشتووی ژنان بەرچاو دەکەوێت، کە ئەمە لە جەوهەری ئایینی بەهدینی نزیکتر و ڕاستترە.
دەزانین کە میدیاکان پێش 8 سەدەی پێش زایین، ئیمپراتۆرییەکی بە هێزیان هەبوو، بە شێوەیەکی مرۆڤانە دەستەڵاتی میزوپاتامیا و هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان بە دەست گرت. «ئیگۆر میخائیلویچ دیاکۆنۆف» نووسەری «رووس» لە پەرتووکی «میدیا» لە ساڵی 1965، لە زمانی «لنین»ەوە دەنووسێت کە میدیاکان نەتەوەکی ئازادیخواز بوون.
گۆڕانکاری و هزر و رامانی زەردەشت کارێکی ئاواهی کرد کە ژنانی میدیا لە هەموو بەشەکانی ژیان و کۆمەڵگا هاوڕیز و هاوشانی پیاو بن. ژنان سەربەست و ئازادبوون، بەو جۆرێک کە لە مێژووی هیچ گەل و نەتەوەیەکی ئەو سەردەمە و پاشاتریش، ئێمە ئەو ئازادییە نابینین. لەو سەردەمە یۆنانییەکان لەتەک ژنانی خۆیان وەک کۆیلە هەڵسووکەوتیان دەکرد. تەنانەت ناودارێکی وەک «ئەرەستو» دەیگوت کە (ژن رۆحی نییە). (پەرتووکی مێژووی فەلسەفەی زەردەشت. بل دوبرۆی. پاریس.1984. لاپەڕەی 110)
جێگای خۆیەتی لێرەدا سەرنجێک لە واژەی «دایک» لە ناو زمانی کوردی بدەین. لە زاراوەکانی جیاوازی کوردی واژەی «دایک» بەم 10 جۆرە دەگوترێت: «دایە، دایک، داڵک، دا، ئا، ئۆدا، دێ، جیا، داک، دادە». ناوی دایک بەم جۆرانە لە ناو زاری زارۆکی کورد لە ناو زاراوەکانی جیاوازی کورد دێتە دەر و دێتە بیستن.
وشەی «دایک»، لە وشەی «دا» و «یک» دروست بووە. «دا» لە زمانی کۆنی کوردی، ئاڤێستایی بە واتەی «دان، داین، بەخشین» هاتووە. (فەرهەنگی واژەکانی ئاڤێستا. بەرگی 2. ل 726/712) و وشەگەلی «داتەر، دادار، دادەر» لێ دروست بووە کە هەمووی بە واتەی بەخشێنەرە و یەکێک لە سەدویەک ناوی ئەهۆرا مەزدایە لە ئایینی بەهدینی.
واژەی «دا» ئێستاکە لە فەرهەنگی زمانی کوردی پتر لە 16 واتەی هەیە، وەک: 1- لە پێش وشە بە مانای بەرەوخوار (داکەوتن، داهێنان، داهێشتن) 2- نوێ، تازە (ئاوازێک داهاتووە) 3- هەتا، هەیا (دا بۆ خۆم دێم، هیچ مەکە) 4- دابا، بلا (دەبا، دا با بزانم چییە) 5- مات و سەرگەردان (دا مابووم) 6- ئەی، هۆی (دا نەشمیلە گیان بێ) 7- مەکە، وامەکە (دا بێ دەنە بە با گوێم لێ بێت) 8- پێشگری خواستن (دا پێم بە، دا بێ) 9- وشەی هاندان (دا دەی، پەلەکە) 10-

وشەی ڕێزنان لە کیژی شوو نەکردوو (دا گوڵچین) 11- دەفرایەتی (ئەم جەواڵە چی تێ دایە) 12- چارەسەری نەخۆشین (خەریکی داو دەرمانم) 13- هاوار و گازند (دا لە دەست داگیرکەری بێبەزەیی) 14- لێدان (لە منی دا) 15- بە واتەی بەخشش و بەخشین (دیاری دا بە من) 16- بە مانای دایک، دێ، داک، داڵک. عەرەبیش وشەی «دایە»یان لە زمانی کوردی وەرگرتووە و لە جێگای «مامان» کوردی بە کاری دێنن.
وشەکانی «دایکە» و «دایکەڵە» کە بۆ دواندنی دایک بە زاری خۆشەویستی لە ناو زمانی کوردی ماوە، لە چاوکی وشەی ئاڤێستایی «دا»یە. خودی ناوی «ئەهۆرا مەزدا»، وشەی «دا»ی لە خۆ گرتووە. «ئەهۆرا مەزدا» بە واتەی خودای مەزنی بەخشێنەر. «مەز» لە زاراوەی کرمانجی ژوورو، بە واتەی مەزن وەک خۆی ماوە، «دا» بە واتەی بەخشێنەر و بەدیهێنەر، کە هەر لە زمانی کوردی ئێستا وەک خۆی ماوە.
بۆیە کاتێک مرۆڤ سەرنجی ناوەکانی «خوداوەند، ئەهۆرا مەزدا، دادار، دایک» دەکات لە ناو هەموویاندا، وشەی هاوبەشی «دا» دەبینێت. خاڵی هاوبەشی خودا و دایک ئەویە کە هەردووکیان «بەدیهێنەر» و دروستکەرن. وتمان «مەزدا» بە واتەی بەدیهێنەری مەزن، بۆ پەسن و دواندنی خۆشەویستی لە بەردەم خودایە، «دایکە»ش بە واتەی داهێنەری پچووکە، دایکەڵە بۆ پەسن و دوواندنی خۆشەویستی لە بەردەم دایکە. ناوەکانی کچەکە، کوڕەکە، باوکە و دایکە لە زمانی کوردی هەمووی بە مەبەستی دەربڕینی خۆشەویستی بە کار دێت.
بۆیە زۆر گونجاوە کە ئەگەر بگوترێت لە ناو ئایینی بەهدینی و زمانی کوردی، ڕێزی دایک شان لە شانی خودای مەزدا و دلۆڤان دەدات.
واژەیەکی دی لە زمانی کوردی هەیە، «ئافرەت» کە وەک وشەی «ژن»، هەر کوردییە و لە چاوکی «ئافراندن» دێت. بێگومان واژەگەلی ترمان هەیە کە وەک نازناو یا ڕێزنان، بۆ ژنان و ئافرەتان بە کار دێت، وەک «کەیبانوو»، کە ئەویش سەر بە واژەی ئاڤێستایی «کەی، کاوی» بە واتەی بەڕێز، سەرۆک، پاتشا، میر و خاوەن تاج و تەختە. وشەی کەی لەتەک ناوی زۆر پاتشای دیرۆکی کۆنی کورد، گرێی خواردووە وەک: کەیخەسرەو، کەیقوباد، کەیکاووس. ئایینی «کاکەی» و هەروەهاش واژەی «کاکە» لە چاوکی وشەی «کەی» ئاڤێستایی گیراوە، کەی لە زمانی کوردی سەرناوی ژنان و پیاوانی بەڕێز و پیرە. هەروەهاش واژەی کەی لەتەک وشەی دی لە زمانی کوردی، ئێستاکەش بە کار دێت وەک: (کەیسەرا بە واتەی سەرا و کۆشکی پاتشا)، (کەیبانوو بە واتەی ژنی پاتشا، شاژن، کابان، کە لە ئێستا بە واتەی ژنێکی پاک و خاوێن و کارکەر و دەسڕەنگین بە کار دێت و لە واتەی ڕاستی «کەێ بانوو» دوورە)، (کەیخوا، کوێخا، کەیخودا بە واتەی پیاوی ژیر و بەمشۆر)، (کەیل بە واتەی سەرکۆمار و سەردار و سەرۆکی ئێڵ و هۆز)، (کەینەک بە واتەی کەنیشک و دۆێترە، کچ).

له ناو هۆڕەکانی زەردەشتدا، ناوی ژن و پیاو له یەک ئاست و به یەک ڕێز هاتووه. له کاتی ستایشت و نیایشتەکانی ئاینی، له کاتی جەژنی شالپۆشان تەمەنی کچ و کوڕ وەک یەک دیاری کراوه.
مرۆڤ دەتوانێت له سرووەکانی زەردەشتدا، دوو لایەنی تەواوکەری یەکدی ژن ببینێت. یەکەم ژن وەک بڕوامەندێکی بەهدینی، دووهەم وەک یەکێک له دوو ڕەگەزی مرۆڤ، که شوێن و جێگای تایبەتی له ژیانی جڤاکی هەیه. زەردەشت، ژن وەک نیوەی کۆمەڵگا و بڕوامەندێکی بەهدینی، ویژدان و رامانی مەبەسته، بانگهێژی دەکات که هزر و رامان و بڕیاری خۆی به ئازادانه هەڵبژێرێت.
ژن ئازاده که له سەر بنەمای بیر و ئەندێشه و ناسین و زانایی خۆی، ئەو شته و ئەو کەسەی که خۆی پێی خۆشه هەڵیبژێرێت. له دیتنی دووهەمیش، ژن یەکێک له ئەندامانی کۆمەڵگایه که دەبێت دەور و ئەرکی تایبەتی خۆی وەک کیژ، وەک هاوسەر، وەک دایک و وەک ژن له ژیاندا ببینێت. لێرەدایه که ئافراندن و شیردانی منالْ به چەشنێکی سرووشتی دەکەوێته سەر شانی دایک.
ڕۆژی 12.05 مانگی کوردی، «سپندارمەز» پێنجەم ڕۆژی مانگی «ڕەشەمه، ئەسپەند، ئەسفەند» بەرانبەر به بیستوچواری فیبرەوری 24. 02 زایینی، هەر له مێژووی کۆنەوه تا کۆتایی ئیمپڕاتۆری کوردی ساسانییەکان تا هاتنی ئیسلام، ڕۆژی ژنان بووه و جەژن گیراوه. لەم ڕۆژەدا ژنان دیارییان له هاوسەرانیان وەرگرتووه.

1– Thshtri

(بەشێکی هەره زۆری هاوسەرییەک که ئێستا له ناو کوردان باوه و ئەو رامان و دیتن و مافه، که پیاوی کورد هەیەتی له هەمبەر ژنان و هەروەها دیتنی بڕێکی زۆری ژنانی کورد سەبارەت به خۆیان، لەتەک کۆیلەتی جیاوازییەکی ئەوتۆی نییه. بۆیه دەبێت مرۆڤی کورد، به تایبەت پیاوی کورد، ئاوڕ بداتەوه له خۆی و دیرۆکی خۆی، بۆیه به باوەڕی من: ژین، ژیان و ژیار، چاوکانییان ژنه.)

سەرنج:
بەشێکی ئەم بابەتانه له ڕۆژەکانی 21 و 22 نوامبری سالْی 2001 له «کۆنفرانسی ئاڤێستا»، له شاری «بەرلین» له ئالْمان، که بۆ ماوەی 2 ڕۆژ له لایەن «ئەنستیتوی کورد له بەرلین» بەڕێوه چوو، پێشکەش کرا. خوێندنەوەی ئەم وتارانه، بوو به هۆی ورووژاندنی بیری تازه و جیاواز و گفتوگۆیەکی زۆر له لایەن زانایانی بەشداری ئەم کونفرانسه. دەقی ئەم وتاره و وتاری زانایان و لێکۆڵینەرانی دی به زمانەکانی ئالْمانی و ئەنگلیسی له ڕێگای ئەنستیتوی کورد له بەرلین بلاو کراوەتەوه. زانایانی بەشدار له کونفرانسەکه بریتی بوون:

Prof. Dr. Werner Sundermann – Berlin
Dr. Sirach Bilgin – Upsala
Prof. Dr. Carsten Colpe – Berlin
Dr. Memo Ocman – berlin
Hosheng Borka – Bielefeld
Prof. Dr. Kreijenbork – Gottingen
Dr. Zorab Bodi Aloyan – Bermen
Prof. Dr. Kesra Vefadari – Paris
Baban Seqizî – Kopenhagen

گاثاکان

کۆنترین بەشی ئاڤێستا

سرووودەکانی ئاشوو زەردەشت

هاتی 28

سەرەتا،
ئەی مەزدای مینوویی پاک..!
پترکەری چاکە،
ئێستا بە دەستی بەرزکراوەوە نوێژت بۆ دەکەم و
داوای بەختیاریی گشتی دەکەم.
با بە کردارە پاک و ڕاستەکان،
کە بە خێرەت و رامانی پاک ئەنجام دەدرێن،
ڕەوانی ئافراندن خۆشنووت بکەم.
گاتا، هاتی 28، سروودی 1

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
بە رامانی پاک و دڵی ڕووناکەوە،
لە بەر تیشکی ڕاستیدا،
ڕوو لە تۆ دەکەم،

ئێمە لە پاداشتی ژیانی ئەنبووژەنی و مینوویی،
کە لایەنگرانت بە بەختیاری دەگەینێت،
بەهرەمەند بکە.
گاتا، هاتی 28، سروودی 2

ئەی ڕاستی و ئەی رامانی پاک..!
ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
سروود بۆ ئێوە دەهۆنمەوە،
سروودێک کە تا ئێستا کەس نەیهۆنیبێتەوە،
تا توانامەندیی مینوویی و پاکی،
لە ئێمەدا پتر بێت.
تکای ئێمە بپەژرێنە و
شادومانی و بەختیاریمان پێ ببەخشە.
گاتا، هاتی 28، سروودی 3

وا من ڕەوانی خۆم لەتەک رامانی پاکدا،
بەرەو سەرای بەرین ڕێنوێنی دەکەم و
بە لەبەر چاوگرتنی ئەو پاداشتەی کە مەزدا ئەهۆرا
بۆ کرداری پاکی دیاریی کردووە،
تا هێز و توانام هەیە،
کۆمەڵان فێر دەکەم کە
لە ڕێگای ڕاستیدا تێبکۆشن.
گاتا، هاتی 28، سروودی 4

ئەی ڕاستی..!
کەی دەتوانم بتبینم؟
ئەی رامانی پاک..!
کەی دەتوانم لە داناییدا بە تۆ بگەم؟
ئەی ئەهۆرای بەتوانا..!
کەی دەتوانم ڕێگات بدۆزمەوە؟
کەی دەتوانم سرووشی یەزدانی ببیستم؟
هیوادارم لە بەر پرشنگی پەیامی بیرخرۆشێنەرت و
هێزی گوفتاردا،
ڕێپیشاندەری گومڕایان بم.
گاتا، هاتی 28، سروودی 5

ئەی ڕاستی و ئەی رامانی پاک..!
بەرەو ڕووی من بێن،
خەڵاتی تەمەندرێژیم پێ ببەخشن.
ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
بە گوتاری ڕاستی خۆت،
بە زەردەشت و هاوڕێیانی،
وزەی مینوویی و شادومانیمان خەڵات بکە،
تا بە سەر ئازار و ڕکی نەیارانماندا زاڵ ببین.
گاتا، هاتی 28، سروودی 6

ئەی ڕاستی..!
ئەو خەڵاتە بە ئێمە ببەخشە،

کە بەهرەی رامانی پاکە.
ئەی پاکی..!
ئارەزووەکانی «گوشتائەسپ» و پەیڕەوانی بە جێ بهێنە.
ئەی مەزدا..!
وزەمان پێ ببەخشە،
تا پەیامی تۆ بە هەمووان ڕابگەیەنین.
گاتا، هاتی 28، سروودی 7

ئەی ئەهۆرا..!
ئەی باشترین و لە هەمووان چاکتر..!
ئەی هاودەمی باشترین ڕاستییەکان..!
لە کانگای دڵەوە تکا دەکەم،
کە جاویدانی و رامانی پاک
بە «فرەشەوشتر»ی دلێر و یارانی ببەخشیت.
گاتا، هاتی 28، سروودی 8

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
ئەی ڕاستی..!
ئەی رامانی پاک..!
بەو بەخششەی کە بۆ من هەتانە،
هەرگیز ئازارتان نادەم،
تێدەکۆشم کە ستایشتی خۆم
بە ئێوە نیاز بکەم،
کە ئێوە و توانای مینوویی ئێوە،

شایانی ستایشتن.
گاتا، هاتی 28، سروودی 9

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
ئاواتی ئەو کەسانە بەجێ بهێنە،
کە دەیانناسیت و دەزانیت
ڕاستبێژ و بیرچاک و دروستکارن.
من چاک دەزانم
کە تۆ وەڵامی هەر نیایشتێک
دەدەیتەوە،
کە لە کانگای دڵەوە هەڵبقوڵێت و
بۆ ئارمانجێکی چاک بێت.
گاتا، هاتی 28، سروودی 10

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
بە سرووشی خۆت،
من بە نیایشتەکانم،
کە پاسەوانی هەمیشەیی ڕاستی و ڕامانی پاکم،
فێرم بکە و پێم بێژە:
سەرەتا چۆن بوو و
ئەم بوون و ئافراندنە چلۆن بەدی هاتن؟
گاتا، هاتی 28، سروودی 11

هاتی 29

ڕەوانیی جیهان لە لای ئێوە (ئەهۆرا مەزدا) گازندەی هەیە:
هاوار.... بۆچی منت ئافراند؟
کێ منی خستە ناو قاڵبی بوونەوە؟
ڕک و توورەیی و ستەم و دەستدرێژی و ڕووشی،
منی داگرتووە.
بێجگە لە تۆ پشت و پەنایەکم نییە،
فریادڕەسێکی دڵسۆزم،
پێ بناسێنە،
کە ڕزگارم بکات.
گاتا، هاتی 29، سروودی 1

ئینجا،
کردگاری جیهان (ئەهۆرا مەزدا) لە ڕاستی پرسیی:
ڕابەری تۆ لە جیهاندا کێیە،
تا ئێمە ببینە یاوەر و پشتیوانی و

توانای ئاوەدانکردنەوەی جیهانی پێ ببەخشین؟
دەخوازی چ کەسێک سەرداری جیهان بێت،
تا ڕک و ئازاری چەواشەکاران تێک بشکێنێت؟
گاتا، هاتی 29، سروودی 2

ڕاستی بەرسڤی دایەوە و گوتی:
کەسێکی ئاوا ناناسم،
کە ئازار بە ڕووی جهانەوە نەهێڵت و
یارمەتیدەری ڕندکاران بێت لە هەمبەری خراپەکاران.
بێگومان ئەو کەسە دەبێت،
لە ناو کۆمەڵگادا مێهرەبان و
لە هەموو کەسێک بە تواناتر بێت،
تا ئالیکاریی بکەین.
گاتا، هاتی 29، سروودی 3

بێگومان مەزدا ئەهۆرا،
لە هەموو کەسێک باشتر ئاگادارە،
کە پەیڕەوانی خودایانی درۆ (دێڤ پەرستان و بت پەرستان)،
لە ڕابردوو چییان کردووە و
لە ئایەندەشدا چی دەکەن،
تەنها مەزدا ئەهۆرا داوەرە،
کەوایە، هەر چی ئەو بیەوێت هەر بەدی دێت.
گاتا، هاتی 29، سروودی 4

من و ڕەوانی ئافەرینشت،
بە ڕێز و دەستی بەرزکراوەوە،
ستایشتی ئەهۆرا دەکەین،
لە ئەو داواکارین
کە لە ئالی چەواشەکاران و نەیارانەوە
گەزەند بە پاکان و ڕابەرەکەیان نەگات.
گاتا، هاتی 29، سرووودی 5

پاشان،
مەزدا ئەهۆرا،
کە هۆنینەوە و هۆرەی ژیان،
لە دانایی ئەوە، گوتی:
ئایا تۆ سەردار و ڕابەرێکی پاک و شایستە ناناسی؟
مەگەر تۆ بۆ ئاگاداری و پاراستنی جیهان
هەڵبژاردەی پەروەردەگار نیت؟
گاتا، هاتی 29، سرووودی 6

ئەم گوفتارە پیرۆزەی،
رامان دەخرۆشێنێت و شادی دەهێنێت،
لە پەروەردەگارێکەوەیە،
کە خواستی لەتەک ڕاستیدا یەکسانە.
مەزدا ئەهۆرا،
پاکانی فێر کردووە،
بۆ ئاوەدانی و پێشکەوتنی جیهان.

ئەی رامانی پاک..!
کێیە ئە فریادڕەسەی کە لایەنگری تۆ بێت و
بە ڕاستی هاریکاری خەڵک بێت؟
گاتا، هاتی 29، سروودی 7

تەنیا کەسێک کە من بیناسم و
گوێ لە ڕاهێنانی ئێمە بگرێت
زەردەشت ئەسپێتمانە،
تەنیا ئەوە کە دەیەوێت،
ڕاهێنانەکانی ئایینی ڕاستی و
سروودی ستایشتی مەزدا
بە کۆمەڵان ڕابگەیەنێت.
کە وابێت،
ئێمەش پەیڤی شیرین و دڵپەسەنی گوفتار،
هەر بۆ ئەو ڕەوا دەبینین.
گاتا، هاتی 29، سروودی 8

پاشان،
ڕەوانی جیهان دوبارە بانگی هەڵدا و گوتی:
ئایا دەبێت من پشتیوانی پیاوێکی بێتوانا
بپەژرێنم و گوێی بۆ ڕاگرم؟
بە ڕاستی ئارەزوومەندی سەردارێکی بەتوانا بووم.
کەی کەسێکی ئاوا،
بە دەستانی پڕتواناى خۆی،

یارمەتیی من دەدات؟
گاتا، هاتی 29، سروودی 9

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
لە ڕێگای ڕاستی و رامانی پاکدا،
هێز و توانایان پێ ببەخشە (زەردەشت و یارانی)
تا جیهانێکی پڕ لە ئاوەدانی و ئاسایش،
بەدی بێنن.
ئەی مەزدا..!
من (ڕەوانی ئافرینشت) ئەو
بە بەرزترین ئافەریدەی تۆ دادەنێم.
گاتا، هاتی 29، سروودی 10

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
کەی ڕاستی و رامانی پاک و توانای مینوویی
ڕوو لە ئێمە دەکات؟
کەی ئەنجومەنی مۆغان،
ئەم ئایینەی تۆ دەپەژرێنێت؟
ئێستا کە یاوەرێک گەیشتووتە ئێمە،
ئێمەش ئامادەی ئاریکاریی ئەوین.
گاتا، هاتی 29، سروودی 11

هاتی 30

ئێستا بۆ ئێوە ئەی پەیجۆرانی ڕاستی و
ئەی خەڵکانی دانا دەئاخفم..!
لەمەڕ دوو مژاری گەورەوە،
هەروەهاش شێوەی ستایشتی ئەهۆرا و
رامانی پاک و
زانستی چاک و ئایینی ڕاستی،
تا تیشک و ڕۆشنایی ڕاستەقینە بناسن و
بە ڕەسایی و شادومانی بگەن.
گاتا، هاتی 30، سرووودی 1

(دوو مژاری گەورە مەبەست: دوو هێزی نەیار و دژ بەیەکن، یەکەمیان "سپێنتامینوو" یان بیری پاک، دووهەمیان "ئەنگەرەمینوو" یان ئەهریمەن بە واتەی بیری خراپ)

کە وایە،
پەیڤە هەرە باشەکان بە گوێی هۆش ببیسن و

بە ڕامانی ڕوون بڕوانن،
هەر یەک لە ئێوە،
یەکێک لەم دوو ڕێگایە بۆ خۆی هەڵبژێرێت و
بەر لە بویەری مەزن،
ڕاپەڕن و بە دروستی،
ئەم ئایینە فێر ببن و پەرەی پێ بدەن.
گاتا، هاتی 30، سروودی 2

ئەو دوو گەوهەرە لفانە،
هەر لە سەرەتاوە،
لە ناو ڕامان و خەیاڵدا پەیدا بوون،
یەکێکیان چاکە دەنوێنێت و ئەوی دیکە خراپە،
لەو دووانە
مرۆڤی ژیر ڕاستی و دروستی هەڵدەبژێرێت،
نەزانیش خراپە و چەوتی.
گاتا، هاتی 30، سروودی 3

لەوساوە،
کە ئەو دوو گەوهەرە پێک گەیشتن و
ژیان و ناژیانیان بەدی هێنا.
یارانی درۆ ناخۆشترین بوونیان هەڵبژارد،
ڕاستپەرستانیش خۆشترین.
لەوساوە
ئەمە بوو بە یاسا و

هەتا هەتایەش
هەر وا دەبێت.
گاتا، هاتی 30، سروودی 4
(ژیان و ناژیان، بوون و نەبوون، هەستی و نیستی، لێرە مەبەست لە ناژیان و نەبوون و نیستی، مەرگ نییە، ناژیان بە واتەی ژیانێکی بێ سوود و بێکەڵک، یان پڕ لە درۆ و دووڕوویی و کرداری ناپەسەنە کە لەتەک هەنجاری ژیان ناگونجێت)

لەم دوو گەوهەرە،
لایەنگری درۆ
کردارە خراپترینەکان هەڵدەبژێرێت،
ئەو کەسەی کە پاکترین رامانی هەیە و
بە تیشک پایەداری زانست ڕازاوەتەوە،
هەر وەها ئەو کەسەی کە
بە بڕوای پتەو و کرداری دروست
مەزدا ئەهۆرا کەیفخۆش دەکات،
ڕاستی هەڵدەبژێرێت.
گاتا، هاتی 30، سروودی 5

لەو دوو گەوهەرە،
دێڤپەرستان ڕاستی هەڵنابژێرن.
چونکە کاتێک کە دوو دڵ و بە گومانن،
فریو دەخۆن،
بۆیە

ڕوو لە خراپترین رامان دەکەن و
هەنگاو بۆ توورەیی دەنێن و
ژیانی جڤاک بەرەو کاڤلی دەبەن.
گاتا، هاتی 30، سروودی 6

ئەو کەسەی کە ڕێگای چاکە هەڵدەبژێرێت،
توانای مینوویی،
رامانی پاک و ڕاستی دەست دەکەوێت و
پاکی بە تەن و گیانی ئەو،
پایەداری و توانامەندی دەبەخشێت.
بێگومان چونکە ئەو لە لایەنی تۆ بووە،
لە ئەزموونی گرانی ژیاندا
سەر دەکەوێت.
گاتا، هاتی 30، سروودی 7

ئەو کاتەی کە،
تاوانباران ئەنجامی سووچەکانی خۆیان بینی،
ئەوسا، ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
لە ڕێگای رامانی پاکەوە،
شکۆداری و دەستەڵاتی تۆیان
بۆ ئاشکرا دەبێت و
فێر دەبن،
چلۆن بۆ لەناوبردنی درۆ و
سەرکەوتنی ڕاستی و پاکی کۆشش بکەن.

گاتا، هاتی 30، سروودی 8

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
ئارەزوومەندین خۆمان بدەینە دەستی تۆ و
لەو کەسانە بین کە جیهان بەرەو پێشکەوتن و ئاوەدانی دەبن.
ئەی هەستیبەخش، وا بکە:
ئەو کاتەی کە رامان تووشی بەدگومانی و لاوازی دەبێت،
ڕاستی بە هانامان بگات و
دڵ و رامان،
ئێمە لە یەک نزیک بکەنەوە.
گاتا، هاتی 30، سروودی 9

ئەو کاتەی کە درۆ و
وێرانی تێکدەشکێت،
ئارەزووی ئەوانەی کە بە خۆشناوی خەباتگێڕ و
چاکەکار ناسروان،
بەدی دێت و
لە سەرای درەخشان و خۆشیی رامانی پاکی یەزدانی و
ڕاستی بەهرەمەند دەبن.
گاتا، هاتی 30، سروودی 10

ئەی خەڵکینە..!
هەر دەمێک لەم ئایینە دیاریکراوەی مەزدا بگەن کە:
سزا و ڕەنجی هەمیشەیی بەشی چەواشەکارانە و

شادی و سوودی بێژمار بەهرەی ڕندکارانە،
ئینجا،
لە بەر تریفەی ئەم ڕێبازەدا
بە بەختیاری و ڕزگاریی ڕاستەقینە دەگەن.
گاتا، هاتی 30، سرووودی 11

هاتی 31

ئەی پەیجۆرانی دانش..!
ئێستا ئەم ڕاهێنان و گوتارانەی،
کە تا ئێستا نەبیستراون،
بۆتانی ئاشکرا دەکەم.
بێگومان، ئەم گوتانە،
بۆ ئەو کەسانە ناگەوارە کە،
بە ئامۆژگاریی درۆ،
جیهانی ڕاستی بەرەو وێرانی دەکێشن و
بۆ سەوداسەرانی مەزدا،
شادیبەخش و باشترینە.
گاتا، هاتی 31، سروودی 1
(مەبەست لە سەوداسەرانی مەزدایی، ئەو کەسانەیە کە بە دڵ ئەڤینداریی خودا دەکەن)

چونکە بەم ڕاهێنانە ناڕاستە،

بواری هەڵبژاردنی ڕێگا،
ڕوون و ئاشکرا نییە،
من، هەر وەک ئامۆژگارێک،
کە هەڵبژاردەی مەزدایە،
بەرەو ڕووی ئێوە دێم،
تا هەر دوو گروو ڕابهێنم،
بەرابەری ڕاستی بژین.
گاتا، هاتی 31، سروودی 2

ئەی مەزدا..!
ئەو بەختیارییەی کە لە بەر ڕووناکیی تیشکی مینوویی،
لە ڕێگای ڕاستییەوە،
بە هەر دوو گروو مزگێنیت داوە و
ئەو ئایینەی کە بۆ فەرزانەکانە،
بە گوفتاری خۆت،
بۆ ئاگابوونەوەی ئێمە، ئاشکرا بکە
تا من، هەموو کۆمەڵان
بۆ لایەنگیری لە ئایینی ڕاستی بانگەواز بکەم.
گاتا، هاتی 31، سروودی 3

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
ئەی جاویدانە پاکەکان..!
ئێمە داواکاری ئەڤین و
ڕاستی و پاکی و

چاکترین هزر و
هێزی مینوویین،
تا بە پەروەردەکردن و پەرەپێدانیان،
بە سەر درۆ زاڵ ببین.
گاتا، هاتی 31، سرووودی 4

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
ئاگادارم بکە،
تا لە ڕێگای ڕاستی و رامانی پاکەوە،
ئەو ئایینە هەڵبژێرم،
کە بۆ من باشترینە و
بتوانم لە پاداشتی شادیبەخشت
تێ بگەم و
ئەو شتەی کە ڕوو دەدات و
ڕوو نادات، ببینم.
گاتا، هاتی 31، سرووودی 5

ئەو دانایە،
کە گوتەی پاک و ڕەسەنی من،
کە بۆ کۆمەڵان پێگەیشتن و گەشەکردنی جاویدانی، ڕێنوێنی دەکات،
بە گوێیان بگەیەنێت،
لە باشترین پاداشت و بەختیارییەکان بەهرەمەن دەبێت،
بێگومان مەزدا ئەهۆرا،

لە بەر پرشنگی ڕامانی پاکدا،
توانامەندیی ئەو کەسە پتر دەکات.
گاتا، هاتی 31، سروودی 6

ئەوە کە لە سەرەتادا،
بە هزری خۆی،
ڕۆشنایی بە گەردوون بەخشی و
بە خێرەتی خۆی
هەنجاری بوونی ئافراند،
تا چاوەدێر و پشتیوانی،
ڕامانە هەرە باشەکان بێت.
ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
ئەی ئەوەی کە مینای یەکسانیت..!
بە هێزی پیرۆزی مینووی خۆت،
ڕووناک و سەرفرازمان بکە.
گاتا، هاتی 31، سروودی 7

ئەی مەزدا..!
کاتێک کە لە ڕامانی خۆم ورد بوومەوە،
تێگەیشتم کە
تۆ سەرەتا و سەرئەنجامی بوونی،
تۆ سەرچاوەی ڕامانی پاکیت.
ئەو کاتەی کە بەویناوم تۆم بینی،
لەوە گەیشتم کە تۆی

بەدیهێنەری ڕاستیی،
هەر خۆت داوەری دادگەری هەموو کردارێکی ئەم جیهانەی.
گاتا، هاتی 31، سروودی 8

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
پاکی و بەهدینی لە تۆوەیە.
گەوهەری پیرۆزی مینووی جیهانساز لە تۆوەیە.
تۆ ئازادی هەڵبژاردنی ڕێگات
بە مرۆڤ بەخشیوە.
تا پێشڕەوی ڕاستەقینەی خۆی هەڵبژێرێت و (رامانی پاک)
پشت لە ڕابەری درۆ بکات. (هزری خراپ)
گاتا، هاتی 31، سروودی 9

پاشان، لە نێوانی ئەو دووانەدا،
پێویستە مرۆڤ،
ڕابەرێکی ڕاستەقینە بۆ خۆی هەڵبژێرێت
کە دروستکردار بێت و
پترکەری رامانی پاک بێت.
ئەی مەزدا..!
هەرگیز ڕابەرەکێکی تەڵەکەباز،
کە خۆی بە ڕاستی و پاکیدا هەلواسیبێت،
ناتوانێت پەیامهێنەری تۆ بێت.
گاتا، هاتی 31، سروودی 10

ئەی مەزدا..!
کاتێک لە سەرەتادا،
بە رامانی خۆت،
لەش و خێرەت و ویژدانت
بۆ ئێمە ئافراند،
گیانت بە لەشی ئێمە
بەخشی و
توانای گوفتار و کردار و ڕابەریت پێ بەخشین،
ویستت ئێمە رامانی خۆمان
بە ئازادیی تەواو هەڵبژێرین.
گاتا، هاتی 31، سروودی 11

لەم ڕووەوەیە کە هەر کەس،
چ ڕاستگۆ بێت و چ درۆزن،
چ زانا بێت و چ نەزان،
ئەو شتەی کە لە دڵ و رامانیدایە
بە سەر زاریدا دێت و ئاشکرای دەکات،
هەر کاتیش کە
رامان دوچاری پرسیار و سەرگەردانی و دڵەڕاوکێ بێت،
ئەوە پاکی
بە هانای ڕەوانی دێت و
ڕێنوێنی دەکات.
گاتا، هاتی 31، سروودی 12

ئەی مەزدا..!
کاتێک کەسێک،
بە ئاشکرا یا نهێنی،
پرسیارێکت لێدەکات
یا کەسێک بۆ گوناهێکی پچووک
سزایەکی مەزن دەبینێت،
تۆ بە چاوی وردبینی خۆت و
لە ڕێگای ڕاستیەوە،
هەموو شتێک دەبینێت و لە گشتی ئاگاداریت.
گاتا، هاتی 31، سروودی 13

ئەی مەزدا..!
ئەمە لە تۆ دەپرسم:
لە کارنامەی ژیانی مرۆڤ و
لە ئەنجامی
ئەو شتەی بەسەر چووە و
ئەو شتەی بەسەر دەچێت،
پاداشت و سزای لایەنگیرانی
ڕێگای ڕاستی و چەواشەیی چی دەبێت؟
گاتا، هاتی 31، سروودی 14

ئەی ئەهۆرا..!
ئەمە لە تۆ دەپرسم،
سزای کەسێک،

کە وزەی چەواشەکار پتر دەکات
چی دەبێت؟
کەسێک کە لە ژیاندا
بێجگە لە ئازاردانی ڕێبەرانی دروستکردار و
پەڕەوازەکردنی ڕەنجبەران لە ئەوان،
کارێکی دیکەی لێ ناوەشێتەوە،
چ سزایەک دەبینیت؟
گاتا، هاتی 31، سروودی 15

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
ئەمە لە تۆ دەپرسم،
ئایا کەسێک،
بە زانایی و بیرکردنەوەی ژیرانە،
بۆ پتربوون و پێشکەوتنی خانوو و گوند و شار یا وڵاتەکەی و
بۆ پەرەپێدانی ئایینی ڕاستی تێ بکوشێت،
بە خەڵاتی دیداری تۆ دەگات؟
کەی و چۆن ئەم ئارەزووەی دێتە دی؟
گاتا، هاتی 31، سروودی 16

لە بەهدین و چەواشەکار،
کامەیان ڕێگای دروستی هەڵبژاردووە؟
زانای ڕووناکبیر بەرپرسیارە
کۆمەڵان وریا بکاتەوە،
تا نەزان هەڵیان نەفریوێنێت و بەرەو چەواشەیی نەیانبا.

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
بۆ ئێمە،
ئامۆژگار و ڕێپیشاندەری هزری پاک بە.
گاتا، هاتی 31، سروودی 17

کەواتە، با کەس
گوێ لە گوتار و ڕاهێنانەکانی
مرۆڤی چەواشەکار نەگرێت.
چونکە بێگومان چەواشەکار
خانوو و گوند و شار و وڵات
بەرەو وێرانی و لەناوچوون دەبات.
کەوایە، لە دژی چەواشەکاران،
ڕاپەڕن و بجەنگن.
گاتا، هاتی 31، سروودی 18

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
کەوایە با مەردوم
گوێ بدەنە گوتاری دانایەک کە
لە ڕاستی بیر دەکاتەوە و
چارەسەری ژیانی کۆمەڵانە،
ڕاستگۆییەکەی دەرمانبەخشە،
خۆشبێژ و بەتوانایە و
لە بەر تریفەی پرشنگداری تۆ،
شوێنی هەر دوو ئالی دیاری دەکات.

گاتا، هاتی 31، سروودی 19

هەر کەسێک ڕوو لە ڕاستی بکات،
تیشک و ڕووناکی دەبێتە سەرا و هەواری.
بەڵام مرۆڤی گومڕێ،
تا زەمانێکی دوور و درێژ،
ژیانی لە ناو تاریکی و دڵڕەشی و
داخ و خەفەت دەباتە سەر،
سەرئەنجامێک کە
لە کردار و ویژدانی خۆی بەدی دێت.
گاتا، هاتی 31، سروودی 20

مەزدا ئەهۆرا،
بە زانست و سرووشی خۆی
خەڵاتی پێگەیشتن و جاویدانبوون،
ڕاستی و توانامەندیی مینوویی و
یارمەتیی رامانی پاک
بە کەسێک دەبەخشێت،
کە لە رامان و کرداریدا
هاوڕێ و ئەڤینداری بێت.
گاتا، هاتی 31، سروودی 21

ئەم ئایینە،
بۆ مرۆڤی هۆشیار

کە بە ژیری لێی تێ بگات و
بە هێزی مینوویی،
بە گوفتار و کرداری خۆی
پشتیوان و چاودێری ڕاستی بکات،
ڕوون و ئاشکرایە.
ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
کەسێکی ئاوا، لە لایەنی تۆوە
شایستەترین یاوەر و ڕێپیشاندەری مرۆڤە.
گاتا، هاتی 31، سروودی 22

هاتی 32

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
بۆ بەهرەمەندبوون لە مەزنترین خۆشبەختییەکان،
خێشان، هاوکاران و یاوەران،
نوێژ بۆ تۆ دەکەن،
دێڤپەرستانیش بە هەمان مەبەست،
ستایشتت دەکەن.
ئێمە هیوادارین
پەیامهێنەری تۆ بین و
بەدخوازان لە دوژمنایەتی و ئازاردانی لایەنگرانی تۆ
دوور ڕاگرین.
گاتا، هاتی 32، سروودی 1

مەزدا ئەهۆرا،
لە ڕێگای هزری پاک و
بە توانامەندی بە سەر جیهاندا سەروەری دەکات،

لە وەڵامی ستایشتکاراندا فەرمووی:
ڕاستیی پڕشنگدار، کە بۆ پاکی
یاوەرێکی باشە،
بۆ ئێوەم هەڵبژاردووە.
کۆشش بکەن تا هەمیشە
بەشی ئێوە ببێت.
گاتا. هاتی 32، سروودی 2

ئەی بەدئاوەزان..!
هەمووتان و ئەوانەش کە بە خیرەسەری
ستایشتان دەکەن،
هەموو ئەو کردارە دوو ڕووانەتان،
لە درۆ و خۆویستییەوە سەرچاوە هەڵدەگرن،
بۆیە ناوتان لە هەفت شاردا*
بە بەدناوی و خراپەیی
زڕاوە.
گاتا، هاتی 32، سروودی 3

ئەی چەواشەهزران..!
رامانی کۆمەڵتان
ئاوەها پەریشان کردووە و شڵەژاندووە،
کە خراپترین هەڵسوکەوت دەکەن،
لە رامانی پاک دووری دەکەن و
ڕوو لە دۆستایەتی خراپەکاران دەکەن و

لە هزری ئەهۆرایی و
ڕاستی و پاکی ڕادەکەن.
گاتا، هاتی 32، سروودی 4

ئەی بەدئاوەزان..!
ئێوە بەم چەشنە،
جڤاکتان خاپاند
بە کرداری گومڕێیانە،
بە رامان و گوفتار و کرداری نالەبارانە و
مژدەی سەروەری و مەزنی،
ئەوانتان لە ژیانێکی خۆش و
بەختەوەرانە بێبەهرە کرد.
گاتا، هاتی 32، سروودی 5

لەوانەیە تاوانبارێک،
بە کرداری ناشیرینی خۆی،
بە سەرکەوتنێک بگات و ناودار ببێت،
بەڵام ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
تۆ کە هەموو شتێک لە یاد دەمێنێت،
لە باشترین رامان ئاگاداری و
دەشزانی کە لە ئەنجامدا،
لە بەر تیشکی شکۆداری تۆدا،
ئایینی ڕاستی فەرمانڕەوا دەبێت.
گاتا، هاتی 32، سروودی 6

هیچ یەک لەم تاوانبارانە،
لە مانای پڕنرخی کار و گەشەسەندنەکەی،
ناگەن،
مەگەر ژیان بە ئەزموونی تاوێنەری خۆی
فێریان بکات.
ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
تۆ باشتر لە هەموو کەس
لە ئاکامی ئەم کەسانە ئاگاداریت.
گاتا، هاتی 32، سروودی 7

یەکێک لەم سووچدارانە،
جەمشید ڤیەونگەهانە.
ئەو کەسەیە کە بە هەوا و هەوەسی خۆی،
پەروەردەگاری جیهانی بە پەست دانا.
ئەی مەزدا..!
من بە داوەریی کۆتایی تۆ
لەمەڕ گوناهکاران بێگومانم.
گاتا، هاتی 32، سروودی 8

ئامۆژگاری خراپ،
گوتە پیرۆزەکانی ئایینی هەڵدەگێڕێتەوە و دەیانشێوێنێت،
بە ڕاهێنانەکانی
ژیانی ژیرانەی مرۆڤ لە ناو دەبات.

بەم چەشنە،
گەل لە سەرمایەی گرانبەهای
ڕاستی و ڕامانی پاک بێبەش دەکات.
ئەی مەزدا و ئەی نموونەی ڕاستی و پاکی..!
بەو گوتانەی کە لە دڵمەوە هەڵدەقوڵێن
سکاڵا دەکەم و هانات بۆ دێنم.
گاتا، هاتی 32، سروودی 9

بە ڕاستی ئامۆژگاری خراپ،
گوتە پیرۆزەکان هەڵدەگێڕێتەوە و دەیانشێوێنێت.
سەیرکردنی زەوی و هەتاو بە چاوی ڕێزەوە
بە خراپترین گوناه دەژمێرێت.
هزرچاکان بەرەو گومڕایی هان دەدات،
کێڵگەکان وێران دەکات،
لە ڕووی پاکان چەک بە کار دێنێت.
گاتا، هاتی 32، سروودی 10

ئەی مەزدا..!
ئەو کەسانە
ژیان لە ناو دەبەن،
کە چەواشەکاران بە مەزن دەژمێرن،
ناهێڵن ژنان و پیاوانی مەزن
بە کامی دڵ بگەن و
خەڵاتی یەزدانیان پێ ببڕێت،

پاکان و ڕاستانیش
لە پاکترین رامان
دوور دەخەنەوە ئازاریان دەدەن.
گاتا، هاتی 32، سروودی 11

ئەمانە بە ڕاهێنانەکانیان
دەبنە لەمپەر لە نێوان گەل و کرداری شایستەدا...
ژیانی گەل بە گوفتاری فریوکارانە لەناو دەبن،
لە جیاتی پاکان،
فرەتر ڕێزی گەراهما و کەرپانەکان دەگرن و
بۆ پەیڕەوانی درۆ
هێڤیی سەروەری دەخوازن.
بەڵام مەزدا،
بۆ ئەم کەسانە و کارە خراپەکانیان،
سزایەکی سەختی دیاری کردووە.
گاتا، هاتی 32، سروودی 12

هەر هێزێک کە «گەراهما»
لە پەنای هزرە خراپەکان
ئارەزووی بەدەستهێنانی دەکات،
سەرئەنجام ژیانی خودی خۆی
بەرەو لەناوچوون دەبات.
ئەی مەزدا..!
بەڵام ئەو کاتە دێت

که به ناڵه و گریانەوه،
داخوازیی بیستنی پەیامی پەیامهێنەری تۆ دەبێت.
ئەو پەیامهێنەرەی،
که لە هەمبەر هێرشی دوژمناندا،
ڕاستی دەپارێزێت.
گاتا، هاتی 32، سروودی 13

لە مێژەوەیە،
«گەراهما» بە یارمەتیی کاوییەکان،
هۆش و توانای خۆی،
بۆ شەکەت کردنی پەیامهێنەر
دەخاتە کار و
جیهان بەرەو نابووتی ڕاکێش دەکات و
لە گێلیی گومڕێیان یارمەتی وەردەگرێت و دەبێژێت:
بە کوشتنی گیانلەبەران و (قوربانی کردن)
خواردنەوەی هەئومەی جاویدانی،
نەخۆشی و مردنمان لێ دوور دەبێتەوە.
گاتا، هاتی 32، سروودی 14

لە ڕاستیدا،
کەرپانەکان و کاوییەکان،
هەر بە دەستی ئەو کەسانەی کە هیچ کاتێک
ژیانێکی ئازاد و دڵخوازیان
پێ ڕەوا نەبینیوون،

شکست دەخۆن و لەناو دەچن.
کەسانێک کە لە بەر پرشنگی گەشەکردن و جاویدانیدا،
بەرەو کۆشکی هزری چاکی ڕێگا دەبیننەوە.
گاتا، هاتی 32، سرووودی 15

بە ڕاستی،
ڕاهێنانی ڕاستەقینە و هۆشمەندانەی مرۆڤی پاک و زانا،
لە هەموو شتێک چاکترە.
ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
تۆ توانای تێکدانی پیلانی ئەو کەسانەت هەیە،
کە بە دوای ئازاری منەوەن.
منیش دەکۆشم،
پێڕەوان و دڵبەختکەرانی تۆ،
لە دوژمنی و ڕکیی چەواشەکاران ڕزگار بکەم.
گاتا، هاتی 32، سرووودی 16

هاتی 33

هەموو مرۆڤێک لەم جیهانەدا،
پێویستە کردارەکانی لە سەر پایەی ڕاستی بێت،
چونکە ڕاستی بنیاتی ئایینی ژیانە.
پێویستە ڕابەری دادگەر،
لەتەک چەواشەکاران و ڕاستکاران و
هەروەها لەتەک ئەوانەی کە کرداری چاکە و خراپەیان
تەڤلی یەکدی کردووە،
بە گونجاوترین ڕەوشت هەڵسوکەوت بکات.
گاتا، هاتی 33، سروودی 1

هەر کەسێک بە رامان و گوفتار و کردار،
دژی چەواشەکاران بجەنگێت و
نەخشەکانیان تێک بشکێنێت،
یا خۆیان و لەیەنگرانیان،
بۆ ڕێگای ڕاست ئامۆژگاری بکات و

بۆیانی ڕوون بکاتەوە،
بە ڕاستی ئەو مرۆڤە،
بە باوەڕ و بە دڵ و گیان،
خواستی خواوەندی بەجێ هێناوە.
گاتا، هاتی 33، سروودی 2

ئەی ئەهۆرا..!
کەسێک کە لەتەک ڕاستڕەوان،
چ خێش بێت و چ هاوکار و چ یاوەر،
باشترین ڕەفتاری هەبێت و
هەر کەسێک کە بە کۆششی
خۆی جیهان ئاوەدان بکاتەوە،
بە ڕاستی ئەو کەسە،
لە سەرای ڕاستی و رامانی پاک بەهرەدار دەبێت.
گاتا، هاتی 33، سروودی 3

ئەی مەزدا..!
دەتپەرستم و لە بەرت دەپاڕێمەوە:
کە نافەرمانیکردن و بیری خراپە لە ناو بچێت،
لە خێشان، دڵپیسی و خیرەسەریکردن،
لە هاوکاران، درۆ و دوژمنی خزمان،
لە یاوەران، جنێودان و ناسزاگوتن،
لە گشت جیهانیشدا،
ڕابەری خراپ و درۆزن لە ناو بچێت.

گاتا، هاتی 33، سروودی 4

کە وابێت،
بۆ ئەوەی بە نجامی کۆتایی بگەم،
بۆ ئەوەی تەمەنم درێژ بێت و
لە کۆشک و سەرای رامانی پاکدا بگرسێمەوە..
ئاوازی سرووشم پێ ببەخشە،
کە سەرتۆپی هەموو ئاوازەکانە،
هاریکارم بە و
ڕاستی و پاکی بکە بە پاڵپشتم..
تا بتوانم ڕێگای بەهدینی،
بەرەو بارەگای شکۆداری مەزدا ئەهۆرا بدوزمەوە.
گاتا، هاتی 33، سروودی 5

کە وایە من،
وەک سروودبێژێک کە متمانەی بە ڕاستییە،
بە باشترین هزرەکان و
بە ئەوینی تۆ،
بەو جۆرە لە تۆ دەخوازیت،
داواکاری ڕابەریی جڤاکم.
ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
خواستم ئەویە:
بتبینم و ببم بە هەڤاڵی تۆ.
گاتا، هاتی 33، سروودی 6

ئەی لە هەموو باشترین..!
ئەی مەزدا..!
بەرەو ڕووی من وەرە و
خۆتم بۆ ئاشکرا بکە،
تا لە بەر تریفەی ڕاستی و رامانی پاکدا،
گوتەکانم لە دەرەڤەی ئەنجومەنی مۆغان،
بە گوێی پەیڕەوانم بگەیەنم.
ئینجا بەرپرسیاریی و ستایشتی پێویست،
کە شیاوی تۆیە،
بۆ ئێمە ڕوون و ئاشکرا ببێت.
گاتا، هاتی 33، سروودی 7

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
ئارمانج و ئەرکەکانم پێ بناسێنە،
تا لە بەر پرشنگی رامانی پاکدا،
ئەنجامیان بدەم.
ئەی مەزدا..!
هەڵبەستی ستایشتم
کە لە دڵێکی ڕاستەوە سەرچاوە دەگرێت، بپەژرێنە،
خەڵاتی هەمیشەیی،
گەشەکردن و جاویدانبوونم
پێ ببەخشە.
گاتا، هاتی 33، سروودی 8

ئەی مەزدا..!
دوو گەوهەری پترکەری مەزنیی و ڕاستی:
گەشەکردن و جاویدانبوون،
کە لە تۆوەوەیە،
بە زانست و دڵێکی ڕووناک بە دەست دێت.
هیوادارین
لە بەر تریفەی باشترین هزرەکاندا،
لە بەخششی ئاسمانیی
ئەم دوو مینووی هاوکردار و یەکسانە،
کامەران ببین.
گاتا، هاتی 33، سروودی 9

ئەی مەزدا..!
هەموو چاکی و خۆشیەکانی ژیان،
کە هەبوون و هەن و دەشبن،
هەروەها هەموو ئەوانە کە لە تۆدایە،
بە مێهرەبانی خۆت بە ئێمەی ببەخشە،
تا لە بەر تریفەی رامانی پاک و
توانامەندی مینوویی و ڕاستیدا،
تەندروستی و بەختیاریی ئێمە پترتر بێت.
گاتا، هاتی 33، سروودی 10

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!

ئەی بەتواناتر لە هەمووان..!
ئەی پاکی..!
ئەی ڕاستیی گەردوونگێڕ..!
ئەی رامانی پاک..!
ئەی توانای مینوویی..!
گوێم لێ بگرێ،
ئەو دەمەی کە پاداشتی هەر کەسێک دەدەی،
بۆ منیش بەخششت هەبێت.
گاتا، هاتی 33، سروودی 11

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
خۆتم بۆ ئاشکرا بکە.
بە هێزی پاکی
ڕەوانم توانامەند بکە،
بە مینووی پاک و پترکەری خۆت
وەڵامی نیایشتەکانم بدەرەوە.
بە یارمەتیی ڕاستی،
لە هێز و توانای فراوان
بەهرەمەندم بکە.
بە رامانی پاک
گەورەییم پێ ببەخشە.
گاتا، هاتی 33، سروودی 12

ئەی ئەهۆرا مەزدای فرە بینا..!

بۆ بەهرەداربوون لە خۆشبەختی و شادمانی،
بەخششی بێهاوتات
کە لە شکۆداریی تۆ و رامانی پاکەوەیە،
بۆ منی ئاشکرا بکە.
ئەی پاکی..!
لە بەر تریفەی ڕاستیدا،
ویژدان و ڕووناکیی دڵ
بە من ببەخشە.
گاتا، هاتی 33، سروودی 13

زەردەشت ئامادەیە
لەش و گیانی و
هەڵبژاردەی سرووده پیرۆزەکانی،
کە هەڵقوڵیو لە رامانی پاکیەتی
پێشکەشی مەزدا بکات.
هەروەها کردار و وتار و وریایی و
هەموو توانای مینوویی خۆی،
پێشکەشی راستی بکات.
گاتا، هاتی 33، سروودی 14

هاتی 34

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
ئەو کردار و گوفتار و نیایشتانە،
کە بە مرۆڤ
جاویدانی و ڕاستی و
هێزی گەشەکردن دەبەخشێنێت،
پێشەکی هەموویان
بە تۆ پێشکەش دەکەین.
گاتا، هاتی 34، سروودی 1

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
مرۆڤی پاک و خۆپارێزی بیرچاک،
کە ڕەوانی لەتەک ڕاستیدا ئاوێتەیە،
هەموو رامان و کرداری خۆی
بە تۆ پێشکەش دەکات،
هیوادارم بتوانم،

بەو سرووده پیرۆزانه
دەیهۆنمەوە
هەروەها به نیایشتەکانم،
لێت نزیک ببمەوە.
گاتا، هاتی 34، سروودی 2

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
ئەو شتەی که شیاوی تۆ و لە ڕێگای ڕاستیدایە،
بە ڕێزەوە بۆ تۆ
بە جێی دەهێنین و
پێشکەشی تۆی دەکەین،
ئارەزوومەندم که هەموو کۆمەڵان،
لە بەر تریفەی رامانی پاک و شکۆداری تۆدا،
بە پێگەیشتن بگەن.
ئەی مەزدا..!
بە دڵنیایی مرۆڤی دانا
هەمیشە لە وزەی مینوویی تۆ خەنی دەبێت.
گاتا، هاتی 34، سروودی 3

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
ئێمە لە بەر تیشکی ڕاستیدا،
پرووسکەی پرشنگدار و پڕتوانای تۆ دەخوازین.
ئەو تریفە جاویدان و بەتوانایە،
کە ئاشکرا پاڵپشتی پەیڕەوانی ڕاستییە و

مەبەستی پیس و ئازار و دوژمنی نەیاران
ئاشکرا دەکات.
گاتا، هاتی 34، سروودی 4

ئەی مەزدا..!
چەندە بە شکۆیە فەرمانڕەوایی و توانامەندیی تۆ.
چەندە ئاواتەخوازم
کە لە ڕێگای تۆدا خەبات بکەم و
بە تۆ پەیوەند ببم،
بە هێزی ڕاستی و رامانی پاک،
یار و هاریکاری ئەویندارانی تۆ بم.
تۆ لە گشت کەس مەزنتر و بانتر دەناسم،
هەروەها بێزاریی خۆم لە خودایانی درۆیی و
مەردمی گومڕێ دەردەبڕم.
گاتا، هاتی 34، سروودی 5

ئەی مەزدا..!
ئەی ڕاستی..!
ئەی رامانی پاک..!
لە ڕاستیدا من تێگەیشتم
کە ئێوە بانتر و بە تواناتر لە هەمووانن.
ئارەزوومەندم لە سەرتاسەری گۆڕانکارییەکانی ژیان،
ڕێنوێنیم بکەن.
تا بە ستایشت و نیایشتی دڵ،

بەرەو ڕووتان بگەڕێمەوە.
گاتا، هاتی 34، سروودی 6

ئەی مەزدا..!
لە کوێن ئەو دڵدارانەی تۆ،
کە لە بەر تریفەی رامانی پاک
ئاگادار لە ڕاهێنانە پڕبەهاکانی تۆ
ڕوویان لێت هەڵنەگەڕێنەوە و
لە چاخی خۆشی و سەختی
بە هۆشمەندی بە کار بێنن و
بۆ پەرەپێدانی پەیکی پیرۆزی تۆ بکۆشن؟
بێجگە لە تۆ کەسێکی تر ناناسم،
کە وایە، لە بەر تریفەی ڕاستیدا
پشت و پەناهم بە.
گاتا، هاتی 34، سروودی 7

ئەی مەزدا..!
بەڕاستی، چەواشەکاران بە کرداریان
ئێمەیان هەراسان کردووە،
ئەمانە بۆ جڤاک،
بێجگە لە تێکدان و وێرانکردن
شتێکی دیکەیان نییە.
ساماندارانیان بە سەر هەژاراندا ستەم دەکەن و
لەتەک ئایینی تۆدا نەیاری دەکەن،

هیچ کاتێک بیر لە ڕاستی ناکەنەوە،
لە رامانی پاک
ڕادەکەن و ڕوویان هەڵدەماڵن.
گاتا، هاتی 34، سروودی 8

ئەی مەزدا..!
ئەو کەسانەی کە
بە کرداری ناپەسەند و بە نائاگایی لە رامانی پاک،
ئەڤین و پاکی جوانمەردی،
کە لای زانایانی تۆ بێ ئەندازە پلەمەندە،
لە دەست دەدەن.
هەر بەو جۆرەی کە وێرانکاران
پشت لە ئێمە دەکەن،
لە ڕاستیش دوور دەکەونەوە.
گاتا، هاتی 34، سروودی 9

مرۆڤی ژیر دەبێژێت:
لە سەر بنەمای هزری پاک
خەبات بکەن،
جوانمەردی کە بنیاتی ڕاستییە
بیپارێزن،
دڵنیاش بن کە هەمووی ئەمانە،
لە بەر تریفەی پڕتیشک و شکۆداری
مەزدا ئەهۆرا پەیدا دەبێت.

گاتا، هاتی 34، سروودی 10

ئەی مەزدا..!
دوو خەڵاتی پێگەیشتن و جاویدانبوونی تۆ،
مرۆڤ بەرەو ڕووناکی ڕێنوێنی دەکات.
هەروەهاش رامانی پاک و ڕاستی و جوانمەردی،
بەرخۆدان و توانامەندیی مینوویی پترتر دەکەن.
هەمووی ئەمانەیە،
سەرکەوتن بە سەر نەیاراندا،
مسۆگەر دەکات.
گاتا، هاتی 34، سروودی 11

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
ئایین و خواستی تۆ چییە؟
ستایشت و پەرستشی شایانی تۆ کامەیە؟
ببێژە و بۆمانی ئاشکرا بکە،
تا لە پاداشتی دەستوورەکانی تۆ تێ بگەین و
لە بەر تریفەی ڕاستیدا،
ڕێگای خۆناسی و ڕەوشت پاکی بناسێن.
گاتا، هاتی 34، سروودی 12

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
ئەم ڕێگایە کە بۆ منت دیاری کردووە،
ڕێگای رامانی پاک و دەستوور و راهێنانی سوشیانسەکانە،

ڕێگاکەش بەم چەشنەیە:
تەنها کرداری پاکە
لە بەر تریفەی ڕاستیدا
ئەنجامی شادمانی و گەیشتن بە تۆ دەگەیەنێت،
ئەو پاداشتەی کە بە زانایان دەیبەخشیت.
گاتا، هاتی 34، سروودی 13

ئەی ئەهۆرا..!
بێگومان لەش و گیانی کەسێک
لەو پاداشتی مزگێنیدراوە بەهرەمەند دەبێت،
کە بە رامانی پاک خەبات دەکات و
بۆ ئاوەدانی و پێشکەوتنی جیهان تێ بکۆشێت،
لە بەڕ تیشکی ڕاستیدا
ئایینی هزری پیرۆزی تۆ پێش بخات و
خواستی تۆش بە جێ بهێنێت.
گاتا، هاتی 34، سروودی 14

ئەی مەزدا..!
لە باشترین زانست و کردارەکان
ئاگادارم بکە،
تا بە بیری چاک و بە پاکی و ڕاستی،
ستایشتت بکەم.
ئەی ئەهۆرا..!
بە خواست و شکۆداریی خۆت،

لە ژیانێکی نێو و سەرپڕ لە ڕاستی،
کامەرانم بکە.
گاتا، هاتی 34، سروودی 15

هاتی 43

مەزدا ئەهۆرای بە توانا
بەم چەشنە دایناوە:
خۆشبەختی بە ئەو کەسەیە
کە بەختیاری بە کەسێکی دی ببەخشێت.
من بۆ پێشکەوتن و ڕاگرتنی ئایینی ڕاستی،
داوای پایەبەرزی و توانامەندی
تەن و ڕەوانم دەکەم.
ئەی وزەی خۆبەختکاری..!
لە ئەو تریفەیە
کە پاداشتی ژیانی ڕەوشت پاکانە،
بەهرەدارم بکە.
گاتا، هاتی 43، سروودی 1

باشترین پاداشت بۆ مرۆڤێکە،
کە پەیجۆری ڕووناکییە و

ڕۆشنایش بە کۆمەڵ دەبەخشێت.
ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
بە خێرەتی پیرۆز و ئاگای خۆت،
لە بەر تریفەی تیشکی ڕاستییدا،
ئەو زانستەم پێ ببەخشە
کە لە رامانی پاک وەشابێتەوە،
تا لە تەمەنێکی درێژ و
پڕ لە خۆشی و شادکامی بەهرەمەند ببم.
گاتا، هاتی 43، سروودی 2

بە دروستی باشترین بەهرەکان
دەبێتە بەشی مرۆڤێک
کە لە ژیانی ئەنبووژەنی و مینوویی،
ڕێگای ڕاستی بەختیاریمان
پێ فێر بکات،
ئەو ڕێگایە کە ئێمە بەرەو بارەگای ئەهۆرایی دەگەیەنێت.
ئەی مەزدا..!
لە ئاکامدا
لە بەر تیشکی زانستی باش و پاکی و جوانمەردیدا،
دڵدارانت بە تۆ پەیوەند دەبن.
گاتا، هاتی 43، سروودی 3

ئەی مەزدا..!
ئەو کاتە تۆم بە پاکی و بە توانامەندی ناسی،

کە زانیم تۆ بە هێزی خۆت
خواستی ئێمە بە جێ دەهێنی،
سزا و پاداشتی
چەواشەکار و ڕندکاران دەدەیتەوە.
ئاواتەخوازم بەوتیشکە کە لە ڕاستی وزە دەگرێت
گەرما ببەخشیتە دڵەکانمان و
لە هەبوونی رامانی پاک
بێ بەهرەمان نەکەیت.
گاتا، هاتی 43، سروودی 4

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
ئەو کاتە تۆم بە ڕندی ناسی،
کە تۆم لە سەرەتای ژیاندا بینی،
زانیم کە بۆ گوفتار و کردار
پاداشتت دیاری کردووە.
چاکە بۆ چاکەکاران و
سزاش بۆ خراپەکاران.
ئەم دەستوورە
لە بەر پرشنگی زانست و هونەری تۆ،
تا ئەنجامی ئافراندن و کۆتایی ژیان
دەمێنێتەوە.
گاتا، هاتی 43، سروودی 5

ئەی مەزدا..!

ئەو دەمەی کە خێرەتی پاکی تۆ،
بێتە خوارەوە،
هێزی مینوویی و رامانی پاک،
بە کاردانەوەیان،
جیهان بەرەو ڕاستی و پێشکەوتن دەبەن.
پاکی، دڵی مێرخاسان ڕووناک و
بەرەو ڕاستی ڕێنوێنییان دەکات.
کەس توانای خاپاندنی تۆی نییە.
گاتا، هاتی 43، سروودی 6

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
ئەو کاتە تۆم بە پاکی ناسی
کە رامانی پاک رووی کردە من و پرسیی:
تۆ کێیت و
لە چ خانەدانێکی؟
لە هەمبەر پرسیار و دوو دڵییەکانی ڕۆژانە،
لەمەڕ جیهان و خۆت،
چ ڕێگایەک هەڵدەبژێریت و
چ ڕێگایەک دەناسیت؟
گاتا، هاتی 43، سروودی 7

منیش بەم چەشنە بەرسیڤم دایەوە:
من زەردەشتم،
تا ئەو جێگایەی کە لە توانامدایە،

دوژمنی سەرسەختی درۆزان و
پەنای بە هێزی ڕاستگۆیانم،
ئەی مەزدا..!
داواکارم، تا ئەو کاتە ستایشتگەر و دروودبێژی تۆم،
هەمیشە لە وزەی بێکەرانی تۆ،
بەهرەمەند بم.
گاتا، هاتی 43، سروودی 8

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
ئەو کاتەی تۆم بە پاکی و پیرۆزی ناسی کە،
رامانی پاک رووی کردە من و پرسیی:
نوێژ بۆ کێ دەکەیت؟
وەرامم دایەوە:
بۆ تیشکی پیرۆز و ڕەخشەندەی مینووی مەزدا نوێژ دەکەم و
هەتا بڕست و توانام هەبێت
پشت بە ئایینی ڕاستی دەبستم.
گاتا، هاتی 43، سروودی 9

ئەی مەزدا..!
کەوایە بەرەو ڕاستیی دڵخوازم
ڕێنوێنیم بکە،
تا بە پەیڕەوکردنی،
پاکی ببینمەوە.
پرسیار و ئازمoونی خۆتم ئاراستە بکە،

که پرسیار و تاقی کردنەوەی تۆیه،
هێز و دلێری
به ڕابەران دەبەخشێت.
گاتا، هاتی 43، سرroودی 10

ئەی مەزدا..!
ئەو دەمه تۆم به پاکی ناسی که،
رامانی پاک ڕووی تێ کردم و
منیش له گوتاری تۆوه فێر بووم و زانیم که،
هەرچەنده پەرەپێدانی ئایینی تۆ،
له ناو مەردۆم دژواره،
بەڵام من ئەو شته به ئەنجام دەگەیەنم،
که به لای تۆوه باشترینه.
گاتا، هاتی 43، سروودی 11

دوای ئەوه که به منت فەرموو،
بەرەو ڕاستی بڕۆم
تا زانا بم،
هەروەها تێ بکۆشم
سرووش له دڵم دەنگ بداتەوه،
تا له بەر تیشکی ڕۆشنایی ئەودا تێ بگەم
که هەر دوو دەستەی چاکەکار و خراپەکار،
پاداش و سزای پێویست دەدرێن.
گاتا، هاتی 43، سروودی 12

ئەی مەزدا..!
ئەو کاتە تۆم بە جوانی ناسی
کە رامانی پاک بەرەو ڕووی من هات و
منیش پێم گوت:
بۆ گەیشتن بە ئامانجم،
ئارەزووی ژیانێکی پڕتەمەن دەخوازم،
ئەو ژیانە دڵخوازە کە،
تەنها تۆ دەیبەخشی و
لە توانا و دەستەڵاتی تۆدایە.
گاتا، هاتی 43، سرووددی 13

ئەی مەزدا..!
بە هەمان چەشن کە مرۆڤی جوامێر و ئازا،
بە هاوڕێی خۆی شادمانی دەبەخشێت،
تۆش بە شکۆداریی خۆت و
لە بەر تریفەی ڕاستیدا،
بە لایەنگیرانم شادومانی
خەڵات بکە.
من و هەموو ئەو کەسانەی
کە هۆنەری هۆرەی رامانجۆشێنەری تۆین،
ڕادەپەڕین و پاڵپشتی ڕاهێنانەکانی تۆ دەبین.
گاتا، هاتی 43، سروودی 14

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
ئەو کاتە تۆم بە زەریفی ناسی،
کە رامانی پاک بەرەو ڕووی من هات و
منی فێر کرد کە،
باشترین ڕێگای گەشەکردنی مینوویی،
بیرکردنەوە لە ناو هێمنیدایە و
ڕابەر هەرگیز نابێت هەوڵی کەیفخۆشیی چەواشەکاران بدات،
چونکە هەمیشە ئەوان لە دژی ڕاستگۆیانن.
گاتا، هاتی 43، سروودی 15

ئەی مەزدا..!
کە وایە زەردەشت
پاکترین رامان بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت.
بەو هیوایەی
کە لە بەر تریفەی ڕاستیدا،
ژیانی ئەنبووژەنیمان بە هێز بێت،
خۆبەختکاری و توانایی مینوویش
دڵی ئێمە ڕووناک بکات و
رامانی پاک،
بە کارەکانمان پاداشتی چاکە بدات.
گاتا، هاتی 43، سروودی 16

هاتی 44

ئەی ئەهۆرا..!
ئەمە لە تۆ دەپرسم،
بە دروستی بە من بێژە،
چلۆن سەوداسەرانی تۆ،
بە خاکساری بتناسن؟
ئەی مەزدا..!
کەی ئەم ڕێگایە
بە هاوڕێیەکی وەک من
فێر دەکەی؟
کەی لە بەر تریفەی ڕاستی دڵخواز،
یارمەتیدەری من دەبێت،
تا رامانی پاک بەرەو ڕووی ئێمە بێت؟
گاتا، هاتی44، سروودی 1

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
ئەمە لە تۆ دەپرسم،
بە دروستی بە من بێژە،
سەرەتا و سەرچاوەی باشترین ژیان چییە؟
کەسێک کە
کۆششیان بۆ بکات،
چ پاداشتێک وەردەگرێت؟
ئەی مەزدا..!
ئەو کەسەی کە هەڵبژاردەی هەمووانە،
چلۆن لە بەر تریفەی ڕاستیدا،
بە پاکی
هاوڕێ و چارەسەرکەری ژیان و
پارێزەری هەموو کارەکانی مینوویی دەبێت؟
گاتا، هاتی 44، سرووودی 2

ئەی ئەهۆرا..!
ئەمە لە تۆ دەپرسم،
بە دروستی بە من بێژە،
کێیە لە سەرەتادا،
بەدیهێنەر و سەرچاوەی ڕاستی؟
کێ ڕێگای ڕاستی خۆر و ئەستێرەکانی
دیاری کردووە؟
کێیە ئەوەی،
کە جارێک مانگ پڕ و گەشاوە دەکات و

جارێکیش کز و نادیار؟
ئەی مەزدا..!
من داواکاری زانینی ئەمانە و گەلێ شتی دیکەم.
گاتا، هاتی 44، سروودی 3

ئەی ئەهۆرا..!
ئەمە لە تۆ دەپرسم،
بە دروستی بە من بێژە،
کێیە ئەوەی زەویی لە ژێرەوە و
ئاسمانی بێ هەورازی لە سەرەوە ڕاگرتووە؟
کێیە ئەوە،
ئاو و گیا و ڕووەکی ئافراندووە؟
کێ وزەی تێپەڕین و توندڕۆیشتنی
بە با و هەوری ڕەش داوە؟
ئەی مەزدا..!
کێ بەدیهێنەری رامانی پاکە؟
گاتا، هاتی 44، سروودی 4

ئەی ئەهۆرا..!
ئەمە لە تۆ دەپرسم،
بە درووستی بە من بێژە،
کێیە وەستای بەدیهێنەری
ڕووناکی و تاریکی؟
کیژان وەستا،

خەو و بێداریی دروست کرد؟
کێیە ئەوەی،
سپێدەی بەیان و نیوەڕۆ و شەوی دیاری کرد
تا مرۆڤی ژیر،
ئاگای لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی بێت؟
گاتا، هاتی 44، سرووودی 5

ئەی ئەهۆرا..!
ئەمە لە تۆ دەپرسم،
بە دروستی بە من بێژە،
ئایا ئەو شتەی
کە دەبێژم و فێری دەبم،
بە گشتی هەمووی ڕاستە؟
مەگەر پاکی بە کاردانەوەی خۆی،
ڕاستی پتر ناکات و
لە بەر تیشکی رامانی پاکیشدا،
شکۆداری تۆ بەدی دێت؟
ئەی مەزدا..!
ئەم جیهانە پڕ پیت و فەڕ و شادە
بۆ کێ پێک هێنراوە؟
گاتا، هاتی 44، سرووودی 6

ئەی ئەهۆرا..!
ئەمە لە تۆ دەپرسم،

بە دروستی بە من بێژە،
چ کەسێک،
توانامەندی مینوویی لەتەک جوانمەردی ئافراندووە؟
کێیە بە فەرزانەیی خۆی
ڕێزی باوکی خستە دڵی کوڕەوە؟
ئەی مەزدا..!
کۆششم ئەوەیە،
بە رامانی پاک و ئەم پرسیارانە،
تۆ کە بەدیهێنەری هەموو بوونیت، بناسم.
گاتا، هاتی 44، سروودی 7

ئەی ئەهۆرا..!
ئەمە لە تۆ دەپرسم،
بە دروستی بە من بێژە،
من کە لە ڕاهێنانەکانی تۆ بیر دەکەمەوە و
بە رامانی پاک پرسیار دەکەم،
چلۆن لە بەر رتیشکی ڕاستیدا،
لە گەشەکردنی ژیان
بەهرەمەند ببم؟
ئەی مەزدا..!
چلۆن لە ئاسایش و شادمانیی ڕەوان
بەهرەدار و سەرفەراز ببم؟
گاتا، هاتی 44، سروودی 8

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
ئەمە لە تۆ دەپرسم،
بە دروستی بە من بێژە،
چلۆن ویژدانی خۆم پاک بکەمەوە و پێشکەشی تۆی بکەم؟
هێڤیدارم بە فەرمانبەریی لە تۆ و
بە دانشێک کە
لە بەر پرشنگی شکۆمەندی تۆ فێر دەبم و
بە هێزی مینوویی و بە ڕاستی و ڕامانی پاک،
بەرەو بارەگای تۆ ڕێگا بدۆزمەوە.
گاتا، هاتی 44، سروودی 9

ئەی ئەهۆرا..!
ئەمە لە تۆ دەپرسم،
بە دروستی بە من بێژە،
چییە ئەو ئایینەی تۆ،
کە بۆ مرۆڤ باشترینە و
هاوڕێ لەتەک ڕاستیدا،
مرۆڤ بەرەو پێش دەبات و
لە بەر تریفەی خۆباختکاریدا،
کارەکان بەرەو ڕاستی ڕێنوێنی دەکات؟
ئەی مەزدا..!
من بە خواست و زانستی خۆم،
بەرەو ئایینی تۆ ڕوو دەکەم.
گاتا، هاتی 44، سروودی 10

ئەی ئەهۆرا..!
ئەمە لە تۆ دەپرسم،
بە دروستی بە من بێژە،
ئەو کەسانەی کە ئایینی تۆ فێر بوون،
لە بەهرەی پاکی خۆبەختکاری،
بەهرەمەند دەبن؟
ئەی مەزدا..!
بۆ ئەم کارە من یەکەم کەسم
کە لە لایەن تۆوە هەڵبژێردراوم و
لایەنگرانی ئایینی تۆم خۆش دەوێت و
هەموو ئەو کەسانەی کە پەیڕەوی درۆزنانن،
بە چەواشەکار دەیانناسم.
گاتا، هاتی 44، سروودی 11

ئەی ئەهۆرا..!
ئەمە لە تۆ دەپرسم،
بە دروستی بە من بێژە،
لە ناو ئەو کەسانەی کە من دەیاندوێنم،
چ کەسێک ڕاستکردار و
چ کەسێک چەواشەکارە؟
ڕوو لە چ کەسێک بکەم؟
ئەوەی خراپەی بینیوە،
یا ئەوەی کە بەرەو خراپە چووە؟

چلۆن ئەو چەواشەکارە،
بە خراپ نەژمێرم کە
لە هەمبەر بەخششەکانی تۆ،
لەتەک مندا بەربەرەکانێ دەکات؟
گاتا، هاتی 44، سروودی 12

ئەی ئەهۆرا..!
ئەمە لە تۆ دەپرسم،
بە دروستی بە من بێژە،
چلۆن خۆمان لە درۆ دوور ڕابگرین؟
چلۆن پارێز بکەین
لەو کەسانەی کە سەرکێشن و
تێ ناکۆشن لەتەک ڕاستی پەیوەست بن و
ڕێڕەوی ڕێگا ڕاست ناکەن و
پەیجۆری رامانی پاک نین؟
گاتا، هاتی 44، سروودی 13

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
ئەمە لە تۆ دەپرسم،
بە دروستی بە من بێژە،
چلۆن درۆ بسپێرینە دەستی ڕاستی؟
تا بە فێرکردنی پەیامی پیرۆز و رامانبزوێنەری تۆ،
پاک ببێتەوە و
بەم چەشنە،

شکستێکی گران بە چەواشەکاران بگات و
فریو و ئازاری ئەوان لە ناو بچێت؟
گاتا، هاتی 44، سروودی 14

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
ئەمە لە تۆ دەپرسم،
بە دروستی بە من بێژە،
هەروەک چۆن تۆ بەتوانایت و
لە بەر تیشکی ڕاستیدا پەنای ڕاستانی،
کاتێک کە دوو لایەنی نەیار بە یەک دەگەن و
بە پێی ئەو ئایینەی کە تۆ داتمەزراندووە،
بە چ لایەنێک و لە کوێ
سەرکەوتن دەبەخشێت؟
گاتا، هاتی 44، سروودی 15

ئەی ئەهۆرا..!
ئەمە لە تۆ دەپرسم،
بە دروستی بە من بێژە،
کێیە ئەو داوەرەی،
کە لە بەر پرشنگی ڕاهێنانەکانی تۆدا،
بە سەرکەوتن دەگات و
دەبێتە هانای مەردم؟
ئەی مەزدا..!
ئەو ڕابەرە زانا و چارەسازەی ژیانە

به من نیشان بده و
سرووش و رامانی پاک،
به ئەو یا هەر کەسی دی
که ویستی تۆیه، خەڵات بکه.
گاتا، هاتی 44، سرودی 16

ئەی ئەهۆرا..!
ئەمه له تۆ دەپرسم،
به دروستی به من بێژه،
چلۆن به ڕێنوێییەکانی تۆ،
هەست به خۆشی و شادیی دلۆڤانیت بکەم و
به تۆوه پەیوەند بم؟
ئەی مەزدا..!
چلۆن گوتەکانم بگاته ناو دڵان و
بەو پەیامەی که له ڕاستییەوه سەرچاوه دەگرێت،
گەلان بەرەو گەشەکردن و جاویدانی ڕێنوێنی بکەم؟
گاتا، هاتی 44، سروودی 17

ئەی ئەهۆرا..!
ئەمه له تۆ دەپرسم،
به دروستی به من بێژه،
چلۆن له بەر تیشکی تریفەی ڕاستیدا،
ده هێزی دەر و ناوەوەی من،
بەدیهێنەر و توانامەند و داگرساو دەبن؟

ئەی مەزدا..!
چلۆن بکەم تا بەمانە (دە هێز)
بە گەشەکردن و جاویدان بوون بگەم و
منیش ئەم دووانە پێشکەشی کۆمەڵان بکەم؟
گاتا، هاتی 44، سروودی 18

(مەبەست لە دە هێزی دەرەوەوە و ناوەوەی مرۆڤ ئەمانەن: بیستن، بینین، چێژتن، بۆنکردن، هەستکردن، توانامەندبوون، داهێنان، خێرابوون، تێگەیشتن، دووربینبوون یان پێشبینی کردن)

ئەی ئەهۆرا..!
ئەمە لە تۆ دەپرسم،
بە دروستی بە من بێژە،
ئەو کاتەی داماوێکی ڕاستگۆ،
دەچێتە لای کەسێکی زەنگین و
ئەو زەنگینە یارمەتی پێویستی پێ نادات،
سزای ئێستای ئەو مرۆڤە چییە؟
من باش ئاگاداری ئەو سزایەم،
کە پێی دەگات.
گاتا، هاتی 44، سروودی 19

ئەی ئەهۆرا..!
ئەمە لە تۆ دەپرسم،
چلۆن ستایشتکارانی دێوان (دێڤیەسنایان)،

دەتوانن دەستەڵاتدارانێکی باش بن؟
ئەمانە کە
بە یارمەتی کەرپانەکان و کاوییەکان،
جیهانیان بەرەو ناخۆشی و نەفرەت کێشاوە و
گەلانیان بە ئاهونالّە دەرهێناوە،
گەلۆ ئەمانە دەتوانن
لە سەر پایەی ڕاستی و دروستی،
بۆ پێشکەوتن و ئاوەدانی و
ئاشتی و ئاسایشتی گشتی تێ بکۆشن؟
گاتا، هاتی 44، سروودی 20

هاتی 45

ئێستا دەدوێم،
گوێ بگرن و ببیستن،
ئەی ئەو کەسانەی کە داواکاری بیستنن..!
ئەی ئەو کەسانەی کە لە دوور و نزیکەوە هاتوون..!
هەمووی ئەم گوتانە بە چاکی بە یاد بسپێرن،
نەکا ئامۆژگاری خراپ،
جارێکی دی،
ژیانی ئێوە لە ناو ببات و
چەواشەکار بە گوتە و بڕوا نادروستەکانی،
ئێوە بەرەو چەواشەیی ببات.
گاتا، هاتی 45، سروودی 1

ئێستا لەمەڕ ئەو دوو مینووەوە دەدوێم،
کە هەر لە سەرەتای ئافراندنەوە هەبوون،
لە دوو مینوویە،

مینووی پاک بە ئەوی دیکەی گوت:
لە ئێمە دووانە،
نە رامان و نە ڕاهێنان،
نە خێرەت و نە باوەڕ،
نە گوفتار و نە کردار،
نە ویژدان و نە ڕەوانمان،
لەتەک یەکتردا سازگار و هاوڕێن.
گاتا، هاتی 45، سروودی 2

ئێستا لەمەڕ بنەمای ئایینی ژیان دەدوێم،
ئەو شتەی کە مەزدا ئەهۆرای دانا،
بە منی گوتووە:
ئەو کەسانەی کە
ئەم گوتار و پەیامە پیرۆزانە،
بەو جۆرەی من فێری بووم،
بە کاری نەهێنن و پەیڕەوی نەکەن،
کۆتایی ژیانیان،
لەتەک پەشیمانی و ئەفسۆس دەبێت.
گاتا، هاتی 45، سروودی 3

ئێستا لەمەڕ ئەو شتەی کە لە ژیاندا باشترینە دەپەیڤم،
ئەمەش لە بەر تریفەی ڕاستییدا تێگەیشتم:
مەزدا بەدیهێنەری ڕاستییە،
مەزدا سەرچاوەی رامانی پاکە،

رامانی پاکیش بۆ تێکۆشانە.
مەزدا پەروەردەگاری خۆبەختکارییە،
خۆبەختکاریش سەرچاوەی کرداری چاکە.
مەزدا لە هەموو شتێک بینایە و
ناتوانرێت بخاپێنرێت.
گاتا، هاتی 45، سروودی 4

ئێستا لەمەڕ ئەو شتانە دەدوێم،
کە مەزدا ئەهۆرای پاک بە منی گوتووە،
ئەو گوتانەی کە بۆ هەموو کەسێک بیستن و بە کارهێنانی باشترینە:
ئەو کەسانەی کە ڕاهێنانەکانی من لە دڵەوە ببیستن و
ڕێزی بۆ دابنێن و بۆ کاری بهێنین،
بە گەشەکردن و جاویدانبوون دەگەن،
هەروەها بەو کردارانەی کە لە رامانی پاک سەرچاوە دەگرێت،
لە پرشنگی ڕووناکبەخشی ئەهۆرا،
بەهرەمەند دەبن.
گاتا، هاتی 45، سروودی 5

ئێستا لەمەڕ ئەوە دەدوێم،
کە لە هەمووان مەزنتر و بانترە و
بە ڕاستییەوە ستایشتی دەکەم،
ئەو سەروەری زانا و
هەموو جاویدانە پاکەکانی.

هیوادارین کە مەزدا ئەهۆرا،
بە خێرەتی پاکی خۆی ستایشتی ئێمە ببیستێت.
تا بە مێهر و خۆشەویستیەوە
لە بەر تیشکی رامانی پاک
بە ئەو پەیوەند ببین.
ئومیدوارین بە خێرەتی خۆی،
ئەو شتەمان فێر بکات، کە باشترینە.
گاتا، هاتی 45، سروودی 6

ئەو کەسێکە کە هەمووان
ڕزگاریی خۆیان لەو دەخوازن،
چ ئەوانەی کە پێشتر بوون،
چ ئەوانەی کە هەن و
چ ئەوانەش کە دەبن.
ئەمەش بزانن کە ڕەوانی پاکان
هەمیشە سەرفەراز و کامەران دەبن و
چەواشەکاریش هەمیشە بە دەرد و ڕەنجەوە سەر دەنێتەوە.
ئەمەش یاسایەکە،
مەزدا ئەهۆرا بە شکۆداریی خۆی دایمەزراندووە.
گاتا، هاتی 45، سروودی7

بە ستایش و نیایشتەکانم
ڕوو لە مەزدا ئەهۆرا دەکەم و
بە وێنام دەیبینم،

بە رامان و گوفتار و کرداری پاک و
لە بەر پرشنگی ڕاستیدا،
ئەو بە پەروەردەگاری دانای مەزنی دەناسم،
بۆیە نزاکانم بە ئەو و
بە بارەگای سروودی ئەو،
پێشکەش دەکەم.
گاتا، هاتی 45، سروودی 8

بە رامانی پاک
مەزدا ئەهۆرا دڵخۆش دەکەین.
ئەو بە خواستی خۆی،
شادی و کاری بۆ ئێمە ئافراندووە.
هێڤیدارین مەزدا ئەهۆرا،
بە توانامەندیی خۆی،
هێزی کارکردن بە ئێمە ببەخشێت،
تا لە بەر تیشکی رامانی پاک و
ڕاستی و زانستی دروست،
لە ڕێگای ڕاست و پێشکەوتنی مرۆڤدا تێ بکۆشین.
گاتا، هاتی 45، سروودی 9

بە ڕێز و پاکی ستایشتی ئەو دەکەین و
بەرز دەیبینین.
ئەوە کە هەمیشە بە
هەستیبەخشێنەری دانای مەزن نێو دەبرێت،

لە بەر پرشنگی ڕاستی و ڕامانی پاکدا
بە توانامەندی و شکۆداری خۆی،
مژدەی گەشەکردن و نەمربوونی بە مرۆڤ داوە،
هەروەهاش تەندروستی لەش و
پایەداریی ڕەوانیان پێ دەبەخشێت.
گاتا، هاتی 45، سرووودی 10

ئەو کەسانەی کە،
دوژمنی لەتەک دێڤپەرستان و لایەنگرانیان دەکەن و
ڕێگاشیان جودایە لەوانەی،
کە بە سووکی دەڕواننە مەزدا ئەهۆرا و
خۆیان بە جوانی بیر لە مەزدا ئەهۆرا دەکەنەوە و
سوشیانسەکانی زانا و یاوەرانی ئایینی
بە دروستی دەناسن،
مەزدا ئەهۆرا،
بە چاوی هاوڕێی خۆی و
بۆیان وەکوو برا و باوک دەبێت.
گاتا، هاتی 45، سرووودی 11

هاتی 46

ڕوو بکەمە کامە ئاخ؟
بۆ کوێ بڕۆم؟
لە کەس و خێش و هەڤاڵانم دوورم دەخەنەوە،
هیچ دڵخۆشییەکم لە هاوکارانیش نییە،
میرانی وڵاتیش لایەنگیریی درۆ دەکەن.
ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
چلۆن دەتوانم خۆشنوتت بکەم؟
گاتا، هاتی 46، سروودی 1

ئەی ئەهۆرا..!
دەزانم بۆچی لاوازم،
دەنگی من کز و کەسانیشم کەم.
هانا بۆ تۆ دێنم،
بە چاکی لێم بڕوانە،
داخوازی ئەو ئەڤینە دەکەم،

کە دڵدار بە خۆشەویستەکەی دەبەخشێت.
ئەی مەزدا..!
لە بەر تریفەی ڕاستیدا،
من لە وزەی پڕتوانای رامانی پاک
زانا بکە.
گاتا، هاتی 46، سروودی 2

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
کەی سپیدەی ئەو ڕۆژە دەبینرێت،
کە ڕاستی بۆ پاسەوانی جیهان بدرەوشێتەوە؟
کەی سوشیانسەکان،
بە ڕاهێنانی پترکەری و زانایانەی خۆیان دێن؟
رامانی پاک
هاریکاری چ کەسێک دەکات؟
ئەی ئەهۆرا..!
تەنها من ڕاهێنان و ئایینی تۆ دەپەژرێنم.
گاتا، هاتی 46، سروودی 3

ئەو چەواشەکارەی کە،
بە کرداری دوژمنانە و زیانباری خۆی
بە خراپەکاری ناوی زڕاوە،
لایەنگیرانی ڕاستی
لە پێشکەوتنی ژیانی گەل،
لە شار و وڵاتدا پاش دەخات.

ئەی مەزدا..!
ئەو کەسەی کە بە دڵ و گیان
بەرامبەر بە چەواشەکار بجەنگێت،
مرۆڤ و جیهانی ئافەرینشت،
بۆ ڕێگای زانست و ویژدانی پاک
پێش دەخات.
گاتا، هاتی 46، سروودی 4

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
ئەگەر توانامەندێکی دانا،
کە بە ڕێگای ڕاست دەژی،
لە سەر بنچینەی ئایینی بەهدینی،
یان لە ڕێگای سۆزی مرۆڤایەتیەوە،
گومڕایەک کە داوای یارمەتی بکات،
بە گەرمیەوە بەرەو هانای بچێت،
دەتوانێت بە هۆشمەندی خۆی
ئەو لە چەواشەیی و زیانمەندی ڕزگار بکات و
بەرەو خۆناسیی بگەیێنێت.
گاتا، هاتی 46، سروودی 5

بەڵام، ئەگەر ئەو توانامەندە
یارمەتی ئەو کەسە نەدات،
کە داوای ئاریکاری لێ کردبوو،
ئەوە خۆی دەکەوێتە داوی فریو گومڕاییەوە،

چونکە، لە سەر یاسای ئایینی مەزدا ئەهۆرا،
کە هەر لە سەرەتاوە دایمەزراندووە،
کەسێک کە سەرکەوتن بۆ گومڕێ بخوازێت،
خۆی گومڕێیە،
ئەو کەسەش کە بۆ ڕاستکرداران ڕێز دابنێت،
خۆی لە ڕاستکردارانە.
گاتا، هاتی 46، سروودی 6

ئەی مەزدا..!
ئەو کاتەی کە چەواشەکارئامادەی ئازاری منە،
بێجگە لە تریفەی تۆ و ئەندێشە بە تۆ،
چ کەسێک هانای من دەدات؟
ئەی ئەهۆرا..!
لەو دوو پرشنگی زانایی و ڕووناکییە،
کە ئایینی ڕاستی دەکەوێتە کار،
کە وایە سرشت و ویژدانی من
لەو ئایینە ئاگادار بکە.
گاتا، هاتی 46، سروودی 7

ئەی مەزدا..!
ئەو کەسەی کە
لە ئەندێشەی ڕماندنی جیهاندایە،
بێگومان بەو کردارە ناپەسەندانەی
زیانێک بە من ناگەیەنێت،

بەڵام ئەو کردارە دوژمنانەیەی،
بۆ خودی خۆی دەگەڕێتەوە و
لە ژیانێکی خۆش پاش دەخات و
ژیانی بەرەو خراپی دەچێت.
گاتا، هاتی 46، سروودی 8

کێیە، ئەو جوانمێرە بە شکۆیە
کە پێشتر من فێر بکات،
کە زیاتر لە هەمووان
تۆ شایستەی ستایشتی و
تۆ سەروەری ڕاستی و داوەری پاکی کردارەکانی؟
هەمیشە ئارەزوومەندین کە بە رامانی پاک،
لە ئایینی ڕاستی و
لە هەموو ئەو شتانە کە تۆ لە بارەیەوە گوتووتە،
ئاگادار بین.
گاتا، هاتی 46، سروودی 9

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
هەر کەس چ پیاو بێت چ ژن،
ئەو شتەی کە تۆ لە ژیاندا بە باش و پەسەند دەیژمێریت،
بە جێی بێنێت،
لە بەر تریفەی رامانی پاکدا،
لە پاداشتی ڕاستی و بەهرەی مینوویی
کامەران دەبێت.

من ئەو کەسانە
بۆ ستایشتی ڕێگای تۆ ڕێنوێنی دەکەم و
لە تێپەڕگای داوەری دەیانپەڕێنمەوە.
گاتا، هاتی 46، سروودی 10

کاوییەکان و کەرپانەکان،
بە هێزی یەکگرتوویان و
بە کرداری ناشیرینیان،
ژیانی مەردم لە ناو دەبن.
بەڵام ڕەوان و ویژدانی ئەمانە،
لە کاتی گەیشتن بە تێپەڕگای داوەری،
لێیان دێتە خرۆش و
بۆ هەمیشە نوقمی سەرای درۆ دەبن.
گاتا، هاتی 46، سروودی 11

کاتێک کە
زارۆک و نەوەکانی فەریانەی تۆرانی
ڕوو بکەنە ڕاستی و
بە خۆبەختکاریی،
بۆ پێشکەوتن و ئاوەدانیی جیهان تێ بکۆشن،
پاشان مەزدا ئەهۆرا،
لە بەر تریفەی رامانی پاکدا،
ئەوان بە یەکەوە پەیوەند دەدات و
ڕزگاری و خۆشبەختییان،

بۆ ئاشکرا دەکات.
گاتا، هاتی 46، سروودی 12

هەر کەس لە ئەنجامدانی خەباتی
زەردەشت ئەسپنتمان
یارمەتی و خۆشنوتی بکات،
ئەوە بە مرۆڤێکی دروستکار ناوبانگ دەردەکات و
مەزدا ئەهۆراش ژیانی جاویدانی دەبەخشێتە ئەو مرۆڤە و
لە بەر تریفەی رامانی پاکدا،
گێتی ئەو پتر دەکات و
هەمووانیش بە دۆست و هەڤاڵی
ڕاستی دەیانناسن.
گاتا، هاتی 46، سروودی 13

ئەی زەردەشت..!
کێیە هاوڕێی ڕاستکرداری تۆ؟
کێیە ئەوەی بە ڕاست
بۆ پەرەپێدانی خۆشناوی و سەرفەرازیی ئەنجومەنی مۆغان
کۆشش دەکات؟
لە ڕاستیدا ئەو کەسە
تەنها کەیگوشتاسپی دلێرە.
ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
خەڵک بەو گوتارانە بانگەواز دەکەم،
کە لە رامانی پاکەوە سەرچاوەی وەرگرتبێت،

تا ڕێگە بە بارەگای تۆ ببیننەوە.
گاتا، هاتی 46، سرودی 14

ئەی ڕۆڵەکانی «هێچدئەسپ ئەسپێنتمان»..!
بۆ ئێوە دەئاخفم،
گوێ بدەنە ئەو شتانەی
کە بۆ ئێوە باشترینە،
تا بە پێی ئەوە، زانا لە نادان جوێ بکەنەوە و
بە کرداری خۆتان
ببن بە خاوەنی ئەو ڕاستییە
کە بنەمای ئایینی ئەهۆرایە.
گاتا، هاتی 46، سرودی 15

ئەی فرەشەوشتر هیۆگۆە..!
لەتەک یارانی بڕوامەندی خۆت،
کە ئێمە هەر دوو بۆیان،
ڕووناکی و بەختیاریی هەمیشەییان ئاواتەخوازین،
بەرەو ئەو جێگایە بڕۆ،
کە تێیدا ڕاستی لەتەک خۆبەختکاری پێکەوە پەیوەستن،
لەوێ، رامانی پاک و توانامەندی،
فەرمانڕەوایی دەکەن و
شکۆمەندیی مەزدا ئەهۆرا ئاشکرایە.
گاتا، هاتی 46، سرودی 16

ئەی جامئەسپ هیۆگە..!
ئەی زانا..!
ئێستا بە هۆنراوە فێرت دەکەم،
تا بە دڵ وەری گری و پەرستیاری بیت،
کار و کۆشش لە سستی و تەوەزنی بڵندپایەترە،
هەر کەس دانا لە نادان
جوێ بکاتەوە،
مەزدا ئەهۆرا،
لە بەر پرشنگی ڕاستیدا،
بە توانای خۆی ئاگاداری دەبێت.
گاتا، هاتی 46، سروودی 17

ئەو کەسەی کە ببێت بە هاوڕێم،
من بۆ ئەو باشترینم و
لە بەر تریفەی رامانی پاک،
مزگێنیی باشترینەکانی پێ دەدەم.
ئەو کەسەی کە لەتەک مندا ڕاستترە
منیش لەتەک ئەودا ڕاستترم.
ئەی مەزدا..!
من بە ڕاستیی،
خواستی تۆ بە جێ دێنم،
ڕێگایەک کە خێرەت و هزری من
هەڵیدەبژێرێت.
گاتا، هاتی 46، سروودی 18

کەسێک بەڕاستیی،
خواستی زەردەشت بە جێ بهێنێت،
کە داواکاری درووستکردنی
جیهانێکی تازەیە،
لە پاداشتی ژیانی جاویدانە بەهرەمەند دەبێت و
لەم جیهانە پڕبەهرە و بەپیتەدا،
هەموو ئارەزووەکانی دڵی دێتە دی.
ئەی مەزدا..!
هەمووی ئەم شتانە
تۆ بۆ من ئاشکرا و فێرت کردووم.
گاتا، هاتی 46، سروودی 19

هاتی 47

مەزدا ئەهۆرا،
بە شکۆمەندی و مێهری خۆی،
پێگەیشتن و جاویدانبوون
بە کەسێک دەبەخشێت،
کە کردار و گوفتاری،
لە بەر تریفەی رامانی پاک و
باشترین ڕەوشتدا و
لە سەر پایەی ڕاستی بێت.
گاتا، هاتی 47، سرورودی 1

کەسێک کە لە بەر تریفەی پاکترین راماندا،
باشترین ڕێگا دەگرێتە بەر،
زمانیشی گەواهی رامانی پاکە و
دەستی بۆ کاری چاک ئاوالەیە،
تەنیا یەک ئارمانجی هەیە:

مەزدا ئەهۆرا،
پەروەردەگار و بەدیهێنەر و سەرچاوەی ڕاستییە.
گاتا، هاتی 47، سروودی 2

ئەی مەزدا..!
لە ڕاستیدا، تۆ ئافەریدەگاری رامانی پاکی،
ئەو کاتەی کە کۆمەڵان لەتەک رامانی پاکدا،
پرس و ڕایان دەکرد،
تۆ بۆ ئەوان،
ئەم زەوی و جیهانە شادیهێنەرەت ئافراند و
بۆ ئاوەدانی و ڕابەریشی،
خۆبەختکاریت کردە دیاری.
گاتا، هاتی 47، سروودی 3

ئەی مەزدا..!
ئەو چەواشەکارانەی
کە پشت لە رامانی پاک دەکەن،
با ڕەنج بکێشن و ئازار بچێژن.
ڕاستکاران کە وا ناکەن، ئەوە نەبینن.
ڕاستڕەو هەرچەندەش هەژاریش بێت،
لە لای ڕاستڕەوان هەر خۆشەویستە،
چەواشەکاریش،
هەرچەندە زەنگین و توانامەندیش بێت،
بێ ئەرجە.

گاتا، هاتی 47، سروودی 4

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
تۆ لە بەر تریفەی رامانی پاک،
مژدەی باشترین خەڵاتت
داوەتە ڕاستکرداران.
بەڵام چەواشەکار
لە مێهری تۆ بەهرەمەند نابێت.
چونکە چەواشەکار،
رامان و کرداری
ناشرین و نادرووستە.
گاتا، هاتی 47، سروودی 5

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
لە بەر تریفەی رامانی پاک و
لە بەر پرشنگی تۆدا،
ئاکامی دوو لایەنی چاکە و خراپە،
ڕوون دەبێتەوە و
بە پەرەگرتن و پتربوونی ڕاستی و پاکی،
فرە لە پەیجۆران،
ڕێگای تۆ هەڵدەبژێرن.
گاتا، هاتی 47، سروودی 6

هاتی 48

ئەی ئەهۆرا..!
لە کاتی پاداشت و
ئەو کاتەی کە سەرکەوتنی ڕاستی بە سەر درۆدا
مسۆگەر دەبێت و
فریوی ئەکۆمەن (بیری خراپ) و لایەنگرانیان
بۆ هەمیشە ئاشکرا دەبێت،
ئەوسا، لە بەر پرشنگی بەخشایشت،
ستایشتی تۆ و
خۆشەویستی بە تۆ پتر دەبێت و
بەر و بەهرەی بەختیاری بە ئاکام دەگات.
گاتا، هاتی 48، سرووودی 1

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
پێش ئەوەی مێشکم ئاڵۆز بێت،
ئاگاداری ئەو شتەم بکە کە دەیزانیت.

گەلۆ ڕاستکرداران بە سەر چەواشەکاراندا،
سەرکەوتوو دەبن؟
ئەو سەرکەوتنەی
کە سەرئەنجامی خۆشی ژیان دەبێت.
گاتا، هاتی 48، سروودی 2

ئەو ڕاهێنانەی کە،
مەزدا ئەهۆرای دانا،
لە بەر تیشکی ڕاستیدا،
مەردمی ژیری پێ فێر دەکات،
باشترین ڕاهێنانە.
بەو ڕاهێنانەیە کە
پاکان و هۆشیاران و مامۆستایانی ڤیدایی
لە بەر تیشکی زانست و رامانی پاکدا،
سەوداسەر و ئەڤینداری تۆ دەبن.
گاتا، هاتی 48، سروودی 3

ئەی مەزدا..!
ئەو کەسەی کە رامانی
باش یا خراپ بێت و
هەر چییەک کە هزری بە ئازادی هەڵیبژێرێت،
ویژدان و گوفتار و کردار و بڕواشی
پەیڕەویی لێ دەکات.
بەڵام لە ئەنجامدا،

ئەمە خێرەتی تۆیە
کە چاکە و خراپە لە یەکدی جیا دەکاتەوە.
گاتا، هاتی 48، سروودی 4

هیوادارین کە پاتشایانی چاک،
بە کرداری باش و بە زانست و جوانمەردی،
فەرمانڕەوایی ئیمە بکەن،
نەک پاتشایانی خراپ.
پاکی بۆ کۆمەڵ،
لە چاخی لە دایکبووندا بەهرەیە.
بۆ ئاوەدانیی جیهان دەبێت تێ بکۆشرێت،
دەبێت جیهان بە دروستی سەرپەرشتی و پەروەردە بکرێت و
بەرەو ڕووناکی ببردرێت.
گاتا، هاتی 48، سروودی 5

بە ڕاستی زەوی
پەنایەکی باشە بۆ ئێمە.
زەوی دوو دیاری،
توانامەندیی لەش و هێزی ڕەوان بە ئێمە دەبەخشێت.
مەزدا ئەهۆرا،
لە سەرەتای ئافراندن و لە بەر تریفەی ڕاستیدا،
لە سەر زەوی گیا و ڕووەکی ڕواندووە.
گاتا، هاتی 48، سروودی 6

ئەی ئەو کەسانەی کە بە رامانی پاک و سۆزەوە پەیوەستن..!
لە کین و توڕەیی پارێز بکەن،
لە هەمبەر ستەم بەرخۆ بدەن.
بۆ پەرەپێدانی ڕاستی،
لەتەک جوامێرانی پاکدا،
هاوپەیمان بن،
تا ڕێگە بۆ بارەگای ئەهۆرا بدۆزنەوە.
گاتا، هاتی 48، سروودی 7

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
چییە خواستی شکۆداریی باشی تۆ؟
چییە بەخشش و پاداشتەی تۆ
بۆ من یارانم؟
چەندە بە ئاواتم،
کە لە ڕێگای ڕاستییەوە،
ئێوە بۆ باوەڕمەندانت ئاشکرا ببیت،
تا بە هاریکاریی رامانی پاک،
بۆ پێشبردنی کارەکانی خۆیان تێ بکۆشن.
گاتا، هاتی 48، سروودی 8

ئەی مەزدا..!
چۆن بزانم
کە ئێوە لە سەر بنەمای ڕاستی،
بە سەر هەمووی ئێمە و

ئەوانیش کە بە دوای ئازاری مندا دەگەڕێن،
فەرمان دەدەی؟
چۆنیەتی رەوشتی رامانی پاکم
بۆ ئاشکرا بکە.
ڕزگارکاریش
لە پاداشتی کار و خەباتی ئاگادار بکە.
گاتا، هاتی 48، سرووودی 9

ئەی مەزدا..!
کەی مەردم لە ئایینی تۆ تێدەگەن؟
کەی دەست لەم ژەهراوی دێوانەکەرە هەڵدەگرن؟
ئەو شتەی کە کەرپانەکانی وێرانگەر
گەلی پێ فریو دەدەن و
میرانی ستەمگەر و لادەریش،
دەستەڵاتداریەتی وڵاتانی پێدەکەن.
گاتا، هاتی 48، سرووودی 10
(مەبەست لەو ژەهراوە، شتێک بووە کە لە شیرەی گیا یان شتێک لە تیرەی بەنگ دروست دەکرا و لە کاتی خواردنەوەیدا، مرۆڤ لە خۆی بێخود دەبوو و کەیفی بە کوشتنی ئاژەڵ و خراپەکاری دەهات.)

ئەی مەزدا..!
کەی ڕاستی و پاکی و
خۆبەختکاری و وڵاتی پڕ لە کێڵگەی پان و بەرین و

خانومانی جوان و ئاوەدان،
بە دی دێت؟
کێن ئەو کەسانە،
لە هەمبەر چەواشەکارانی دڵڕەش
پشتیوانمان دەبن؟
کێن ئەو کەسانە،
کە لە زانست و تێڕوانینی رامانی پاک،
بەهرەمەند دەبێت؟
گاتا، هاتی 48، سروودی 11

ئەی مەزدا..!
سوشیانسەکانی وڵاتان،
ئەو کەسانە دەبن کە
بە پێڕەوکردنی رامانی پاک،
ئەرک و بەرپرسیاریی خۆیان بە ئەنجام دەگەیەنن.
کرداریان لە سەر پایەی ڕاستی و ڕاهێنانەکانی تۆیە،
لە ڕاستیدا بۆ سەرکەوتن و
تێکشکاندنی ڕک و کینە ڕاسپێردراون.
گاتا، هاتی 48، سروودی 12

هاتی 49

ئەی مەزدا..!
لە مێژە کە «بێندو»،
لە کرداری نادروستی خۆی شادمان و سەرمەستە و
لە هەمبەری من نەیاریەتی دەکات.
ئەی بەخشێنەری دلۆڤان..!
بە پاداشتی چاکە بەرەو ڕووی من وەرە،
تا بە رامانی پاک،
ئەو لە چەواشەیی ڕزگار بکەم.
گاتا، هاتی 49، سروودی 1

ئەی مەزدا..!
ئارمانجی سەرەکیی «بێندو»
درۆ و فریو و سەرلێشێوانی مرۆڤ و
دوورکەوتن لە ڕاستییە،
پابەندی سۆز و بەڵێنی خۆی نییە و

ڕامانی لەتەک پرسیار و بەرسیڤ بێگانەیە.
گاتا، هاتی 49، سروودی 2

ئەی مەزدا..!
ئەم باوەڕ و ڕاهێنانەت بە دروستی
بۆ هەمووان دیاری کردووە،
کە ڕاستی ئازادیبەخش و سوودمەندە
درۆش زیانبار.
لەم ڕووەوەیە
کە ئارەزوومەندم هەمووان،
پەیوەندیی خۆیان لەتەک ڕامانی پاک پتر بکەن و
تێکەڵی خۆیان لەتەک چەواشەکار و لایەنگرانی درۆ بپسێنن.
گاتا، هاتی 49، سروودی 3

ئەو کەسانەی کە
بە بیری چەپەڵ و زمانی پیسیان،
ڕک و تووڕەیی و بەرچاوتەنگی پەرە پێ دەدەن و
دەبنە کۆسپی بەر ڕێگای مەردمی سازکەر و پەروەردەکار،
هەروەها بەو کردارە ناشیرینانەیان
بیر لە داهێنان و کاری خاس ناکەن،
ئەمانە دێڤانێکن
کە دەروون و ویژدانی گەل،
بەرەو درۆ و شاشی دەبەن.
گاتا، هاتی 49، سروودی 4

ئەی مەزدا..!
تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن
دل و گیان و کەسایەتیان،
لەتەک رامانی پاکدا پەیوەند بدەن،
کە لە ڕێگەی جوانمەردی و ڕاستی و زانایی
هەنگاڤیان نابێت،
لە ئاکامدا ئەم کەسانە،
جیهانی جاویدانیی تۆیان
پێ دەبەخشرێت.
گاتا، هاتی 49، سروودی 5

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
ئەی ڕاستی..!
چییە ئەو شتانە کە لای تۆ پەسەندە؟
داواکاری زانینی هزر و رامانتانم،
تا بتوانم بە ڕاستی و دروستی،
ئایینی ئێوە بناسم و
بۆ هەمووانی ئاشکرا بکەم.
گاتا، هاتی 49، سروودی 6

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
هیوادارم کە کۆمەڵان
بە رامانی پاک و دڵی ڕوون،

پەیامی من ببیستن،
تۆش گەواهبە
کە لە هاوڕێیان و خێشان
هەر کامیان بە پێی ئایین ڕەفتار دەکات،
تا بۆ هاوکاران ببێت بە
ئامۆژگارێکی چاک.
گاتا، هاتی 49، سروودی 7

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
لە تۆ داواکارم کە،
گەشەسەندن و شادمانی
لەتەک پەیوەستبوون بە ڕاستییەوە،
بە فرەشەوشتر خەڵات بکەی و
بە شکۆداریی و مەزنی خۆت،
هەر ئەم پاداشتەش
بە هەڤاڵانی دیکەم ببەخشی،
هێڤیدارم کە بۆ هەمیشە،
وەک ئەڤینداری تۆ بمێنینەوە.
گاتا، هاتی 49، سروودی 8

ئەی جامئەسپی دانا..!
ئەو خەباتکارە کە بۆ ڕزگاریی کۆمەڵان دیاری کراوە،
ئەبێت بەم پەندە بە ژیری گوێ بدات:
هەرگیز مرۆڤی ڕاستگوفتار،

بیر لە هەڤاڵبەندیی
مرۆڤی گومڕێ و چەواشەکار ناکاتەوە،
ئەو کەسانەی کە کەسایەتیان
لەتەک ڕاستیدا پەیوەستە،
لە باشترین پاداشتەکان بەهرەمەند دەبن.
گاتا، هاتی 49، سروودی 9

ئەی مەزدا..!
من رامان و ڕەوانی پاکی ڕاستکاران،
لە بارەگای تۆدا
بە ئێوە دەستپێرم،
تا ئاگاداری ئەوان بیت.
هەروەهاش ستایشتی جەوانمەردی و
خواستەکانی دڵ دەکەم،
ستایشتی تۆش دەکەم،
چونکە پاتشای
مەزنیی و پایەداریی و جاویدانیت.
گاتا، هاتی 49، سروودی 10

ڕەوانی میرانی ستەمکار و
بەدڕەوشتان و دڵڕەشان و
لایەنگرانی درۆ و چەواشەکاران،
نیشتەجێیانی سەرای درۆن،
چونکە ناخیان لە ڕووناکیەوە

بەرەو تاریکی چووە و
لە ڕاستی دوور کەوتوونەتەوە.
گاتا، هاتی 49، سروودی 11

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
لە بەر تیشکی ڕاستی و ڕامانی پاکدا،
زەردەشت کە ستایشتگەری تۆیە،
چ یارمەتییەکی دەدەی؟
من بە دروستی و بە هۆرە و ئاوازی شایستە،
ستایشتت دەکەم،
ئارەزوومەندم ئەو شتەی کە لای تۆ پەسەندە و
بە باشی دەزانی،
بە منی ببەخشی.
گاتا، هاتی 49، سروودی 12

هاتی 50

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
ئەو کاتەی کە لە دڵەوە
بانگت دەکەم،
بێجگە لە ڕاستی و
رامانی پاکی تۆ،
چ کەسێک یارمەتیی ڕەوانی من دەدات؟
کێ پشتیوانی من و
یارانم دەکات؟
گاتا، هاتی 50، سروودی 1

ئەی مەزدا..!
ئەو کەسانەی کە بۆ جیهان
هێمنی و شادومانی دەخوازێت و
هەمیشەش خوازیاری ئاوەدان بوونەوەیەتی،
چلۆن ژیانی لە بەر تیشکی ڕاستی و

پڕشنگی درەخشاندا دەباتە سەر؟
چلۆن لە نێوانی ڕاستکاران و
سەرای هۆشیاراندا
جێگای دەبێتەوە؟
گاتا، هاتی 50، سروودی 2

ئەی مەزدا..!
بە دڵنیایی
ئەو کەسە ڕوو لە ڕاستی دەکات،
کە توانامەندیی مینووی و رامانی پاک،
ئامۆژگاری بێت،
هەر لە بەر پرشنگی ئەم بەخششانەدایە،
کە ئەگەر چەواشەکاران دەوریشان تەنیبێت،
هەر لە ئاوەدانکردنەوەدایە.
گاتا، هاتی 50، سروودی 3

ئەی مەزدا..!
ئیسە ستایشتی تۆ و ڕاستی و
پاکترین هزرەکان و
توانامەندیی مینوویی دەکەم،
دەمەوێت لە ڕێگای ڕاستدا بم و
لە سەرای سروود،
گوێ بۆ سەوداسەرانی تۆ،
بگرم.

گاتا، هاتی 50، سروودی4

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
ئەی ڕاستی..!
بە هۆنەری سروود و
بەستەی رامانبزوێنەری خۆتان،
بە مێهرەبانییەوە ڕووی تێ بکەن و
یار و پشتیوانی بن،
تا ڕێنوێنی کۆمەڵان بکات
بۆ ڕێگای ڕووناکی.

گاتا، هاتی 50، سروودی 5

ئەی مەزدا..!
من، زەردەشت
لایەنگری ڕاستی،
بە ئاوازێکی بڵند و ڕێزەوە
ستایشتی تۆ دەکەم،
ئارەزوومەندم هەمیشە
زمانم بۆ ڕێگای ژیریی بوێژ بکەیت و
لە بەر تریفەی رامانی پاکدا،
ئایینی خۆتم بۆ ئاشکرا و فێرم بکەیت.

گاتا، هاتی 50، سروودی 6

ئەی مەزدا..!

من بە،
بەخرۆشترین سرروودەکانم و
بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن،
ستایشتت دەکەم و
بە تۆ پەیوەند دەبم.
تا لە بەر پرشنگی ڕاستی و رامانی پاکدا،
پشتیوان و ڕێپیشاندەرمان بیت.
گاتا، هاتی 50، سرروودی 7

من،
بەو هۆرە بە جۆش و گەرمانە
کە لە دڵمدا هەڵمبەستوون،
دەستەوتکا،
ڕوو لە تۆ دەکەم،
بە ڕاستی و بە لەخۆبوردوویی مرۆڤێکی خۆبەختکار،
بۆ تۆ نوێژ دەکەم و
لە بەر تریفەی باڵکێشی رامانی پاکدا،
لە تۆ نزیک دەبمەوە.
گاتا، هاتی 50، سرروودی 8

ئەی مەزدا..!
بەم سرروودە پیرۆزانە و
لە ڕێگای ڕاستەوە و
بەو کارانەی کە لە رامانی پاک هەڵدەستێت،

بەرەوەپیریی تۆ دێم،
تا گەیشتن بە ئارمانجی دڵخوازی خۆم،
هەروەها تامەزرۆی وەرگرتنی زانستی چاکە دەبم.
گاتا، هاتی 50، سروودی 9

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
ئەو کارانەی کە لە ڕابردوو ئەنجامم داون و
ئەو کارانەی کە لە داهاتوودا ئەنجامی دەدەم و
ئەو شتەی کە رامانی پاک دەوەشێتەوە،
هەر وەک تیشکی هەتاو و
گزینگی بەرەبەیان،
کە بە دیدەی تۆ شایستەیە،
هەمووی لە ڕێگای ڕاستی و
بۆ نیایشت و ڕێزلێنان و
فەڕ و شکۆی تۆ بووە و دەشبێت.
گاتا، هاتی 50، سروودی 10

ئەی مەزدا..!
تا ئەو کاتە کە لە بەر تیشکی ڕاستیدا
تاو و توانام هەیە،
ستایشتی تۆم کردووە و هەر ستایشتت دەکەم.
هیوادارم ئەی ئافەرینەندەی جیهان..!
لە بەر تیشکی ڕامانی پاکدا،
یەکەمین و باشترین خواستی دروستکرداران،

کە تازەسازیی جیهانە،
بە جێ بهێنیت.
گاتا، هاتی 50، سروودی 11

هاتی 51

توانامەندیی پاکی مینوویی،
بەهرەیەکی بەرز و پڕبەهای ئاسمانییە،
کە لە بەر پرشنگی ڕاستیدا،
لە دڵی سەوداسەرانی ڕێگای مەزدایی دادەگرسێت،
تەنهاش بە ئەنجامدانی
باشترین کارەکان بە جێ دێت
منیش
ئیسە و هەمیشە
تەنیا لەم ڕێگایەدا تێدەکۆشم.
گاتا، هاتی 51، سروودی 1

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
هەموو ئەم کارانە
سەرەتا بە تۆ و
بە ڕاستی و بە خۆبەختکاریی پێشکەش دەکەم.

شکۆمەندی خۆتم بۆ بنوێنە و
لە بەر تریفەی رامانی پاکدا،
بە باوەڕمەندانت ڕزگاری ببەخشە.
گاتا، هاتی 51، سروودی 2

ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
ئەو کەسانەی کە
بە کرداری پاک و گوفتاری ڕاست
ئارەزووی پەیوەندبوونیان لەتەک تۆدا هەیە،
ئەو کەسانەن،
کە تۆ لە سەرەتادا
یەکەمین ئامۆژگاریان بوویت.
گاتا، هاتی 51، سروودی 3

ئەی مەزدا..!
مێهری بێئەندازەت لە کوێیە؟
کەی بەخششی تۆ،
باوەڕمەندانی بەئەمەگ دادەگرێت؟
لە کوێ ڕاستی دەست دەکەوێت؟
ئەڤین و جەوانمەردیی پاک لە کوێیە؟
باشترین رامان لە کوێیە؟
سەرچاوەی میری و شکۆمەندیی ئێوە لە کوێیە؟
گاتا، هاتی 51، سروودی 4

هەمووی ئەمانە دەپرسم:
چلۆن ڕابەرێک
کە دروستکار و لەخۆبردووە و
خاوەنی هزرێکی پاک و
دادگەر و ئامۆژیاری ڕاستییە،
هەروەهاش توانامەند و بەخشایشگەرە،
دەتوانێت جیهان بەرەو
ئاوەدانی و پێشکەوتن بگەیەنێت؟
گاتا، هاتی 51، سروودی 5

مەزدا ئەهۆرا،
بە شکۆمەندی و مەزنی خۆی،
بەو کەسەی کە خواستی ئەو بە جێ بهێنێت و
بۆ ئاوەدانی و پێشکەوتنی جیهان تێ بکۆشێت،
پاداشتی باشتر لە باشی پێ دەبەخشێت،
بەڵام ئەو کەسەی کە بەدکردار و ناڕاستە و
خواستی ئەو ئەنجام نەدات،
لە ئەنجامی ژیانیدا
بە کەیفەری کرداری خۆی گرفتاری دەکات.
گاتا، هاتی 51، سروودی 6

ئەی بەدیهێنەری زەوی و ئاو و گیا..!
ئەی مەزدا..!
لە بەر پرشنگی پیرۆزی خێرەتی خۆتدا،

پێگەیشتن و جاویدانیبوونم پێ ببەخشە و
لە بەر تریفەی رامانی پاکدا،
تاو و توانامەندیی لەش و ڕەوان و
پایەداریی ژیانی نوێم پێ ببەخشە،
هەروەهاش لە ڕاهێنانەکانی خۆت
کامەرانم بکە.
گاتا، هاتی 51، سروودی 7

ئەی مەزدا..!
ئێستا پەیامی تۆ
بۆ مرۆڤی زانا ڕوون دەکەمەوە:
سەرئەنجامی خراپ بەشی چەواشەکارانە،
بەختیاریش بۆ کەسێکە
کە پابەندی ڕاستییە.
بێگومان شادومانیش هەر بەشی ئەوە،
چونکە ئەم پەیامە ڕامانخرۆشێنەرە
بۆ دانایان ئاشکرا دەکات.
گاتا، هاتی 51، سروودی 8

ئەی مەزدا..!
ئێوە لە ڕێگای ئاگری بڵێسەدار و
ئازموونی تاواندنی مینوویی،
هەر دوو لایەنی ڕاستکردار و چەواشەکار
تاقی دەکەیتەوە و پاداشت دەدەیتەوە.

لەم ڕێگایەوەیە
کە ئایینی ژیان ئاشکرا دەکەی:
ڕەنج بۆ چەواشەکاران،
سوود و شادی بۆ ڕاستکرداران.
گاتا، هاتی 51، سروودی 9

ئەی مەزدا..!
کەسێک کە بێجگە لەم ئایینە،
لە ڕێگای وێرانکردنی جیهاندا تێ بکۆشێت،
لە خێڵی درۆ و
لەو کەسانەیە کە
چەوت بیر دەکەنەوە و گێلن.
هیوای ڕاستی
بۆ خۆم و یارانم دەخوازم،
تا بەرەو ڕووی ئێمە بێت و
بە پاداشتی چاکەمان بگەیەنێت.
گاتا، هاتی 51، سروودی 10

ئەی مەزدا..!
هاوڕێی زەردەشت ئەسپنتمان کێیە؟
کێیە ئەو کەسەی
کە لەتەک ڕاستیدا خەریکی پرسیار و ڕاوێژە؟
کێیە ئەوەی کە ڕووی لە پاکییە و
بە ڕاستی و رامانی پاک و خۆبەختکاریی،

لایەنگری ئەنجومەنی هەڤاڵەتیی مۆغانە؟
گاتا، هاتی 51، سروودی 11

خاپێندراوانی دەبستانی میریی،
هیچ کاتێک بە درێژایی ژیانیان،
«زەردەشت ئەسپێنتمان»یان
دڵخۆش نەکردووە،
چونکە ئەمانە،
بەختیاریی لە کردەوەی ئەنبووژەنی دەبینن،
نەک لە جۆش و خرۆشەکانی مینوویی.
گاتا، هاتی 51، سروودی 12

بەم جۆرە،
چەواشەکار،
کە بە سەرپێچی کردن لە ڕێگای ڕاستی
ویژدانی خۆی بەرەو نابووتی کێشاوە،
لە تێپەڕگای داوەری و
لە هەمبەر ئاشکرابوونی کرداریدا،
گرفتاری سەرزەنشتی ویژدانی دەبێت.
چونکە بە کردار و گوفتاری خۆی،
لە ڕێگای ڕاست لایداوە.
گاتا، هاتی 51، سروودی 13

کەرپانەکان،

هیچ کاتێک لە داد و ئایین و ئاوەدانکردنەوە
پێڕەوی ناکەن،
ئەمانە بە ڕاهێنان و کردارەکانیان،
زیان بە ئاوەدانکارانی جیهان دەگەیەنن.
بەڵام، هەر ئەم ڕاهێنان و کردارانەیە،
کە لە ئاکامدا
بەرەو سەرای درۆ دەیانگەیێنێت.
گاتا، هاتی 51، سروودی 14

پاداشتێک کە زەردەشت
بە ئەنجومەنی مۆغان مژدەی داوە،
سەرای هۆرە و ستایشتە،
ئەو جێگایەیە کە هەر لە سەرەتادا،
جێگای گەیشتن بە مەزدا ئەهۆرا بووە.
من ئەم پاداشتە،
کە لە بەر تریفەی رامانی پاک و ڕاستیدا
وەدەست دێت،
بە ئێوە مزگێنی دەدەم.
گاتا، هاتی 51، سروودی 15

کەی گوشتاسپ،
لە بەر تریفەی هێزی ئەنجومەنی مۆغان و
ئەو سرووده پیرۆزانە،
کە لە رامانی پاک گرساوە و

به پەیڕەوی‌کردن لە ڕاستی،
بە پاداشتی زانستی دەروونی گەیشت.
بە پێی ئەو زانستەیە،
کە مەزدا ئەهۆرا
ڕێنوێنیی بەختیاریمان دەکات.
گاتا، هاتی 51، سروودی 16

فرەشەوشتر هیۆگۆە،
گەوهەری بە شکۆی بوونی خۆی،
بە دڵێکی پاک و بۆ ئایینی بەهدینی
سپاردیە دەستی من،
هیوادارم کە مەزدا ئەهۆراش
ئاواتی ئەو
کە گەیشتن بە ڕاستییە،
بە جێ بهێنێت.
گاتا، هاتی 51، سروودی 17

«جامئەسپ هۆگۆ»ی دانا،
کە خوازیاری ڕۆشنبوونەوە بوو،
لە بەر تریفەی ڕاستیدا،
ئەو زانستەی هەڵبژارد و
بە رامانی پاکەوە
بە توانامەندیی مینوویی گەیشت.
ئەی مەزدا ئەهۆرا..!

ئەو زانستەش
بە هەموو ئەوانەی کە سەوداسەر و
دالّدەی تۆن ببەخشە.
گاتا، هاتی 51، سرووودی 18

مەیدیا مانگ،
کە لە دودەمانی ئەسپنتمانە،
لە دوای ناسینی ئۆلی بەهدینی،
بە دڵ و گیان بۆ پێشکەوتنی ئەم ئۆلە
ژیانی خۆی سپاردەتە دەستی من.
ئەو بە فێربوونی ئایینی مەزدا،
بە کردار لە ڕێگای هەرچی باشتربوونی تێدەکۆشێت.
گاتا، هاتی 51، سرووودی 19

ئەی ئەمێشەئەسپێنتەکان..!
هەمووتان پێکەوە،
ڕاستی و رامانی پاک،
کە لە خۆبەختکاریی
وەدەست دەکەوێت،
بە ئێمە ببەخشن.
ستایشتی ئێوە دەکەین و
لە مەزداش
داوای بەختیاری دەکەین.
گاتا، هاتی 51، سرووودی 20

مرۆڤی باوەڕمەند و پاک،
بە زانست و گوفتار و کردار و ویژدانی خۆی،
ڕاستی پتر دەکات.
مەزدا ئەهۆرا بەم کەسە،
لە بەر تریفەی رامانی پاکدا،
توانامەندیی مینوویی دەبەخشێت.
منیش بۆ ئەو
پاداشتی چاکە* ئاوات دەخوازم.
گاتا، هاتی 51، سروودی 21
(مەبەست لە پاداشتی چاک، هێمنی رامان و ویژدانێکی ڕووناک و دڵێکی بینا و توانامەندی مینوویی و بێنیازبوون لە هەوا و هەوەس و خۆشنووتی هەمیشەییە)

مەزدا ئەهۆرا،
ئەو کەسانە دەناسێت،
کە لە ڕووی ڕاستییەوە،
باشترینی پەرستشەکان بە جێ دەهێنن،
چ لە ڕابردوودا بووبێت و
چ لە ئێستادا بێت.
من ئەو کەسانە ستایشت دەکەم و
بە ڕێز ناو و یادیان دەکەم و
بە هۆرە و دروودەوە بەرەو پیرییان دەچم.
گاتا، هاتی 51، سروودی 22

هاتی 53

باشترین ئاواتەکانی زەردەشت ئەسپنتمان
بەدی هاتووە،
چونکە مەزدا ئەهۆرا،
لە بەر تریفەی ڕاستیدا،
ژیانێکی خوڕەمی بۆ هەمیشە پێ بەخشیوە.
هەروەها ئەوانەش
کە لەتەکی نەیارییەتیان دەکرد،
ئێستا گوفتار و کرداری ئایینی بەهدینی
پەیڕەو دەکەن.
گاتا، هاتی 53، سروودی 1

ئەوەی کە دەبێتە هۆی
خۆشی و شادومانیی مەزدا،
کە بە رامان و گوفتار و کرداری پاک،
ستایشتی مەزدا بکەن و

لە ناساندنی ئەو تێ بکۆشن.
هەروەها کە کەیگوشتاسپ بە لایەنگری لە زەردەشت و
فرەشەوشتر بە رامانی،
ڕێگای ڕاست و ئایینێکیان هەڵبژاردووە،
کە ئەهۆرا بۆ سوشیانسی ئاشکرا کردوە.
گاتا، هاتی 53، سروودی 2

ئەی پوورەچیستای ئەسپنتمان هێچدسپان..!
ئەی جەوانترین کچی زەردەشت..!
مەزدا ئەهۆرا،
ئەو کەسەی کە بە هزری باش و
بە پاکی و ڕاستییەوە پابەندە،
وەک هاوسەرێکی باش بۆ تۆ دەدات.
کە وایە لەتەک بیری خۆت ڕاوێژ بکە و
بە ئەڤینی پاک و زانستی باش ڕەفتار بکە.
گاتا، هاتی 53، سروودی 3

بێگومان ئەو کەسەی،
کە بۆ ئەندامەتی هاوڕێیان و خانەوادە،
هەروەک باوک و سەروەر هەڵبژێردرابێت،
خۆشم دەوێت و هەڵیدەبژێرم.
هیوادارم کە تریفەی رامانی پاک،
بەر منیش کەوێت و
ژنێکی جەوانمەرد و داوێنپاک و شایستە بم لە ناو پاکاندا.

ئارەزووومەندم مەزدا ئەهۆرا،
بۆ هەمیشە لە ئۆلی بەهدینی
کامەرانم بکات.
گاتا. هاتی 53، سروودی 4

ئەم گوتانە بۆ ئێوە دەڵێم،
ئەی تازەبووکان و تازەزاوایان..!
پەندم بە رامان ببیستن و بە یادی بسپێرن و
بە ویژدانێکی ڕۆشن وەری بگرن و بە کاری بهێنن:
هەمیشە ژیانتان بە رامانی پاک ببەنە سەر و
کۆشش بکەن کە لە ڕاستیدا،
پێشبڕکێی یەکدی بکەن،
تا لە ژیانێکی پڕ لە خۆشی و بەختیاریی
بەهرەمەند ببن.
گاتا، هاتی 53، سروودی 5

ئەی پیاوان و ژنان..!
ئەمە بە چاکی بزانن کە لە لەم جیهانەدا،
درۆ خاپێنەرە،
خۆتانی لێ بپارێزن و پەرەی پێ مەدەن.
ئەوەش بزانن کە،
ئەو خۆشیەی کە لە خراپەکاری و چەواشەکردنی ڕاستی و
بێچارەکردنی کۆمەڵان وەدەست دەکەوێت،
ئاکامی پەژارییە.

ئەو چەواشەکارانەی کە ڕاستی لە ناو دەبەن،
ژیانی مینوویی خۆیان لە ناو دەبەن.
گاتا، هاتی 53، سروودی 6

پاداشتی ئەنجومەنی مۆغان،
تا ئەو ڕۆژە بۆ ئێوە دەبێت،
کە لە ژیانی هاوسەریی خۆتاندا،
چ لە هەبوون و چ لە نەداریدا،
لەتەک یەک سازگار بن و بە مێهرەبانی بژین.
بەڵام ئەگەر ئەندێشەی درۆ بە سەرتاندا زاڵ بێت و
ئایینی ئەنجومەنی مۆغان ڕەها بکەن،
ئەنجامەکەی تەنیا خەم و ڕەنج و ئەفسۆس دەبێت.
گاتا، هاتی 53، سروودی 7

بە دڵنیایی لە ئاکامدا،
چەواشەکاران و خراپەکاران،
فریو دەخۆن و گاڵتەیان پێ دەکرێت و سەرزەنشت دەبینن،
بەڵام لە ژێر ڕێبەرایەتی دروست و دادگەردا،
ژنان و پیاوان لە گوند و شاریاندا،
بە ئاشتی و ئاسایشت دەگەن.
خراپەکاریی و فریوکاریی
کە وەک زنجیرێک
گرێدراوی مەرگن،
لە ناو دەچن.

مەزدا ئەهۆرا، کە لە هەمووان مەزنترە،
ڕوو لە ئێمە دەکات.
گاتا، هاتی 53، سروودی 8

گومڕێیانی بەدکار،
کە کۆیلەی هەوەسن و لە ڕاستی بێزارن،
لە پاکان زویرن و پایەبەرزان بە سووک دەژمێرن،
هەمیشە لەتەک خۆشیاندا
لە گەرمە و کێشە و ململانێدان.
کێیە ئەو پێشەوا جەوانمەردە
لەو پەڕی ئازادیدا،
بە دڵ و گیان و بەو چەشنە کە خواستیەتی،
لە دژ ئەو جۆرە بەدکارانە بجەنگێت؟
ئەی مەزدا..!
تەنها شکۆمەندیی مینوویی تۆیە،
کە دەتوانێت یار و یاوەری دەروێشانی دروستکردار بێت و
لە باشترین پاداشتەکان بەهرەمەندیان بکات.
گاتا، هاتی 53، سروودی 9

فەرهەنگۆک

ئاتر ئاگر، ئایر، ئازەر، ئاهیر

ئاترگا به زمانی هەورامی ئاهیرگه، هورموزگا، جەمخانه، ئاتەشگه، ئەو شوێنەی که بەهدینان بۆ ڕاز و نیاز و گرتنی کۆڕی و ئاهەنگی ئایینی تێدا کۆ دەبنەوه، وەک کەنیسا و مزگەوت.

ئاترەخش به ئاڤێستایی: ئاتر + ڕەخشان = ئاترڕەخشان، ئازەرەخش، به واتەی پرشەی ئاگر، تیشکی ئاگر (ڕەخشان، ڕەخشنده، ڕەخشن ناوی کچانه له زبانی کوردی).

ئاخ زەوی، زێد، خاک، نیشتمان

ئافەراندن دروستکردن، بەدیهێنان، چێکردن، خولقاندن

ئافەریده دروستکراو، بەدیهاتوو

ئافەریدەگار خودای بەدیهێنەر

ئافەرینش ئافراندن، بەدیهێنان، داهێنان، خولقاندن

ئافەرینشت بوون به واتەی گشتی، هەستی

ئارمان ئارمانج، ئامانج

ئارمەئیتی ئەسپەند، ئەسفەند، یەکێکه له ئەمێشەسپێنتەکان، ئەسفەند ڕاکێشەری هەموو هەستییه. له هەستیدا دوو ڕاکێشەر فەرمان دەدەن، «دوورکەر» و «کێشەر» که له هەستیدا به هەموو دیاردەکانیەوه کار و کاردانەوەیان دەبینرێت. له هەر دیمەن و نموونەیەکی بووندا، ئەم کار و کاردانەوه و کێشەر و دوورکەرەوه هەیه و ئەمه دەبێته مایەی

بالاکردن و گەیین و گەڕیانی ئەو دیاردەیە. کێشان و دوورخستەوە و کار و کاردانەوە و ڕەنگ و ڕەنگدانەوە لە مرۆڤدا بە چەشنی ئەڤین، لەخۆبوردن، داد، بەخشش، رامانی دروست، هەڵسەنگاندنی ڕاست، خۆپارێزی و پاکی و خاسی دەبینرێت، کە ئەمانە دەبێتە مایەی خۆشی و شادومانی و کەیفخۆشیی دڵەکان و گیانەکان، لە بڕێک شوێندا بە واتەی (موراد) و جوانمێریش هاتووە.

ئاری چاوگی وشەی ئاری لە «ئایر» هاتووە، ئەو گەل و نەتەوانە کە ئاگر بە لایەنەوە پیرۆز بووە، ئەو گەلانەی کە باوەریان بە ئایینی بەهدینییە.

ئاشا واژەیەکی ئاڤێستاییە کە بە واتەی ڕاستی، ماف، دروستی، دادگەری، سامانی جیهان، یاسای ئافەرینش، ڕێکوپێکی، سازگاری، سەقامگیری، سازیی و دامەزراوی تەواو، بەشێکی سەرەکیی لە ناوی ئەمێشەسپێنت «ئاشا»وەهێشتایە، لەم ڕووەوەیە کە لێکۆڵینەرانی دینی بەهدینی واژەی ئاشا بە بێوەرگێڕان لە ناو نووسراوەکانیاندا بە کار دێنن، ئاشا یەکێک لە کۆڵەکەکانی بناغەیی و گرینگی دینی زەردەشتە کە لە سەرتاسەری ئاڤێستا هەمیشە دێتە گوتن و دەتوانرێت ببێژین کە هەموو ڕێگاکانی ڕزگاری بە ڕاستی یا ئاشا کۆتایی پێدێت کە هەمانا ڕاستییە.

ئاشاوەهێشتا ئەمێشەسپێنت ئاشاوەهێشتا یان ئۆردیبەهەشت، جیهانی بووندا ڕێکوپێکی و هەنجارێکی پتەو و گران فەرماندەرە و هیچ شتێک لە دەرەڤەی فەرمانی هەنجار و ئۆردیبەهەشت نییە. هەنجار لە ڕەوانی مرۆڤدا، ڕاستی و

پاکییە. دوژمنی هەرە مەزنی ڕاستی و داد و مرۆڤ، درۆیە. ڕاستی لە ڕەوانی مرۆڤ، مایەی خۆشی و خورەمی و شادمانییە و هەر چاکەیەک کە لە جیهاندا هەیە، لە ڕاستی هەڵدەستێت، ئۆردیبەهەشت، فریشتەی ڕاستی و دروستی و پاکی.

ئاشوو مرۆڤی پاک و بە ویژدان، جوانمێر، پیرۆز، هاف، (حەزرەت)

ئاگر لە ڕوانگای دینی بەهدینی پێنج جۆر ئاگری جیاواز هەیە: یەکەم بۆرزیسەوە، کە لە پێشگای پیرۆزی ئەهۆرا مەزدا هەیە. دووهەم وەهوفەڕیانە، کە لە ناو لەشی مرۆڤ و گیانلەبەرانی دی هەیە. سێهەم ئاوروازیشتە، کە لە ناو گیادایە. چوارەم وازیشتە، لە ناو هەوردایە. پێنجەم سپەنیشتە، کە بۆ بەکارهێنانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ بەکار دێت و لە هەمان کاتییشدا بە نیشانەی ڕووناکی و پاکی و زانایی لە هەمبەر تاریکی و ناپاکی و نادانی پێناسە دەکرێت.

ئالی لایەن، لا

ئالیکاری ئاریکاری، هاریکاری، یارمەتی

ئامۆژگار ئامۆژیار، ئامۆزگار، مامۆستا، فێرکار

ئامەرتات فریشتەی تەندروستی و تەمەندرێژی، ئەمێشەسپێنت ئامۆرداد بوونی جاویدانییە. هێزی ئافراندن هەمیشە لە کاری ئافراندن و زایین و مردندایە و ئەم کاروبارە هەمیشەیی و جاویدانییە. مرۆڤ جیهانێکی پچووکە لە جیهانی مەزن و لە ژێر کاریگەری و فەرمانی یاساکان و زاگونەکانی جیهانی و ئەمێشەسپێنتەکان. جا ئەگەر تیشکی ئەمێشەسپێنتەکان بە سەر ڕەوان و زیندەگانی ئەو بکەوێت،

ئەوە شادی و بەختیاری و خورەمی ژیانی ئەو دادەگرێت و دەبێتە ئاوێنەیەک بۆ دیمەنی هەستی، ئاوەزی گشتی، تیشکی درەخشان، هێندسە، هەنجاری بوون و ئەهۆرا مەزدا. ئەمێشەسپێنتەکان لە گۆڕەپانی ڕەوان و ژیانی مرۆڤدا، هەنگاوەکانی پالآفتن و ڕازانەوەی ڕەوانن کە لە رامانی پاکەوە دەگرسێت و دوای پێوانی هەنگاوەکانی ڕاستی، داد، خۆپارێزی، لێبووردیی، ئەڤین، پاکی، گەشەسەندن و پشکووتن بە ئامورداد بە واتەی جاویدانی دەگات.

ئاویدەر ئاویەر، بە ئاڤێستایی «ئەوشێدرینە»، لە سەر کۆچبەربوونی زەردەشت لێکۆڵینەوەیەکی ورد و زانستی و بێ لایەنانە تا بە ئێستا نەکراوە، بێگومان هۆی تایبەت و دیاریکراوی خۆی هەیە. بەڵام بە گشتی دوو بیروڕا هەیە، یەکەمیان زۆربەی نووسەرانی بیانی بە تایبەت فارس پێ لە سەر ئەوە دادەگرن کە زەردەشت خەڵکی دەوروبەری "ورمێ" لە ڕۆژهەڵاتی کورستان بووە و کاتێک کە کۆچبەر بووە بەرەو شاری "بەلخ" لە ئەفغانستان چووە، هەڵبەت برێک نووسەر بە بێ بەڵگە و بێ سەرچاوە پێ لەوە زیاتر دادەنێن و دەنووسن زەردەشت لە ڕۆژئاوای ئێران "خۆراسان" لەدایک بووە و لەوێشەوە بۆ شاری بەلخ کۆچی کردووە و گۆڕەکەی لە شاری "مەزارشەریف" دایە. بەڵام بیری دووهەم کە لە ئەدەبیات و ئاڤێستای نوێ سەرچاوە دەگرێت و گومانشکێنە، شوێن و جێگای کۆچبەری زەردەشت دیاری دەکات. بۆ نموونە ڕەوانشاد "عمادالدین دەوڵەتشاهی" نووسەری هێژای کرمانشانی لە پەرتووکەکانی "چیاکانی نەناسراوی ئاڤێستا" و "ڕۆستەم و

زۆراو بە زمانی ئاڤێستا" بە سەرچاوەگرتنی ئەدەبیاتی زەردەشتی "یەشتەکان"، شوێن و جێگای کۆچبەری زەردەشت بەم چەشنە دەستنیشان دەکات. یەکەمجار زەردەشت پەنا دەباتە بەر زۆزانی "ئەوشێدرینە" کە بە درێژایی مێژوو ئەم وشەیە بە چەشنی "ئاویدەر، ئاویەر" لە هەریمی شاری "سنە" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ماوەتەوە. پاشان زەردەشت لەوێشەوە دەڕوات بۆ چیای "هۆگر" کە لە دوایدا دەبێتە چیای "هەژیر، هەجر، هەجیر" ئێستا ئەم ناوچەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە "دینەوەر" بەناوبانگە. لەم شوێنەدا بەشی دووهەمی سروودەکانی گاتا بۆ زەردەشت داهۆنرا. کەی گوشتاسپ کە کۆشکەکەی بە ناوی "گەنگ شا" ناو دەبریا و لە سەر چیایەک دروستی کردبوو، ئایینی ئەوی پەژراند، بوو بە گەورەترین پاڵپشتی زەردەشت و یارانی. ئەم شوێنە ئێستا لە باژێری "سەحنە"یە کە لەو سەردەمە بە شاهیندژ، شاییندژ، ساییندژ" بە ناوبانگ بوو. زەردەشت هەروەها ئاگرگایەکی (بە ناوی ئاترنۆش، ئاگرنۆش، ئاهیرنۆش، ئازەرنۆش) لە "باکتەریا" دایمزراند. ئەم شوێنە لە دوای هەزاران ساڵ بە ناوی "پارسینە" لە هەریمی "دینەوەر"ی کرمانشا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ماوەتەوە. پاشان باکتەریا گۆڕیا بە "باختەر" و ئەم گوندەش ئێستا ماوە. "ڕۆستەم و زۆراو بە زمانی ئاڤێستا". نووسەر و زمانەوان م. ئە. هەورامانی لە هەفتەنامەی "ئاویەر" لە ژمارەی 52 ساڵی 3 لاپەڕەی 12 باسێکی لەسەر ئاویەر نووسیوە کە جێگای سەرنجە: "لە ڕەواڵەتدا ئەم وشەیە ناساکارە "ئاویەر" وەها خۆی دەردەخات، کە فرە کۆن بێت! ئەگەریش وەها بێ،

دەبێ بەم جۆرەی خوارەوە لێک بدرێتەوە واتە، وشەی "ئاویدەر" لە هەر دوو دۆخی لێکدانەوەدا لە دوو بەشی سەرەکی پێک هاتووە و ئەوە شایانی باسە کە دەبێ لەم ڕووەوە بوترێ ئەوەیە کە فەرهەنگە پارسیەکان و جوگرافیاناسەکان هەوڵیان داوە کە سەرپاکی ناوە کوردیەکان بۆ زمانی پارسی وەربگێڕن و ئەمەش جۆرە کارێکە کە دەستی بە سنگەوە ناگیرێ و جۆرە تاوانێکی مێژوویی و جوگرافیایی و ئینسانیشە کە هەرگیز لە بیر ناچێتەوە! پاش ئەم لێکدانەوەیە دەبێ ئەوە لە یاد نەکەین کە ئاویەدەر یەکێک لەو جێگا پیرۆزانە بووە کە زەردەشت لە کاتی هاتووچۆکردنی لە "شیز"ەوە بەرەو "لوڕستان" بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لە ئاویدەردا ماوەتەوە و ئەوجا بەشی دووەمی ڕێگابڕینەکەی گرتووەتە بەر کە لە هاتن و چوونەوە و گەڕانەوەدا ڕێگاکەی بە قەراغی "سیروان"دا تێپەڕبوە". بە باوەڕی من گوندی بەڵخە ئێستا لە هەورامان لە سەر سنووری دەستکردی "ئێران و ئێراق" هەڵکەوتووە و ماوە. ئەم شوێنە سەردەمی خۆی باژێرێکی مەزن بووە و کۆشکی بە ناوبانگی کەی گوشتاسپی لێبووە، هەرچەندە ئێستا لە شێوەی گوندێکی چەند ماڵی لێ ماوە، بەو مەرجە کە لە دوای داگیرکەری عەربە موسوڵمانەکان و هێرشی بێ بەزیی مەغۆل و تاتارەکان و پاشان سەردەمی عوسمانی و ڕژێمی بەعس ئەم گوندەی شتێکی وای لێ بە جێ نەماوە. ئەم گوندە لە نێوانی گوندەکانی «دەڕەی مەڕ، دەرکێ، هانەگەرمەڵە، ڕەشین و دزڵی» و شارەکانی «هەڵەبچە و مەریوان» هەڵکەوتووە.

ئاهیرنۆش ئاتەشگای ئاهیرنۆش، ئاترنۆش، ئاگرنۆش یان ئازەنۆش بە دەستی زەردەشت لە هەورامان لە بەڵخە دروست کرا، هەڵبەت مامۆستا دەوڵەتشاهی باوەڕی وایە کە ئەم ئاگرگایە لە "باکتەریا" دامەزراوە، ئەم شوێنە لە دوای هەزاران ساڵ بە ناوی "پارسینە" لە هەرێمی "دینەوەر"ی کرمانشا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ماوەتەوە. پاشان باکتەریا گۆڕیا بە "باختەر" و ئەم گوندەش ئێستا ماوە. "رۆستەم و زۆراو بە زمانی ئاڤێستا".

ئەرچاسپ ناوی پاتشای تۆراوەکان بوو و هەروەهاش برازای ئەفراسیاو بوو، لە دوو واژەی ئاڤێستایی ئەرج + ئەسپ، دروست بووە بە واتەی ئەسپی پڕبەها، بەڵام لە ئەدەبیاتی زەردەشتی ناوی لەتەک درۆ و دوژمنی سەرسەختی زەردەشت یاد دەکرێت، لە هێرشێ بۆ سەر شاگوشتاسپ گوایە دوو کچی پاتشای بە ناو «هۆما و وەهئافەرید» بە دیل گرت. پاشان براکەیان «ئەسپەندیار» هێرشی بردە سەر ئەرچاسپ و خۆشکەکانی ڕەها کرد و ئەرچاسپی کوشت و دینی بەهدینی گەشە پێ دا. دانشنامەی مەزدایەسنا. جیهانگیری ئۆشیدەری.

ئەسپێنتمان نازناوی بنەماڵەی زەردەشتە، لە واژەی سپی گیراوە بە واتەی سپی ڕەگەز و ناوی نۆهەمی پشتی زەردەشتە.

ئۆل دین، ئایین، کیش

ئەرمەغان دیاری، پێشکەشی، کەونە شارێکی کوردانە لە کوێستاندا. کوردستان. گیوی موکریان.

ئەستوورە واژەی ئەستوورە واژەیەکی هیند و ئەوروپییە. لە زمانی سانسکریتیدا ستوورە بە واتەی داستانە،

هەڵبەت لە داستانەکانی بوودایی فرە جار بە کار هاتووە، لە زمانی یۆنانی وەک هیستوری بە واتەی گەڕیان و لێکۆڵینەوە و ئاگاییە. لە زمانی فەرانسەوی و ئەنگلیسیشدا بە دوو جۆری ستوری بە واتەی چیرۆک و داستان و پەندی دیرۆکی و مانای مێژوو، گوزارش و بابەتی دیرۆکی.. بە کار هێنراوە. بەڵام لە واتەی تەعریبکراوی زبانی عەرەبی بە واتەی گوتەی پڕوپووچ و ئەفسانە و شتی بێ بناغە مانا کراوە. لە زمانی کوردی بە چەشنی سادەی خۆی بە کار هاتووە.

ئەکۆمەن لە ئاڤێستادا بە «ئەگەمەنگە» و بە مانای بیری خراپ و بەد و کرداری ناحەز هاتووە، لە سەردەمی ئیمپراتۆری ساسانیەکان، ئەکۆمەن واتەی ناوی دێوێکی گرتە خۆی.

ئەمێشەسپێنت واژەی «ئەمێشە» بە واتەی هەمیشەیی و جاویدانی و زیندوویی و بێمەرگیی. «سپێنت»یش بە مانای پاک و پیرۆز و پترکەر و دەرمانبەخش. کۆی ئەمێشەسپێنت دەبێتە ئەمێشەسپێنتەکان، پترکەرانی سوودگەیەنێر و پاکانی پیرۆز و دەرمانبەخشانی هەتاهەتایی. کە بریتین لە شەش ئەمێشەسپێنت: وەهومەن (وەهمەن، بەهمەن، بێمەن)، ئاشاوهێشتا (ئۆردیبەهەشت)، خشترەئیریە (شەهریوەر)، سپەنتئارمەئیتی (ئەسپەند، ئەسفەند)، هەئورتات (خۆرداد) و ئامەرتات (ئامۆرداد) کە بە ئەهۆرا مەزداوە دەبنە 7. بۆیە ژمارەی 7 لای جڤاکی بەهدینان پیرۆز دەژمێردرێت. کاردانەوی پیرۆزی ژمارەی 7 لە سەر زۆربەی دینەکان و داب و نەریتەکانی گەلانی جیهان بە چەشنێکی بێ وێنە دیار و بەرچاوە، ژمارەی 3

و 7 لە دینی بەهدینی پیرۆز دەژمێردرێت. ژمارەی سێ لە بەر سێ دروشمی بەناوبانگی زەردەشت: رامانی پاک، گوفتاری پاک و کرداری پاک، ژمارەی هەفتیش بە بۆنەی شەش ئەمێشەسپێنەکان و ئەهۆرا مەزدا پیرۆزی تایبەتیان هەیە. لەم سەردەمەی ئیمڕۆ بە شێوەی جۆراجۆر ڕەنگدانەوەی ژمارەی 7 لە ژیانی کوردان و کۆمەڵان و ئایینەکانی جیهان و تەنانەت لە ناو سرووشت و زانست و موسیقا دەبینرێت، بۆ نموونە:

موسوڵمانان لە کاتی سووڕ بە دەوری «کعبە» 7 جار سووڕ دەخۆن ـ لە کەنیسەی جوولەکەکان هەموو مۆمدانەکان هەفت پایەی هەیە، لە سەری ساڵی زایینی لە بەر پەنجێرەی خانووەکان 7 مۆم دادەگرسێنن، خوارنەوەیەک هەیە بە ناوی «سڤێن‌ئاپ» لە سەر ئەو واتەیە کە گوایە ئاوی 7 کانی تێکەڵ بە یەک دەکرێت و هەر کەس بیخواتەوە، ئەوە تەمەنی جاویدانی دەبێت (ئاو بە ئاڤێستایی دەبێتە ئاپ)، نۆتی موسیقا 7 دانەیە، باڵەبان کە ئامێرێکی کوردییە، 7 کونی هەیە، لە سەر گۆی زەوی 7 کیشوەر هەیە، مناڵی 7 مانگە وەک منالی نۆ مانگە دەتوانێت بژیت لێ دوای لەدایکبووندا، زانستی پزشکی سەلماندوویەتی کە مناڵ لە ناو سکی دایکی بە ناو 7 قۆناخ تێ دەپەرێت، ئینجا لە دایک دەبێت، گوایە ئاسمان و زەوی 7 تەبەقەیە، کۆڵەکەزێرینە یان پەلکەزێڕینە 7 ڕەنگە، 7 ئەستێرە لە ئاسمان هەیە وەک پیتی ک بە ئالفابێتی ئارامی، کە بە هەوتبرالە یا حەوبرا ناسراون، هەفتە 7 ڕۆژە، لە ناو کوردەواریدا مناڵ دوای 7 ڕۆژ ناوی دەنێن، مردو دوای 7 ڕۆژ، هەفتەی بۆ دەگێرێت، هێندێک لە چێشتەکانی کوردی لە هەفت

جۆر شت دروست دەکرێت وەک هەوتڕەنگە، شەلەم، پشتوێن لە تەمەنی رۆحانی و پیربووندا 7 گرێی لێ دەدەن، زەماوەن وا باو بوو کە هەفت شەو و هەفت ڕۆژ دەگیریا، هەرێمێکی پان و بەرین لە ڕۆژهەلاتی کوردستان هەیە بە ناوی هەوشار، خوانی نەورۆز 7 شتی تێدا هەیە، بووک لە کاتی گوازتنەوە، مامە یا خاڵۆی زاوا دێت و بە نیشانەی پەیمان 7 گرێ لە پشتوێنەکەی دەدات، میدییەکان کە پێشنیانی نەتەوەی کوردن، 7 هۆز بوون... "حەفتە" بە زمانی ئاڤێستایی «هەپتە» بووە، بە هۆی تێپەڕبوونی کاتێکی زۆر گۆڕانی بە سەردا هاتووە، وشەی حەفتە لە هەپتە گیراوە، پیتی «هـ» بووە بە «ح» و پیتی «پ» بووە «ف». پیتی «ح» لە ئالفابێتی زمانی ئافێستاییدا نییە.

ئەنبووژەن شینبەر، کەرەسەیی، واتەیی، (مادی)

ئەنجومەن هەنجەمەن، هەنجومەن، کۆڕ، دانیشتن، نشست، کۆمەڵە، یانە

ئەنجومەنی مۆغان ئەنجومەنی پیری مۆغان کۆمەڵێک لە یارانی زانا و ژیری زەردەشت بوون کە لە سەر داوای زەردەشت ئەم ئەنجومەنەیان دروست کرد، بۆ چاودێری و پەرەپێدانی دینی بەهدینی. ئەنجومەنی پیری مۆغان کەسانێک بوون کە باوەڕی تەواویان بە ڕاهێنانەکانی زەردەشت هەبوو و لە ژێر سەرپەرشتی زەردەشت بنیاد نرا بۆ گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە و هەروەها بەرگری بکات لە لادانی دین بەرەو ڕێگای ناڕاست. ئەندامانی بە ناوبانگی ئەنجومەنە کە لە ناو ئاڤێستا ناویان هاتووە ئەمانەن: مەدیامانگ، جامئەسپ، فرەشەوشتر، گۆشتاسپ.

ئەوشێدرینە ناوی ئاڤێستایی چیای ئاویەرە، لە شاری «سنە» لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەهۆرا ئەهورا، ئاهورا، ئاهۆرا، ڕەوانشاد بابا مەردۆخ لە پەرتووکی مێژووی کورد و کوردستان لاپەڕەی 60 دەفەرمێت: ئاهورا لەتەک ئاهیر مانای یەکە، «ئا» لە زبانی کوردی کۆندا بە مانای «هات» و «ور» بە مانای ئاورە ئەو ڕووناکییە کە لە ئاورەوە پەیدا ئەبێ... مەولەوی،یش دەفەرمێت:

ئازیزم، ئاهیر دووری باڵای تۆ
جەستەم کەرد وە بوول، شەماڵ بەرد پەی کۆ
ورشەی پرشەی تاو کوورەکەی جوستەم
شەرارەی لوولەی پێشەی شکستەم ..، دیوانی مەولەوی

خۆی موسوڵمانانیش باوەڕیان وایە کە (الله نوورە).

بڕست توانا، وزە، هێز

بوت بت، خودای دەستکرد بە شێوەی پەیکەر

بوردبار بوردەبار، وشەیەکی کۆنی هەورامییە، لەسەرخۆ، هێمن، مەولەوی دەفەرمێت:

تۆ تیرە کەی وێت ـ وە زامداریی وێم!
تۆ بێ باکیی وێت ـ «بوردەبار»یی وێم
ئەو وەخت پای کاو هەرد دڵ تەم بۆ
ئەساسەی دووریی ئازیزان جەم بۆ .... دیوانی مەولەوی.

بویەر ڕووداو

بەدخوو نەگونجاو، بێئاکار

بەرسڤ وەرام، وەڵام

بەرroومەند   بەroومەن، بەroومەت، وەrومەند، «بەر» بە واتەی بەری میوە و «مەند، مەن»یش بە واتەی خاوەن، سەنگین و پشوو لەسەرخۆ، ئەم دو وشە بە سەر یەکەوە دەبێت: سوودمەند، بەهرەمەند، بارەدار، میوەدار، کامەران، گیای مەندۆک، مەندێ، مەنێ، (مەندێ لە هەمان کاتدا ناوی ماندانا کیژی دواهەمین پاتشای میدیاکان، ئاستیاگ بوو کە بووە بووکی ماڵە پارسووەکان و گوایە هەخامەنشەکان بەرەی ئەم دایکەن)

بەرەوپیری   پێشوازی

بەڵخە   بەلخە، گوندی بەڵخە ئێستا لە کوردستان لە هەورامان لە سەر سنووری دەستکردی "ئێران و ئێراق" هەڵکەوتووە و ماوە. ئەم شوێنە لە سەردەمی خۆی باژێرێکی مەزن بووە و کۆشکی بە ناوبانگی کەی گوشتاسپی لێبووە، هەرچەندە ئێستا لە شێوەی گوندێکی چەند ماڵی لێ ماوە و لە دوای هێرشی عەربی موسوڵمان و هێرشی بێ بەزیی مەغۆلەکان و تاتارەکان و پاشان لە سەردەمی ڕژێمی بەعس ئەم گوندەی شتێکی وای لێ بە جێ نەماوە. ئەم گوندە لە نێوانی گوندەکانی "دەڕەی مەڕ، دەرکێ، هانەگەرمەڵە، ڕەشین و دزڵی و شارەکانی هەڵەبچە و مەریوان" هەڵکەوتووە.

بەهـی   بە واتەی چاکی، بەهـ لە زمانی کوردیدا وشەی پەسەنکردنە و لە زمانی ئاڤێستایی «وەهـ» بووە. زۆر وشەی کوردیمان هەیە کە بە «وەهـ» یا «بە» دەست پێدەکات، وەک: بەهبەهـ، بەها، بەهر، بەهەشت، بەهدین، بەهدینان، بەهمەن، بەهزاد، بەهرۆز.. ئێستاش لە بڕێک شوێنی کوردستان هەر بە

چەشنی وەهـ بە کار دێت، وەک: وەفر بووە بە بەفر یان بەرف، واران بووە بووە بە باران، وەهار بووە بە بەهار.

بەهدینی دینپاکان، بڕوامەندانی ڕێبازی زەردەست، بەهدینان، تەنیا شوێنێکی جۆگرافیایی کە نێوی دینی زەرەشتی پێوە ماوە، هەریمی بەهدینان لە باشووری کوردستانە، ئەمە خۆی بەڵگەیەکی موتمانەدارە بۆ سەلماندنی ئەوە کە ئایینی زەردەشت لە کوردستانەوە سەری هەڵداوە.

بەهر بەش

بەینەت ئەمەگ (وەفا)

بیردۆزی بیروڕای زانستی، (تیۆری، نەزەریە)

بێندۆ بە ئاڤێستایی بەنداڤ، ناوی یەکێک لە دوژمنانی سەرسەختی زەردەشت و هاوپەیمانی گراهمای ئاژاوەچی بووە.

بێکەران بێسنوور، بێکۆتایی، بێئەندازە

بیرناسی فەلسەفە

پاداشتیچاکە مەبەست لە پاداشتی چاک، هێمنی رامان و ویژدانێکی ڕووناک و دڵێکی بینا و توانامەندیی مینوویی و بێنیازبوون لە هەوا و هەوەس و خۆشنووتیی هەمیشەییە.

پاقژ پاکژ، پاکیزە، پاک، خاوێن

پایان کۆتایی، ئەنجام

پرس پەیمان، بەڵێن، گفت

پشتوێن شاڵ، پژبێن، پشتێن، پشتان، کەمەربەند، قەیوەن، هەموویان یەک واتەن و بۆ یەک مەبەستن. پشتوێن یەکێک لە بەشەکانی بەرگی کوردییە کە بەستنی بۆ مرۆڤی

بەهدینی پێویستە. لە دینی زەردەشتی گەورەترین ڕووداو بۆ هەر مرۆڤێک بەستن و پۆشینی شاڵ و شەپک یا کەمەربەندە. هەر لاوێک چ کچ بێت و چ کوڕ، کە تەمەنی گەیشتبێتە تەمەنی پانزە ساڵی، دەتوانێت لە ئازادی تەواودا، دینی بەهدینی بۆ خۆی هەڵبژێرێت و ببێت بە یەکێک لە ئەندامانی کۆمەڵگای بەهدینی. ئارمانجی ئەم کارە لە ڕوانگەی دینی زەردەشتەوە لەدایکبوونێکی نوێیە، لەدایکبوونێکی ئۆلی و مینوویی بۆ گەنجی بەهدینی، بەو واتەیە کە لەمەولا ئەو کەوسە خۆی ناسیوە و دەتوانێت سەربەخۆ لە چارەنووسی خۆی ئازاد بێت و خۆی بریار بدات، تەنانەت لە هەڵبژاردنی هاوسەریش. واتەیەکی دیکەی ڕەمزی پشتوێنەکە ئەویە کە بە بەستنی پشتوێنەکە لەشی مرۆڤ بە دوو بەشی خوارەوە و سەرەوە دابەش دەبێت. بە شێوەیەکی ڕەمزی بەشی سەرەوە بریار دەدات بۆ هەموو لەشی. لە کاتی بریاردانی نەودین کە دەیەوێت بێتە سەر دینی بەهدینی، ئەوە لە کاتی بەستنی پشتوێن، سێ گرێ لە پشتوێنەکە دەدات. بە نیشانەی پەیمان بە سێ دروشمی زەردەشت: رامانی پاک و گوفتاری پاک و کرداری پاک. کە هەڵبەت لە تەمەنی پیری کە پلەی پاکی و زانستی گەیشتە ئاستی مرۆڤێکی فەرزانە، ئەو کات دەتوانێت 7 گرێی لێ بدات، یان گرێچنی بکات. پشتوێن نابێت ڕەنگی ڕەش بێت، شاڵی نەودین لە کاتی جەژنی هەڵبژاردنی دینی بەهدینی، دەبێت ڕەنگی سپی یان ڕۆشن بێت. بە خۆشیەوە هێشتا لە زۆر ناوچەی کوردستان داب و نەریتی جوانی گرێچنین هەر باوە، بەڵام ناوەرۆک و مەبەستی ڕاستەقینەی ئەم دابە لە بیر کراوە. بەو هیوایە کە لاوانی کورد داب و نەریتی جوان و ڕندی ئەم

ئایینە بە ناوەرۆکی ڕاستی خۆیەوە زیندوو بکەنەوە. مێژووی بەستنی پشتوێن گوایە دەگڕێتەوە بۆ سەردەمی زۆر کۆنتر لە هەبوونی ئایینی زەردەشت، سەردەمی جەمشید، بەڵام زەردەشت وەک دابێکی ڕەمزی ئایینی پەرەی پێدا. ئەم دابە پاشان لە ناو هیندوەکانیش بینرا و لە دواییدا لە ناو جوولەکەکانیش باو بوو کە پێی دەڵێن «سیسیت» و وەک زەردەشتییەکان چێی دەکەن. پاشان لە دینی فەلەکان، خاچپەرستەکانیش بوو بە باو، کە بە «زنار» بەناوبانگە.

پوورەچیستا بە ئاڤێستایی: پورئورچیستەر، ناوی کچی پچووک و سێهەمی زەردەشتە و هاوسەری جامئەسپ بوو. بابەتی زەماوەندەکەی لەتەک جامئەسپ لە نێو سروودەکانی گاتا هاتووە.

پورشئەسپ پوورەئەسپ ناوی باوکی زەردەشتە کوڕی پترئەسپ، بە ئاڤێستایی بە واتەی خاوەنی ئەسپی زۆر.

پۆتک چەکوشی ئاسەنگری، ئاسنکوت، پتک

پەتەت پەئیتیتە واژەیەکی ئاڤێستاییە بە واتەی (توبە)، پاشگەزبوونەوە

پەژراندن قایلبوون، (قبول)کردن

پەسن (سفەت، تاریف)، ئەمەگ، وەفا

پەیڤین وتووێژ، گفتوگۆ، قسەکردن

پەیجۆر شوێنگێڕ، تۆژەرەوەر، لێکۆڵەر، مینەکار، تۆژینەر

پیر، پیرەک پێشەوا، ڕێنما، (شێخی تەریقەت، مرشد)، ڕابەری دینی بەهدینی و بەرزترین ئاستی ئایینیی لە ناو دینی

زەردەشت، کە دەتوانێت ژن بێت و هەم پیاو، لە هێندێک هەرێمی کوردستان بۆ ژنی پیر، دایکی باوک، دایکی دایک، مامان، پیرەک دەگوترێت. (سان، بەرزترین پلەی ڕامیاری و سەربازی لە کۆمەڵگای بەهدینی)

پیری مۆغان   موغ، مەغ، ناوی مەوبدە، پیری مۆغان، سرووشی زەمان، سوشیانسی وڵاتانن کە دەبێت لە هەموو سەردەمێکدا هەبن و بەرپرسیاری ئایینی خۆیان بە ئەنجام بگەیەنن. پیران و دانا و بەرپرسیارانی ئایینی بەهدینی کەسانێکن کە بە فەلسەفە و ئامۆژگارییەکانی زەردەشت شارەزا بوون و بێجگە لە بابەتی ئایینی، شارەزای زانستی سەردەمیش بوون، وەک : کشت و کاڵ، مەتەمەتیک، کیمیا، ئەستێرەناسی، کەشناسی، پزشکی.. لە دیرۆکی کوردان، کەسێک بە پاتشایی نەدەگەیشت مەگەر لە لای مۆغان خوێندنی تەواو نەکردبایەت. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر بەردنووسەکانی بێستون، چەندین جار ئەم وشەیە نووسراوەتەوە. یەکێک لە 7 هۆزی میدیاکان، هۆزی مۆغەکان بووە، کە لە دوای هێرشی ئیسلام، بەشی زۆریان لە هەورامان گرسایەنەوە، 99 پیری هەورامان ئێستاش هەر بەناوبانگە. واژەی مۆغ لە ناو هەموو زمانەکانی ئەورووپی هەیە. یۆنانیەکان ئەمەیان بە لاوە سەیر بوو کە مرۆڤێک شارەزایی ئەم هەموو زانستە بێت، بۆیە بڕێکیان پێیان وابوو ئەمانە جادووگەر یا زۆر خەڵکێکی مەزن و سەیرن و ناوی مۆغ بۆ ئەوان بە مانای ئاوەڵناوی جادووگەر یا مرۆڤێکی فرە بەڕێزە. تا ئێستاش بە هەر دوو واتە لە زمانی ڕۆژئاوای بە کار دێت. لە ڕۆژئاوا وشەکانی «مەجیک» بە واتەی جادوو و یا

«مەجستیک» یا «مەجیستی» بە واتەی مەزنی و گەورەیی بە کار دێت کە لە واژەی مۆغ گیراوە. «دینۆ» نووسەری یۆنانی لە پەرتووکی «پەرسیا» ئاماژەی بۆ ئەو خاڵە دەکا کە مۆغەکان لە جادووگەری بێزار بوون و هەرگیز ڕوویان لە جادوو نەکردە. کاتێکیش مرۆڤ سەیری ئاڤێستا دەکات، زەردەشت ڕاستەوخۆ دژایەتی جادوو و جادووگەری دەکات. مۆغ لە زمانی یۆنانی بەم شێوە هاتووە: «ماگۆ» و هەروەها لە لاتینیش بەم جۆرە هاتووە: «ماگی» و لە زمانی ئەرمەنی «مۆگ»، عەرەبەکانیش لە ئەوانیان وەرگرتووە، بەڵام چونکە لە زمانی عەرەبی پیتی «گ» نییە، بۆیە ئەوان «مەجوس»ی پێ دەڵێن. لە قورعان، سورەی «حج»، ئایەی هەڤدە، ناوی مەجوس هاتووە. بۆیە تا ئێستا موسوڵمانەکان بە هەڵە بە مرۆڤی بەهدین دەڵێن «مەجووس». شایانی باسە کاتێک کە عەرەبەکان نیشتمانی میدیا (کوردستان)یان داگیر کرد، دینی مەجووسیش وەک دینەکانی جوولەکە و خاچپەرستی ڕێزی لێ دەگیرا و تەنیا باجیان (جزیە) وەردەگرت و ئایینی بەهدینی ئازاد بوو، بەڵام کە دەستەڵاتی ئیسلام پتەو بوو، بە بیانووی ئەوە کە ناوی زەردەشت لە قورعان نەهاتووە، ئەم ئایینەیان (یاساخ) کرد و بۆختانی ئاگرپەرستیان سەپاند بە سەر ئۆلی بەهدینی. زۆر زانا و هەڵبەستوانی هێژای کورد لە نێو هەڵبەست و پەخشانی خۆیان ناوی پیری مۆغانیان بە کار هێناوە، وەک زانای فەرزانە مەولەوی:

ئازیزم، ئامای، ئای بێ قەرار و وێم!
ئای ئای چەمەڕا، ئای ئەنتزار وێم!

مەوتەنە کەی چەم دیدەش ها نە ڕێت
غەریبی تا کەی، بۆ وە ماوای وێت
های ساقی! بازار جلیوەی دڵدارەن
سەودای خریدار، دانەی دیدارەن
یەکێ وە مایەی گەنج (کەی)ەوە*
چون منیچ وە تای فەرتووت نەیەوە
ئەو سەد هەر کەسێ پەی وێش وە راوەن
وە قیمەت نی یەن، ئەخلاس حەساوەن
مایل کەر باڵای وەی لادا چون نەی
دەسێوت دەف بۆ، ئەو دەس جام مەی
با بێدار کەرۆ تا کەی بۆ غافڵ
دەف وە سەدا گیان، جام وە ڕەشحە دڵ
با کلافە بۆ، ئاخر لەوانم
خاک پای حەزرەت «پیر موغان»م
چون دەف، بەرگ پۆس ئیرادەت پۆشم
غولام بەر دەس حەڵقە نە گۆشم
خۆم ئاسا خەیلێن وەتن مەیخانەم
چون پیاڵەی واق شیشەی پەیمانم ...... دیوانی مەولەوی

پێواژۆ پێڤاژۆ، ڕێتکە، قۆناخ، (مەرحەلە، پرۆسە)
پێوانە هەندەسە، پیاڵەی مەی، قاپی بەراوەردکردن
تاب توانا، (تاقەت و تەحەمول)
تاڤێنن دەروشینەوەی مانگی تابان، تاڤ، مانای تیشکی مانگ، تاڤ هەیڤ بە واتەی تیشکدانەوەی مانگ کە لە ڕاستیدا تیشکی هەتاوە، تاودان.

تۆم		توو، تۆو، توخم، دانە
تەوەزەل		تەوەزن، تەمبەڵ، تەپ
تەڤلیبوون		تێکەڵبوون
جارٍ		کێڵگەی گەنم
جان		گیان، (رۆح)
جاویدان		(جان لە بەدەن)، ژابیدان، واژەیەکی کۆنی میدییە کە گۆڕانێکی فرەی بە سەر هاتووە و وشەگەلی ژن و ژیانی لیَ بە جیَ ماوە، واژەی ژاویدان گوزارە لە هەمیشە، پایەندە، پایەدار، هەرگیز نەمردن، هەرمان و نەمری و جان لە بەدەن دەرنەکردن (ئەبەدی) دەکات. بەرابەر بەم واژەیە «یەئێتڤان» بە ئاڤێستایی هەیە.
جڤاک		کۆمەڵگا
جماندن		جوڵاندن
جوانمەردی		جوانمێری، مرۆڤی باش و مەزن، مەردایەتی، مێرخاسی، جوانمەردی و مەردبوون هەم بۆ ژنە و هەمیش بۆ پیاوە.
جەمشید		جەمشیدی پێشدادی کە بە ئاڤێستایی «جەمیویوەنگەهان» یان «ییمە» هاتووە. جەم لە ئاڤێستادا بە چەند جۆر پەسنی هاتووە، وەک «خشەئیتە» کە بووە بە «شیت» کە لەواژەی خۆرشیت، خۆرشید دەبینرێت و بە واتەی درەخشان یا شاوێنە هاتووە. جەمشید لە ئەفسانەکانی نەتەویی وەک یەکێک لە گەورەترین پاتشاکانی چەرخی پێشدادیان دەژمێردرێت. دوای جەمشید «تەهمورس» هاتووە. جەمشید داهێنەر و فێرکاری بەرگدرووی و هەلاجی و کەشتی و پزشکی و

خەڵکی فێری دەرهێنانی گەوهەر لە کانەکان کردووە، هەروەها داهێنەری بڕێک کەلوپەلی جەنگی و دامەزرێنەری شاری «شیز» شوێنی لەدایکبوونی زەردەشت بووە. هەروەها دەبێژن جەژنی نەورۆز دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جەمشید. مەی (شەراب) لە سەردەمی ئەو بە ڕێکەوت چێ بووە. گوایە 650 ساڵ دەستەڵاتداری کردووە و لە ماوەی 300 ساڵ پاتشایەتی ئەو هیچ جۆرێک نەخۆشی و مردنێک نەبووە. لە سەردەمی ئەو بە هۆی خۆشبوونی کەش و هەوا، گیانلەبەران و باڵندەکان زۆر دەبن، بەڵام بە هۆی دەستپێکردنی زستانێکی سارد و بەردەوامبوونی ئەو سەرمایە، دژێک ساز دەکات بۆ داڵدەدانی خەڵکەکەی و گیانلەبەران، کە بە «وەرجەمکەرت» بە ناوبانگ دەبێت. ئەوی کە لە سەرچاوەکان دەردەکەوێت جەمشید لە دواییدا تووشی لوتبەرزی و لەخۆباییبوون دەبێت و ڕوو لە ستەمگەری و بێدادی دەکات. بۆیە فەڕی یەزدانی لێی دەڕمێ و مەردومیش پشتی لێ دەکەن و دژی ڕادەپەڕن و ئەویش، گوایە بەرەو وڵاتی «چین» هەڵدێت، کە خەڵک دەیدۆزنەوە و پاشان لە ناو درەختێک کە خۆی شاردبووەوە، بە ئەڕەیەک لەتەک دارەکە دوو کەرتی دەکەن. پاشان دوای ئەو فەڕ دەگەڕێتەوە بۆ لای «فەرەیدوون». خۆی ڕەنگدانەوەی ئەفسانەی جەمشید لە ناو میتۆلۆژی دینەکانی سامی لە چیرۆکی «سولەیمان» دەبینرێت. وەک ئەوە ئەو پاتشایە زۆر شتیان وەک یەک دەچێت، بە خزمەتگرتنی دێو و جنۆکە و بەرزبوونەوە و گەڕیانیان لە ئاسماندا. لە زمانی عەرەبی جەمشید بە

«مەنوشلەخ» بە ناوبانگە. لە کوردیدا جەمشیر، جەمشێر و جەمشید دەگوترێت.

چاڤ چاو

چاکوێژ زمانپاک، ڕەوشتپاک، درووستکار، دڵپاک

چاند فەرهەنگ، خوێندەواری، ڕۆشنبیریی

چت شت

چتێک شتێک

چەمک مەبەست، واتە، (مفهوم)

چەمەک (لۆژیک، مەنتق)

چلۆن چۆن

چەواشە شاش، ناڕاست، دژ، پێچەوانە، تێکچوو، شێویاگ

چەواشەکار گومڕێ، لادەر، زیانکار، چەواشەکاران ئەو کەسانەن کە لە ڕێگەی گومڕێی و چەوتی کۆمەڵگا هەنگاو دەنێن، کە بریتیشە لە درۆ و زیانمەندی و ئازاردان و ناپاکی و وێرانی و کاولکردنی ژێرخانی کۆمەڵگا، لە ئاڤێستادا درۆ بە چەشنی «دۆڕگوەنت» هاتووە.

چەندوچوون کردن (حیساب)کردن

چێرە «چر» کورتکراوەی چێرەیە، چرۆچاو، چێهرە، ڕوومەت، (ڕەنگی چێهرەیی بە واتەی ڕەنگی پەمەیی)

خاپاندان فریودان، لەخشتەبردن، هەڵخەڵتاندن

خاپوورکردن لەناوبردن، نابووتکردن، سامانساکردن (سامانساکردن، لە ناوی سەلمانسەر پاتشای وێرانکاری ئاشوورەوە هاتووە)

خارا بەردی خارا، بەردی ڕەقی گرانیت
خاس باش
خاسەکی تایبەتمەندی
خاکسار بێفیزبوون، بێهەوایی‌بوون، خۆبەزلنەزان، خاکی
خاکی مرۆڤێکی بێفیز و سادە و خۆبەزلنەزان
خواست ویست، ئارەزوو، نیاز، خواستک، هەناو، هەوا، (نفس)
خۆشنووت ڕەزامەند، قایل
خۆویستی خۆپەسەنی، لەخۆڕازی، گورێخی
خۆرداد مانگی جۆزەردان، جۆخێنان، بەختەباران یا زەردان، مانگی سێهەمی بەهار
خۆردادڕۆژ نێوی شەشەم ڕۆژی مانگەکانی ئاڤێستایی
خیرەسەر خودسەر، کەلەڕەق، دەمارگرژ
خێرەت خیرەت، خرەد، ئاوەز، زانایی، زانست، هۆش
خێرەتی سپەند زانایی پاک و پیرۆز
خێش خۆمانە، خۆیی، خزم. وشەکانی (خێش و هاوکار و یاوەر) وەرگێڕاوی واژەگەلی ئاڤێستایی «خائێتوش» و «ڤێرزنەم» و «ئائیریەمنا»یە، ئەم کەسانە دۆست و یار و هاوڕێی نزیکی ئاشوو زەردەشت بوون و لە لایەن پاکی و جوانمێری و بڕوامەندی لە هەمووان بەرچاوتر بوون. ئەم کەسانە بە زانابوون و زاڵبوون بە سەر هەوەس و دەروونی خۆیاندا و بە لە خۆبردوویی و بەئەمەگی بەناوبانگ بوون.

ئەندامانی ئەنجومەنی پیری مۆغان لەم سێ دەستەیە درووست دەبوون. خێشەکان لە هەموو لایەنەوە وەک زانست و تێڕوانین و پاکی و ڕاستی و خۆپارێزی شایستەتر بوون و فرەتر بە زەردەشت نزیک بوون و جێگای ستایشتی زەردەشت بوون. ئەمانە لە ڕێگای دینی بەهدینی ئامادەی بەختکردنی گیانی خۆیان بوون.

دادار خواوەند، یەکێک لە سەدویەک ناوی ئەزدان لە ئۆلی بەهدینی

دانش زانست

درووود درووت، ستایش، پەسن، (سڵاو، دۆعا مەدح، تاریف، ڕەحمەت)

دۆزەخ دۆژە، ناخۆش

دوغدۆ دەغدۆ، دەغدو، «فەڕهومەرڤان» ناوی دایکی زەردەشتە. دەغدۆ دایکی زەردەشت لە گوندی «لەج، ڕەج» لە «شارویران»ی «مەهاباد» لەدایک بووە، «لەج»ێی ئیمڕۆ پێشتر بە زمانی ئاڤێستایی «رگا» بووە. واتەی دوغدۆ بە ئاڤێستایی «شیردۆش، بێریڤان» دەگرێتەوە. واژەی «دادۆ»ی ئێستا لە زمانی کوردی کە بە واتەی دایک لە زاراوەی کرمانجی سەروو بە کار دێت لە وشەی ناوی دایکی زەردەشت گیراوە. هەروەهاش واژەی «دادە» لە زۆر شوێنی جیاوازی کوردستان بۆ دایک و خۆشک و ژنی مەزن و بۆ ڕێزنان بە کار دێت، لە ناوی دایکی زەردەشت گیراوە. گۆڕی دایکی زەردەشت لە گوندی «ئەمبێ، ئەمبە» لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نزیکی باژێری «ورمێ»یە.

دوودەمان خانەدان، هۆز، خێڵ

دە هێزی دەر و ناڤ   مەبەست لە دە هێزی دەر و ناوەوەی مرۆڤ ئەمانەن: بیستن، بینین، چێژتن، بۆنکردن، هەستکردن، توانامەندبوون، داهێنان، خێرابوون، تێگەیشتن، دووربین بوون یان پێشبینی کردن، هەموو مرۆڤێک خاوەنی ئەم دە هێزەیە مەگەر ناساخ بێت.

دێویەسنان   دێڤیەسنایان، دێوپەرستان، داسنی، ئەو کەسانەی کە ستایشتگەرانی دێویان لا پیرۆزە، کورتکراوەکەی لە زمانی کوردی دەبێتە «داسنی». مانای واژە دێڤ بە پێچەوانەی ئەوی کە لە سەر زاری مەردوم باوە کە گوایە دێڤ شتێکی نارێک و قەبە و نالەبار یان گیاندارێکی شاخداری ئەفسانەیی، «دێڤ» لە زمانی ئاڤێستایی دەکاتە درەخشان و ڕووناکدانەوە و تاباندن. واژەی «یەسنا»ش دەبێتە نیایشت و پەرستش، کە بە سەر یەکەوە دەکاتە «ستایشتگەرانی ڕۆشنایی» یا بە زمانێکی سادەی ئیمڕۆیی «ڕۆژپەرست». (پەرتووکی واژەگەلی ئاڤێستایی، بەرگی 3)

ڕابن   ڕابوون، ڕاپەرین، شۆڕش

ڕاژە   ئوودە، (خزمەت، خدمت)

رامانی پاک   بیر و هزری پاک و چاک، کە بە ئاڤێستایی دەکاتە «هوومەتە»، یەکەمین دروشمی زەردەشتە بۆ هەر مرۆڤێک

ڕک   ڕق، کینە، (پیتی ق لە زمانی ئاڤێستایی نییە، ڕک یان ڕق لە زمانی عەربی، بووتە چاوکی وشەی ڕەقیب و کۆمەڵێ وشەی تر)

ڕۆژەڤ   بابەت، بابەتی ڕۆژ، (بابەتی ئەکتۆئیل)

ڕۆژەکانیمانگ لە ئۆلی زەردەشتی هەموو ڕۆژەکانی مانگ نێوی تایبەت بە خۆیانیان هەیە، نێوی ڕۆژەکان بەمجۆرەن:

1 ـ «هورمزد»، کورت کراوەی ئەهۆرا مەزدا، گیان بەخشی یەگانە و لە گەورەیی و زانایی بێهاوتایە.

2 ـ «بەهمەن»، وەهمەن، رامانی پاک

3 ـ «ئەردیبەهەشت»، باشترین پاکی

4 ـ «شاریوەر»، ئاشاوەهێشتا، پاتشایەتی بەهێز

5 ـ «سپندارمەز»، سپەنتەئارمەئیتی، ئەسفەند، لەخۆبوردوویی و مێهرەبانی

6 ـ «خۆرداد»، هەئورتات، تەندروستی و ڕێکوپێکی (ڕۆژی لەدایکبوونی زەردەشت)

7 ـ «ئەمورداد»، ئامورداد، ئامەرتەت، بێمەرگی، جاویدانی، هەتاهەتایی

8 ـ «دەیبەئازەر»، دادار، دادپەروەر، بەدیهێنەر

9 ـ «ئازەر»، ئایر، ئاتر، ئاگر، تیشک

10 ـ «ئاوان»، ئاپان، ئابان، ئاوەکان، کاتی ئاو

11 ـ «خۆر»، هۆرەخشیتم، خۆرشیت، هەتاو

12 ـ «مانگ»، مانگ، هەیڤ

13 ـ «تیر»، تیشتریە، ئەستێرەی باران

14 ـ «گەئوش»، گۆیی زەوی، گێتی، ژیان، بوون (زۆربەی نووسەران بە هەڵە بە گا یان مانگا وەریانگێڕاوە)

15 ـ «دەیبەمێهر»، دەتهۆش، دادپەروەر

16 ـ «مێهر»، میترا، سۆز و دۆستایەتی و پەیمان و بەڵێن و هەڤاڵبەندی

17 ـ «سرووش»، فەرمانبەرداری لە ئۆلی ئەزدانی
18 ـ «ڕەشەن»، دادگەری
19 ـ «فەروەردین»، فەڕەوەشی، فەڕوەهەر، هێزی پێشکەوتن و پاسەوان و ڕەوان و جەوهەری کەرەسەی ئافراندنی گەردوون
20 ـ «وەهرام»، وەرەهرام، بەهرام، وێرێترەغنە، سەرکەوتن
21 ـ «ڕام»، ڕامە، ئاشتی و ئاسایشت و خۆشی و هێمنی
22 ـ «با»، وات، هەوا، با
23 ـ «دەیبەدین»، بەدیهێنەر، دادپەروەر
24 ـ «دین»، ڕوانینی دەروون، ویژدان
25 ـ «ئەشی»، ئارد، بەختەوەری، سامان و ویست و داواکارای
26 ـ «ئەشتاد»، ئارشتاد، ڕاستی و دروستی
27 ـ «ئاسمان»، ئاسمان
28 ـ «زامیاد»، زەوی
29 ـ «مانترەسپەند»، مێهرسپەند، گوتەی پیرۆز، وتەی چاکە
30 ـ «ئەنارام»، ئەنغرە ڕەئۆچە، تیشک و ڕووناکی بێپایان و هەتاهەتایی

ڕۆژانی هەفتە کوردەکان لە کۆندا، ڕۆژەکانی حەوتوویان بە نێوگەلی ئەستێرەکان دەژمارد. ئەوروپاییەکان، ئەم کردەوەیان لە کوردەکان وەر گرت و ئێستاکە نێوی ڕۆژەکان لە زبانە ئەورووپییەکاندا لە نێوگەلی ڕۆژانی هەفتەی کوردی کەونئاراوە گیراوە. 1(کەیوانشید = شەممە)، 2(مێهرشید = یەکشەممە)، 3(مانگشید = دووشەممە)، 4(بارامشید = سێشەممە)، 5(تیرشید = چوارشەممە)، 6(هورمزشید =

پێنجشەممە)، 7(ناهیدشید = هەینی) ڕۆژەژمێری کوردی ئاڤێستا. فاروق بۆرەکەیی

ڕەمز نیشانە، (سەمبول)

ڕەوان جان، گیان، (روح)، هەر شتێک کە لە ڕۆیشتندایە و نەگات و وێستانی نەبێت وەک ئاوی ڕەوان، خوێندنەوەی ڕەوان و بێگرێ

زات واژەیەکی ئاڤێستاییە، زات، دارا، خاوەن، بوون، ڕاستی هەر شتێک، جەوهەر

زاگۆن زاکۆن، یاسا، بەربەست

زایشت بەدیهاتن، زایین، لەدایکبوون

زەردەشت لە سەر ناوی زەردەشت منیش بڕوام وایە کە پێشتر زەردەشت ناوی ڕاستەقینەی «سیمیار» بووە و نازناوی «زەردەشت» لە دواییدا پێی دراوە. پیری شالیاری زەردەشتی لە بەرهەمی خۆی «ماریفەت» ناوی زەردەشت، بە «سیمیار» ناو دەبات، پیرشالیاری زەردەشتی دەفەرمێت: **(گۆشت بڕوانە پیر شالیار بۆ / هۆشت جە کیاستەی زانای «سیمیار» بۆ)**، مانای: "بە وتەی پیری شالیار گوێ بگرە و هۆشی خۆت بدە بە نووسراوەی زانای سیمیار". فەرهەنگی دێهخودا. بەرگی 13. «سیمیار» لە دوو واژەی سیم و یار دروست بووە، دەزانین سیم بە واتەی زێوە و بەشێک لە ناوی زەردەشت، واژەی زێڕی تێدایە، کە ئێستاش نرخی زێڕ لە زێو زیاترە، بۆیە ڕێی تێدەچێت کە ناوی سیمیار بۆ زەردەشت کەم بووبێت، بۆیە لە پاشان نازناوی زەردەشتیان پێ داوە. عمادلدین دەوڵەتشاهی ناوی زەردەشتی بەمجۆرە لە یەک داوەتەوە:

زەرەساوشەتەرئائی، «زەرە» بە مانای زێڕ و تیشکی تەڵا، «ساویانتا» بە واتەی درەوشانەوە و تابان، «وەشەتەر» بە مانای بارین، «ئائی» بە مانای هاتن یا ئایی هاتووە، کە بە سەر یەکەوە دەکاتە «بارین و درەوشاندنی تیشکی زێڕینی ڕۆژ»، زەردەشت نازناوی «سیمیار» بووە. (رۆستم و زۆراو بە رەوایەتی ئاڤێستا.)

زەروان ناوی خوای زەمەنی بێکەران، خودای بەش و بەهر و چارنووس و بەخت و ناوچاوان، پاتشای جیهان و گەردوون، لە زەروانیسم بڕوا وایە کە هەموو شتێک لە سەر خواست و ویستی زەروان ئەنجام دەدرێت، هیچ شتێک ناگۆڕدرێت، مەگەر لە سەر ویستی زەروان نەبێت. زەروان نەمر و هەمیشەیی، ویستی لە هەموو شتێک بەرزتر و بە سەر هەموو شتێکدا زاڵ و بەدەسەڵاتدارترە. زەروان چارەنووسەکان دەنووسێت و یەکیشیان دەخات. زەروان بەدیهێنەری ژیان و بوونە. زەروان خۆشیسێنەر و درووێنەکەری ژیان و بوونەکانە. زەروان گاسنەکەی لە دوو کەڵی ڕەش و سپی بەستووە و بە سەر کێڵگەی ژیان دەیکێشێنێت و تۆی ژیانی پێدا دەپژێنێت، بەڵام درەنگێکی پێ ناچێت لە بەرگی درووێنەکارێکی ڕدێنسپی بە تەمەن، بە داسێکی تیژ دێتە سەر ڕێگا و ڕیشەی ژیان لە چاوترووکاندنێکدا دەبڕێت. ئاوازی خۆشی گاسنەکەی لە کاتی جووتکردن و چاندنی تۆی ژیان و هاڕەی وشکی داسەکەی لە کاتی درووێنەکردنی ژیان، لە گوێی زەرواندا یەکێکە و هیچکام لەم دووانە هەستێک لە دڵی زەروان نابزوێنێت. کاتێک کە مرۆڤ شاد و دەم بە پێکەنینە و کاتێک کە دەردەدار و نەخۆشە، زەروان

هەر دووکیان دەبینێت و دەبیسێت، بەڵام بە بێ ئەوە ناڵەکان و شادیەکان بتوانێت ئەو دابچڵەکێنێت. کەس توانای ڕاوەستان و بەربەرەکانێی لە بەرانبەری زەروان نییە، مرۆڤ گەرەکە ملکەجی خواست و فەرمانی ئەو بێت و چارەیەکیش نییە. لە ناو عەربەدا بە (دەهریە) بە ناوبانگە و دینی ئیسلام زۆر کەوتەتە ژێر کاریگەری زەروانیسم، بابەتی (قەزا و قەدەر) ڕاستەوخۆ لە زەروانیسم گیراوە. مرۆڤ بە گشتی لەم ئایینە بێدەسەڵاتە، چونکە زەروان لە ڕۆژی یەکەمەوە هەموو شتێکی بۆ مرۆڤ دیاری کردووە و هەموو ڕووداوەکان لە سەر (قەزا و قەدەر) ڕوو دەدات و دەکرێت و دەبێت. واژەی زۆر و زۆران و زەمان لە کوردیدا، لە چاوگی زەروان گیراوە. سەردەمێک زەروانیسم یەکێک ئایینیەکانی باوی کوردستان بووە و لە سەر زۆربەی ئایینەکان کاریگەری خۆی هەبووە.

زەند ڕاڤە، شیروڤە، شیکردنەوە، لێکۆڵینەوە، (تفسیر)

زەنگین دارا، ساماندار، دەوڵەمەند

ژیار شارستانیەت، (تمدن)

ژیان و ناژیان ژیان و ناژیان، بوون و نەبوون، هەستی و نیستی، لێرە مەبەست لە ناژیان و نەبوون و نیستی، مەرگ نییە، ناژیان بە واتەی ژیانێکی بێ سوود و بێکەڵک، یان پڕ لە درۆ و دووڕوویی و کرداری ناپەسەنە، کە لەتەک هەنجاری ژیان ناگونجێت.

سپڵە بێئەمەگ، بێ (وەفا، سفەت)

سپەند پاک، پیرۆز، خاوێن، بێخەوش، پاکژ

سرووش ئاوازی ویژدان، خۆرپەی دڵ، بەدڵاهاتن
سوێند سوێن، سۆند، سۆکەند، هەموویان لە یەک ڕیشەی واژەی سوکەندی ئاڤێستایی گیراوە کە دەکاتە کەرەسەیک کە ئێستا بە «گۆگرد» دەناسرێت. کاتێک مرۆڤ لە ڕێزمانی زمانی کوردی ورد دەبێتەوە، دەبینێت کە واژی سوێند لەگەڵ وشەی خواردن بە یەکەوە بە کار دێت (سوێندخواردن) و لە ڕاستیشدا سوێن، شتێک نییە وەک نان و میوە بخورێت. ئەما بۆ وا دەڵێن؟ لە سەردەمی زنجیرە پاتشایەتی کەیانی و میدیاکان سوێندخواردن بەم شێوەی ئیمڕۆ نەبووە، بەڵکوو هەر کات پێویست بوایە کە کەسێکی تاوانبار بۆ دڵنیاکردنی دادگا ڕاستی بسەلمێنێت، دەبوایەت جامێکی «سۆکەند»ی (سۆدەی گۆگرد) دەخواردەوە، جا ئەگەر لە سەر ڕاستی بوایە، ئەوە بێگومان هیچ زیانێکی پێ نەدەگەیشت، بەڵام ئەگەر سوێنی بە درۆ بخواردایەتەوە، ئەوە سۆکەندەکە هێدی هێدی لەشی لە ناوە دەسووتاند و هەلاهەلای دەکرد. ئەگەریش بێتاوان ببوایەت، ئەوە وەک دەروێشەکانی ئیمڕۆ، بێزیان لە تاقیکردنەوە دەهاتە دەرەوە. ئەم جۆر ئازموونە بۆ ئەو سەردەمە بۆ ڕەوابوونی قسەی گومانلێکراو زۆر باو بووە. بۆیە ئێستا لە زمانی کوردی سوێندخواردن وەک دەستەواژە ماوەتەوە، بەڵام خودی کارەکە لە بیر کراوە. هەڵبەت ئازموون و تاقیکردنەوی دی لەو زەمانە هەبووە وەک تێپەڕبوون بە ناو کۆمای ئاگر یان ڕژاندنی ئاسن یا مسی تاواو بە سەر پشتی گومانلێکراو بۆ ڕاستبوون یا ناڕاستبوونی. لە ئەفسانەی باوکی «کەیخەسرەو» پاتشای مێژووی ئێمە کوردان «سیاوەش»، بۆ بەرپەرچدانەوەی

بوختانێک کە لە لایەن باوەڕنەکەی بۆی هەڵبەسترابوو، بۆ سەلماندنی ناڕاستبوونی قسەی زڕدایکی بە ناو کۆمای ئاگرەکە تێپەڕی و بە بێزیان لەو دیو ئاگر هاتە دەرەوە.

سوشیانس ڕزگارکەر، ڕێپیشاندەر، پێشەوا، پەیامبەر، ئازادیخواز، سوودگەیەنەر

سەوداسەرانی مەزدا ئەو کەسانەی کە بە دڵ ئەڤینداریی

شاڵ شەپک، سێتەرە، بەرگی سپی بێملیوانی مرۆڤی نەودینە کە لە کاتی هەڵبژاردنی ئۆلی بەهدینی بە واتەی بەرگی رامانی پاک دەیکاتە بەر. لە هەورامان شاڵ و لە بۆتان شەپک دەگوترێت، شەپک و شاڵی بۆتان و هەورامان ئێستاش لە کوردستان بەناوبانگە. لە برێک شوێن، بە نێوەکانی ڕەنک و چۆخەش ناو دەبرێت. شاڵپۆشان لە ئۆلی بەهدینی بە واتەی لەدایکبوونی نوێیە. ناوی دیکەی شاڵ بە زبانی لۆڕی «سێتەرە»یە. لە کاتی بەجێهێنانی جەژنی شاڵ یا سێتەرەپۆشی سروود و ئافەرینگانی تایبەت بۆ هەڵبژاردنی دین دەخوێندرێت و داب و نەریتی تایبەت ئەنجام دەدرێت.

شالیار شەهریار، پێشکار، وەزیر، پیری شالیاری هەورامان

شایست (حلال)، ئەو شتەی کە لە ڕوانگای هزر و رامان ڕەوایە

شەیدا ئەویندار، شێتی ئەوڤین، ڕووناکی، (بەشێک لە ناوەکانی خۆرشید و جەمشید لە شید یا شەید دروست بووە، کە بە واتەی هاڵاو و گەرما و ڕووناکییە).

شیز   شیز، هورمزگای ئاگرگەشئەسپ، ئازەرگەشسپ، یان تەختی سولەیمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە نێوانی شارەکانی «سەقز» و «تیکاب» و «سایەنقەڵا، شاهین‌دژ» هەڵکەوتووە. شوێنی پیرۆزی دیرۆکی زەردەشتییەکان بووە و شوێنی لەدایکبوونی یەکەمین پەیامهێنەری مەزنی دینی یەکتاپەرستی ئاشوو زەردەشتە. تا بە ئێستا لە سەر شوێنی لەدایکبوونی زەردەشت لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆ نەکراوە و زۆربەی بۆچوونەکان لەمەڕ شوێنی لەدایکبوونی زەردەشت لە پشت تەم و مژدا، خۆی حەشار داوە، کە بە باوەڕی من، دەستێکی ئەنقەزی تێدا دەبینرێت. هەر چەندە بڕێک لە ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگی ڕۆژئاوایی وەک: دارمستێر، نۆلدکە، هرتسفیلد، برونوهنینگ، راولینسۆن و... لە سەر ئەم بڕوان کە زەردەشت خەڵکی باشووری دەریاچەی «ورمێ»یە و لە وڵاتی میدیاکان لەدایک بووە. بەڵام بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و ئاکادامی لەم بارەوە، کاری پێویستیان نەکردووە. باشووری ورمێ دەکاتە ناوچە و گوندەکانی «بەردەزەرد» و «مەمێند» و «شارویران» لە ڕۆژهەڵاتی ئیمڕۆی کوردستان. «جەکسۆن» گومانی وایە کە زەردەشت لە دەوربەری گوندێکی وەک «خوڕخوڕە» ژیابێت، ئەم گوندەش لە چەند شوێنی هەرێمەکە هەر بەم ناوە هەیە، یەکێکیان لە باکووری مەهاباد لە ناوچەی شارویران. شادڕەوان «مەردووخی کوردستانی» زەردەشتی بە خەڵکی میدیا زانیوە. (مێژووی وێژەی کوردی. سدیق بۆرەکەی. مێژووی زانایانی کورد. بابامەردووخی ڕۆحانی شیوا)

فەڕ   گەورەیی، شکۆ، دەبدەبە، جوانی، تیشک، پیرۆزی، هۆیشانازای، بەهرە، (خێر)، پێچەوانەکەی بەدفەڕ، بێفەڕ

فەڕی جەمشیدی   فەڕ نیشانەیەکی یەزدانییە، ئەو فەڕەیە کە جەمشیدی کیانی پاتشای وڵاتی ئاریایی خاوەنی بوو، بەڵام بە هۆی لەخۆباییبوون و ڕووکردن لە درۆ و تووشی خۆپەرەستی و نەخۆشینی «من» بوو و فەڕی یەزدانی وەک مەلێک لێ دوور کەوتەوە.

فەرزانە   لە دوو وشەی «فرە و زانا» دروست بووە، مرۆڤی زانا و جیهاندیدە

فەرزانەیی   زانایی، دانایی

فەروەردین   مانگی خاکەلێوە، نەورۆزمانگ، مانگی یەکەم لە ساڵی کوردی و زەردەشتی

فرەشەوشتر   بە ئاڤێستایی بە مانای خاوەن وشتری کارامەد و پشودرێژ، فرەشەوشتر برای جامئەسپ، هەر دوو شالیاری شاگوشتاسپ بوو، هەر دوو ئەندامی ئەنجومەنی پیری مۆغان بوون.

کاربین   زانا، پسپۆڕ

کارزار   مەیدانی جەنگ، لە پێشدا واژەی «کار» بە واتەی «جەنگ» بە کار دەهات

کرداری پاک   کردە و ڕەوشتی پاک و چاک کە بە ئاڤێستایی «هڤەرشتە» دەگوترێت و سێهەمین دروشمی زەردەشت لە ئۆلی بەهدینییە. بۆیە سێهەمین دروشمە، مەرج نییە هەر کەس رامانی پاک بێت و گوفتاری پاک، دەتوانێت کرداریشی

پاک بێت، بۆیە کرداری پاک سەنگی ترازووی رامان و گوفتاری پاکە.

کاوی کەی، میر، پاتشا، دەسەڵاتدار

کرۆکاش لەدووکەوتن، لێکۆڵینەوە،

لەشوێنگەڕیان، دۆزینەوە، پەیجۆری

کەرپان مەلا یا کیشبانی ئایینی ڕۆژپەرستی، دوژمنی سەرەکی زەردەشت بوون و دژایەتی ڕاستییان دەکرد

کەرپە بەخشش، (خێر، احسان)

کەرپەکاران کەسانێک کە کاری باش (احسان) دەکەن

کەی کاوی، بەڕێز، سەرۆک، پاتشا، میر و خاوەن تاج و تەخت، توێژی دەسەڵاتداری سەردەمی زەردەشت کە بڕێکیان زۆر بە توندی دژایەتی ئۆلی بەهدینییان دەکرد. وشەی کەی لەتەک ناوی زۆر پاتشای دیرۆکی کورد گرێی خواردووە، وەک: کەیخەسرەو، کەیقوباد، کەیکاووس. کاکەی ئیمرۆی زمانی کوردی لە چاوگی وشەی «کەی» ئاڤێستایی گیراوە. کەی لە زمانی کوردی سەرناوی ژنان و پیاوانی بەڕێز و پیرە. هەروەهاش واژەی کەی لەتەک وشەی دی لە زمانی کوردی ئێستاکەش بە کار دێت وەک: کەیسەرا بە واتەی سەرا و کۆشکی پاتشا، کەیبانوو بە واتەی ژنی پاتشا، شاژن، کابان، کەیخوا، کوێخا، کەیخودا بە واتەی پیاوی ژیر و بەمشۆر، کەیل بە واتەی سەرکۆمار و سەردار و سەرۆکی ئێڵ و هۆز، کەینەک بە واتەی کەنیشک و دۆێترە، کچ. مەولەوی نەمر لە دیوانەکەی ئاماژەی بە «کەی» کردە:

غەریبی تا کەی، بۆ وە ماوای وێت
های ساقی! بازاڕ جیلوەی دڵداران
سەودای خڕیدار، دانەی دیدارەن
یەکێ وە مایەی گەنج «کەی»ەوە
چون منیچ وە تای فەرتووت نەیەوە
ئەو سەد هەر کەسێ پەی وێش ڕاوەن
وە قیمەت نی یەن، اخلاس حەساوەن

کەیگوشتاسپ کاوی ویشتاسپە، پاتشایەکی ناوچەی هەورامانی ئیمڕۆ بوو کە هانای زەردەشتی دا و پاشان دینی زەردەشتی پەژراند. ناوەکەی بە ئاڤێستایی بە مانای پاتشای خاوەن ئەسپی ئامادە.

کین قین، ڕک

گازندە گازنج، گلەیی، بناشت، (شکایەت)

گوفتاری پاک وتە و گوتەی پاک و باش، بە ئاڤێستایی «هۆختە»، دووهەمین دروشمی ئۆلی بەهدینییە.

گومانچنین خەیاڵبافی

گرۆ دەستە، پۆل، پەل، گروپ، گرۆ، گروهـ واژەیەکی کۆنی هەورامییە.

گۆشەنشینی (خەلوەت)نشینی

گەشەکردن پێگەیشتن، هەراشبوون، لێرە مەبەست (تکامل).

لۆهراسپ کەیگوشتاسپ کوڕی لۆهراسپ یان لهرائەسپە، کە پاتشایەکی کۆنی ناوچەی هەورامانی ئێستا

بووە. دەقی ناوەکەی بە ئاڤێستایی "ئەئۆروەت ئەسپە" کە بە واتەی خاوەن ئەسپی توندڕەو.

مامۆستا هیربۆد، ئاهیربۆد، مەوبۆد، ئامۆژگار، ئاهیربۆد لە مەوبۆد گەورەترە.

مانی ماندوو، شەکەت، وشەی کوردی ماندوو پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە «مانی» پێغمبەرەوە هەیە. کاتێک لە زمانی کوردی بە کەسێک کە کارێکی زۆری کردبێت و زۆر شەکەت بێت، دەبێژن مانی نەبی، یان ماندوو نەبی، بە واتەی ئەوەیە وەک «مانی»ت بە سەر نەیەت، یا وەک مانیت لێ نەیەت. کە ئەمەش پەیوەندی بە بەسەرهات و چارەنووسی تاڵ و ناخۆشی مانیەوە هەیە. مانی بناغەدانەری ئایینی مانی‌یە. بڕێک سەرچاوە دەڵێن خەڵکی شاری هەمەدان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە و بڕێکی دی لەسەر ئەو باوەڕەن خەڵکی شاری ماردین لە باکووری کوردستانە، کە ئەو سەردەمە پایتەختی «سلوکیەکان» بووە. مانی لەساڵی 215ی زایینی لەدایکبووە و لە ساڵی 273 یان 276ی زایینی لە «گوندی‌شاپوور، جوندی‌شاپوور» لە سەر دەروازەی شار بە ئازارێکی زۆر هەڵواسرا. مانی کوڕی «پاتەک، فاتەک» لە بنەماڵەیەکی خانەدان بووە، هەر لە تەمەنی لاوی فێری زانست لە هەموو بەشەکانی ئەو سەردەمە بووە. لە دینەکانی بەهدینی و بودایی و جوو و عیسایی و ئایینەکانی ئەو سەردەمە لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوانی کردووە، پاشان لە تەمەنی 24 ساڵی خۆی وەک پەیامهێنەرێکی نوێ ناساند. سەرەتا لە میزۆپاتامیا (بین‌النهرین) دەستی بە بڵاوکردنەوەی دینەکەی کرد، پاشان بە

بۆنەی «فەیرۆز» برای «شاپوور» کە پاتشا بوو و دینەکەی پەژراندبوو، بە شاپووری ناساند و یەکێک لە پەرتووکەکانی بە ناوی «شاپوورگان» پێی پێشکەش کرد. شاپوور لە سەرەتادا فرە ڕێزی گرت و لایەنگرانی مانی بە ئازادی خەریکی چالاکی و پەرەپێدانی دینەکەیان بوون، بەڵام پاشان شا پشتی تێ کرد و کەوتە بەر بێمێهری شاپوور و لە وڵات دووریان خستەوە و دەریانی کرد. مانی لە کاتی ئاوارەبوونی لە هیندوستان و تەبەت و چین، سەردانی کرد و دوای مردنی شاپوور لە ساڵی 272ی زایینی گەڕایەوە بۆ ناو وڵات. «هورمز» جێنشینی شاپوور زۆر بە ڕێزەوە پێشوازی لێ کرد و دیسان ئازادی خۆی لەمەڕ بڵاوەپێدانی دینەکەی وەر گرتەوە. مانی لە ناو فەلەکانی میزۆپاتامیا لە باشووری کوردستانی ئیمڕۆ خەریکی پەرەدانی دینەکەی بوو تا کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی هورمزشا. ئینجا «وەهرام» یان بەهرامی یەک، هاتە سەر تەخت و مانی قۆڵبەست کرد و فەرمانی هەڵواسینی مانی دا، بڕێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن تا پشتوێنەی مانییان لە ناو خاک چاڵ کرد و پەیڕەوەکانیشی لە بەر چاوی خۆی بە پێچەوانە بە سەرەوە لە ناو زەوی تا پشتوێنە چاڵیانی کرد. مانی دەسنووس و پەرتووکی فرەی نووسی، بۆ خەڵکی نەخوێندەواریش ئامۆژگارییەکانی بە چەشنی نیگار و وێنە دەکێشا، بۆیە بە «مانی نیگارکێش» یش بەناوبانگە. پەرتووکە هەرە بە ناوبانگەکانی «ئەرژەنگ یا ئەرتەنگ» بوو. بە کوژتنی مانی لایەنگرانی مانی هەر مانەوە و بە ناو جیهاندا بڵاو بوونەوە و دەورێکی سەرەکییان بینی لە پێشکەوتن و پەرەگرتنی و

بڵاوەپێدانی چاند و هەنەر و پیشەسازی میزۆپاتامیا لە جیهانی ئەو سەردەمە. دینی مانی تا سەردەمی خەلیفەکانی بەغدا مابوو، بەڵام خەلیفەکان فتوای بنبڕکردنی ئەم دینەیان دا. هەر لە تەبەت و چین، تا باشووری فەرانسە ئەم دینە تەشەنەی کرد، بە چەشنێک کە لەرزی خستە پشتی کۆڵەکەکانی مەسێحییەت، بەو جۆرە تا سەدەکانی 13 و 14، لقەکانی ئایینی مانی لەتەک مەسێحییەت کێبەرکێی دەکرد. مانی بێجگە لە زمانی کوردی دایکی خۆی، باش شارەزای زمانەکانی ئارامی و سەریانی و یۆنانی بوو. دەڵێن لە مانی شەش پەرتووک بە سەریانی و پەرتووکێک بە زازایی کۆن ماوە. (بەشێکی ئەم زانیارییانە لە: فەرهەنگی دێهخودا. بەرگی 43 وەرگیراوە).

مەردوم مەردۆم، خەڵک، کۆمەڵگا

مەزدا مەزن، گەورە، بەشکۆ، وشەی مەزدا کە پەسنی ئەهۆرایە، ئێستا لە زمانی کوردی وەک «مەزن» ماوە کە بە واتەی گەورە و بەرز و بەشکۆیە.

مەزدایەسنایی مەزدایەسنایی، مێزدیسەنی، ستایشت و پەرستشی ئایینی ئەهۆرا مەزدا، پێچەوانەکەی دەبێتە «دێویەسنایی»، مامۆستا گیو موکریانی باوەڕی وایە کە مەزدایەسنەیایی لە سێ وشە دروست بووە: «مە» بە واتەی گەورە، «زدا» بە واتەی زانای بێ هاوتا، «یەسنە» بە واتەی پەرستن، دەبێتە زانای بێهاوتای، پەرستنییە بە تایبەتی بۆ ئایینی زەردەشتی (فەرهەنگی کوردستان)

مۆغ (لە پیری مۆغان واتەکەی نووسراوە)

میدیاما میدیا، میدیامانگ، ئامۆزای زەردەشت و سەرۆکی یەکێک لە مەزنترین هۆزەکانی میدیاکان بووە، لە سروودی نەتەوەی کورد هاتووە: ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخەسرەوین...

میزۆپوتامیا بە زاراوەی ڕەسەنی کوردی ژووروو دەبێتە «مەزروبۆتان»، بە زمانی ڕۆژئاواییەکان دەبێتە میزوپاتامیا، هەریمێکی پان و بەرینە کە لە باکووری کوردستان دەست پێ دەکات و لە باشووری کوردستان کۆتایی پێ دێت.

مێهر ئەڤین، خۆشەویستی، گراو، سەودایی، دۆسایەتی، (عاشق، وفا)، لە زمانی کوردی مێهرەبان و مێهرەوان دەوترێت.

مینوویی مەینەڤی، جەوهەری، (معنوی)، ڕازبەر، پەرۆستی، بە واتەی ژیانی مینووی.

ناشایست (حرام)، ئەو شتەی کە مێشکی مرۆڤی ژیر بە ڕاستی نازانێت و زیانی بۆ خۆی و دەور و بەر هەیە.

نوێژ لە دینی بەهدینی پێنج جار لە ڕۆژ نوێژ دەکرێت، یەکەم: لە کاتی «هاوینگا» کە دەکاتەی سپێدەی بەیان، واژەی «فراوین» یا «هاوەنی» لە زاراوەی کرمانجی ژوورو نانخواردنی بەیانییانە. دووهەم: «ڕاپیتۆنگا» لە کاتی خۆرهەڵاتن تاکوو نیوەڕۆ. سێهەم: «ئۆزەیرەنگا» کە دوانیوەڕۆیە. چوارەم: «شێوانگا» لە کاتی ئێواراندا کە بە نوێژی شێوان ناو دەبرێت. پەنجەم: «نوێژیشەو» کە شەو دادێت. نوێژێکی تر هەیە کە بە ناوی «کێمنە» کە تایبەتە و زۆر دوور درێژە و پیرۆز دەژمێردرێت کە لە کاتی ڕوودا، یا کاتی

دیاریکراودا دەخوێنرێتەوە و لە زمانی هەورامی ماوە. نوێژەکان بە تاک و کۆ دەخوێنرێتەوە. بێگومان پێش نوێژ، دەستنوێژ دەگرێت و پاشان ڕوو لە ڕۆژ یا ئاگر یا ڕووناکی دەکات و نوێژ دەخوێنرێت. زۆر گرینگە ئەمە بوترێت کە بەهدینان ئاگرپەرست نین و ئاگر ناپەرسترێت، ئاگر و ڕووناکی بەشێکە لە دیاردەکانی ئەهۆرا مەزدای دلۆڤان. لە ڕوانگای دینی بەهدینی 5 جۆر ئاگری جیاواز هەیە: یەکەم بۆرزیسەوە، کە لە پێشگای پیرۆزی ئەهۆرا مەزدا هەیە. دووهەم وەهوفەڕیانە، کە لە ناو لەشی مرۆڤ و گیانلەبەرانی دی هەیە. سێهەم ئاوروازیشتە، کە لە ناو گیادایە. چوارەم وازیشتە، لە ناو هەوردایە. پێنجەم سپەنیشتە، کە بۆ بەکارهێنانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ بەکار دێت و لە هەمان کاتییشدا بە نیشانەی ڕووناکی و پاکی و زانایی لە هەمبەر تاریکی و ناپاکی و نادانی پێناسە دەکرێت.

نۆژەن نووژەن، تازە، نوێ

نۆژەنکاری گۆڕانکاری، تازەگەری، نوێخوازی، (مۆدرنیسم).

نەرین ڕوانگا، بیروبۆچوون، دیدگا، تێڕوانین

نەوازشت نەوازش، بە هەورامی نەوازشن، لاونا.

نیایشت نیایش، (دعا) دەیخوێنن.

وزە هێز، زۆر، توانا

وەهمەن ئەمێشەسپێنت بەهمەن ئەمشاسپەند، وەهومەن، وەهمەن، بەهمەن، بێمەن. هاندەری کامەرانی و بەختەوەری و

پاکی و جاویدانی، سوودگەیەنەری نەمر، ئاگاداری ڕێکوپێکی جیهان.

ویناو چاوی دڵ

هۆرمۆزشید ڕۆژی پێنجشەمە لە هەفتە.

هۆشەنگ پێشدادی هوشەنگ، بە ئاڤێستایی «هەئوشینگە» بە واتەی چێکەر و وەستای خانوبەرە و هەروەها بە واتەی کوڕمردوو. هۆشەنگ کوڕی «فەرواک» کوڕی «سیامەک» کوڕی «مەشی» کوڕی «کەیومەرد، کەیمەرت»، گوایە لە سەردەمی ئەو ئاسن ناسرا و ئاگر کەوتە ڕاژەی مرۆڤ و جەژنی سەدەی بنیات نا و لە پێستی گیانلەبەران پۆشاکی دروست کرد.

هەئورتات ئەمێشەسپێنت ئەمشاسپەند خۆرداد، شادی و ئاوەدانی.

هەپتە هەفتە، حەوتە، حەفتە، حەوتو، بە ئاڤێستایی «هەپتە» بووە، بە هۆی تێپەڕبوونی کاتێکی زۆر گۆڕانی بە سەردا هاتووە، وشەی حەفتە لە هەپتە گیراوە، پیتی «هـ» بووە بە «ح» و پیتی «پ» بووە «ف». پیتی «ح» لە ئالفابێتی زمانی ئاڤێستاییدا نییە.

هەستی بوون، هەموو جیهان و گەردوون، بوون بە واتەی گشتی، هەستی واژەیەکی کۆنی هەورامییە. مەولەوی لە دیوانەکەی دەفەرمێت:

دایم دڵ ڕەنجوور هیجران یارم
زنجیر جەفای زولف نیگارم
خسووس شەرارەی دووری زۆر کەردەن
مەزرەعەی «هەستی»م وای سەبوون بەردەن

کەس بە وێنەی من پڕ مەینەت نەبۆ
گورفتار دۆس بێ بەینەت نەبۆ
هەنجار (هارمۆنی)، **رێگا، ڕەوش، خووخدە، ڕێگای ڕاستی،** (مادە، قانون، ئەسووڵ)، **فەرهەنگی خاڵ، بەرگی**3.
هەوشار 7 **شار،** 7 **کیشەوەر کە لە ئاڤێستا ئاماژەی بۆ کراوە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکەوتووە و «دەشتی هەوشار» هەریمێکی پان و بەرینە و بە جۆرە کە لە ئاڤێستا ئاماژەی پێ کراوە، ئێستاش زۆر ساردە.**
هێزی ئەولەکاری **هێزی ئاسایشت**
یاوەر **بریکار، یاریدەر، هەڤاڵ، پشت و پەنا**
یەگانە **تاک، یەک**
یەل **بێ باک، نەبەز**

سەرچاوەکان

کوردی

زمانی ئاڤێستا. محمدامین هەورامانی

زەرتەشت. عبدالله قەرەداخی (مەلا علی)

زەردەشت. احمد الشنتاوی. شاکر فتاح

فارسی

اوستا. هاشم رضی

اوستا. (برگردان سرود سوم از گاتای زرتشت هات سی از یسنا) دکترعباس ساسانفر

اوستا. هات سی از یسنا. دکترعباس ساسانفر

برگردان گاتها. موبد رستم شهزادی

جغرافیای غرب ایران ـ کوههای ناشناخته اوستا. عمادالدین دولتشاهی

خرده اوستا (جزوی از نامه مینوی اوستا). پورداود

زبان و ادبیات پهلوی (فارسی میانی). ج. تاوادیا. س. نجمآبادی

زمان زرتشت. کیخسرو کشاورزی

سرود هات 29 گاتها (در آغاز پیامبری زرتشت). دکترحسین وحیدی

سرود هات 30 گاتها (دو نیروی همستار). دکترحسین وحیدی

سرود بنیاد دین زرتشت. دکتر محمد مقدم

فرهنگ بهدینان. سروش سروشیان

فرهنگ پهلوی. بهرام فرەوشی

فرهنگ نامهای اوستا 1. هاشم رضی
فرهنگ نامهای اوستا 2. هاشم رضی
فرهنگ نامهای اوستا 3. هاشم رضی
فرهنگ واژەهای اوستا 1. احسان بهرامی
فرهنگ واژەهای اوستا 2. احسان بهرامی
فرهنگ واژەهای اوستا 3. احسان بهرامی
گاتها سرودهای زرتشت 1. موبداردشیر آذرگشسب
گاتها سرودهای زرتشت 2. موبداردشیر آذرگشسب
گاتها سرودهای مینووی زرتشت. موبدفیروز آذرگشسب
گاتها یا سرودهای آسمانی زرتشت. موبداردشیر آذرگشسب
مجموعه اوستا (گاثاها) سرودهای زرتشت. پورداود
واژەنامه پهلوی، پازند (فرهنگ پهلوی). سعید عریان
وندیداد (قانون ضد دیو) 1. هاشم رضی
وندیداد (قانون ضد دیو) 2. هاشم رضی
وندیداد (قانون ضد دیو) 3. هاشم رضی
وندیداد (قانون ضد دیو) 4. هاشم رضی
ویرانەهای تخت سلیمان و زندان سلیمان. رودلف ناومان. فرامز نجدسمیعی
ویسپرد. پورداود
یاداشتهای گاثاها. پورداود
یسنا 1. پورداود
یسنا 2. پورداود
یشتها 1. پورداود
یشتها 2. پورداود

Lekolin. Instito Berlin
Avesta. 21/22.11.2001 In Berlin
Avesta. Ved Kaj Bar end Jes Asmussen
Politikens Bog Om De Store Filosoffer
De religiøse ideers Historie. Mircca Eliade. Bind 1
Religion Livsanskuelse. Gyldendals
Religionsleksikon Redaktion Finn Stefansson og Asger Sørensen

پێرست:

1 ـ کورد و ئایین
2 ـ چۆنیەتی سەردەمی زەردەشت
3 ـ زەمانی هاتنی زەردەشت
4 ـ بنەماڵە و شوێنی لەدایکبوون و کۆچبەری زەردەشت
5 ـ ئاڤێستا و زمانی ئاڤێستا
6 ـ گاثاکان، زەند، پازەند
7 ـ گاثاکان پەیامی زەردەشتە
8 ـ 40 ئەستێرەی گەشی ناو گاثاکان
9 ـ ژن و ئایینی بەهدینی
10 ـ گاثاکان، کۆنترین بەشی ئاڤێستا، سرووودەکانی ئاشوو زەردەشت
11 ـ فەرهەنگۆک
12 ـ سەرچاوەکان
13 ـ پێرست

www.kurdavesta.tk
avesta1@msn.com
avesta1@ofir.dk
kurdavesta@msn.com